# بارزانیی نەمر

## لە ١٠٠ ساڵەی بوونیدا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

ئاراس

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# بارزانیی نەمر

## لە ١٠٠ ساڵەی بوونیدا

## کەسایەتی و چەند وانەیەک لە ئەزموونە دەوڵەمەندەکەی

کۆمەڵە وتار

سەرباز هەورامی



ناوی کتێب: بارزانیی نەمر لە ١٠٠ ساڵەی بوونیدا – کۆمەڵە وتار
نووسینی: سەرباز هەورامی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٢٤٢
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
پیت لێدان و هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: نسار عەبدوڵڵا
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر
ژمارە (٣٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

# له جیاتی پێشەکی

ئەم ئازادیەی بەهیمەتی ئێمە و بارودۆخەکان بەدیمان هێنا، دەلیڤەی ئەوەی بۆمان پەیدا کردووە لە زۆر مەیداندا کار و چالاکی بنوێنین.

یەک لەم بوارانە بواری نووسینە...

باکگراوەندی نووسینەکانم، ئەزموونی ژیانمە کە لای من وا لێک دراوەتەوە ئەزموونەکان لە تیۆرەکان مەیدانیتر و سەرکەوتووترن.

گرفتی من نەبوونی دەرفەت بووە بۆ نووسین کەچی کە دەرفەت ڕەخساوە لە بواری هزری نەتەوەیی بەئاراستەی بەهێزکردنی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانیدا کارم کردووە.

تەوەرەکان کە وتارەکان و هەندێک لە لێکۆڵینەوەکان ئەگەرچی دوورودرێژیش نەبن بەسەریدا دابەش بوون، بریتین لە هەڵسەنگاندنمان بۆ ڕۆڵی بزاڤی ڕزگاریخوازیمان و بەرهەمی سەرکردەی ڕووحیمان بارزانیی نەمر و وەک ئەم سیستەمەی کە من بەسیستەمی جیاوازیی کۆمەڵایەتی ناوم بردووە و ڕابوونەوەمان لەناویدا کە بەرئەنجامی پێوەندییە هەرە دروستەکانی بارزانیی نەمرە جا ئەم پێوەندییە لەگەڵ خۆیدا بن یان لەگەڵ دەوروبەر کە هەروەک باسیم کردووە پێوەندیی سەرکەوتووانە لەگەڵ دەوروبەر لای بارزانی مستەفا دەگەڕێتەوە بۆ لۆژیکی پێوەندییەکانی بارزانیی نەمر لەگەڵ خوودی خۆیدا.

لەلایەکی تر گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵات بەشێوەیەکی تایبەتی و هی دنیاش بەشێوەیەکی نۆرماڵ و گشتی ئێمە پێوەندیدار دەکەن. نەخاسمە ئەم گۆڕانکارییە کە مێژوو سەرچاوەکانی خۆی لێوە ڕاکێشایەوە ئەویش ١١/٩/٢٠٠١ بوو.

ئەمجارەیان لەجیاتی شانۆی سۆسیالیستەکان و کاپیتالیستەکان، شانۆ بوو بەشانۆی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی لەلایەک و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی



لەلایەکی تر...

ئەم شەڕە لە نێوان هەردووک بەرەدا گەیشتە عێراق و کوردستانیش چونکە لە بنەڕەتدا دەمێک بوو بەعسیزم عێراقی کردبووە هێلانەی تیرۆریزم. ئەو واقعەش وای کرد لە نووسینەکانی ئەم چەند ساڵەمدا خۆم و قەڵەمم ناو بەناو لەسەر ئەم دیاردە دزێوە بەدەنگ بێین.

ئەمەوێت نەچمە ناو ناوەرۆکی بابەتەکان چونکی بابەتەکان خۆیان مەوجودن بەڵام لە چەند دێرێکا ئەوە ڕوون بکەمەوە کە بۆچی ئەم بابەتانەم لەم کتێبەدا کۆکردوونەوە.

لە ڕاستیدا ئێمە وەک کورد ماندووترین کەسانی ناو مێژووین جا چەندە لەم مێژوودا سەرکەوتووین ئەوە بابەتێکی ترە، مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیشمان مێژوویەکی ماندووە کەچی بەهەمیشە ئەم کەموکورییە لە خۆماندا ئەدۆزینەوە کە مێژووی ژیانمان نانووسینەوە، ئێمە لە نووسینەوە زۆر هەژارین جا من باس لە مێژووی خۆم ئەکەم وەک تاکێک کە کەمتەرخەمم لە نووسینەوەی مێژووی ئەزموونەکانم ئا لەگەڵ ئەوەدا بیرم بۆ ئەوە چوو کە با غەدر لە مێژووی نووسینەکانم نەکەم چونکی هەر بابەتە و لەئان و ساتێکا دەربڕی سەروەختی خۆیەتی لاشم وایە (هەرچەندە ئەبێ خوێنەر ئەم گەواهیە بدات یان نەیدات). خۆم لە نووسینی سەرپێیی (سطحی) پاراستووە و ویستوومە بچمە ناو ناخی زۆر بابەتی سیاسی، سایکۆجڤاکی، کۆمەڵایەتی و ڕەخنەی هەڵوێستە سیاسی و کۆمەڵایەتیی و تاکییەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە ئەبێ زیاتر لە ئەرکەکانماندا کراوە بین.

لە کۆتاییدا ئەمەوێت سوپاسی بەڕێز بەدران ئەحمەد بەڕێوەبەری دەزگای ئاراس و کارمەندە دڵسۆزەکانی بکەم کە ئەرکی بەکتێب کردنی ئەم وتارانەیان گرتە ئەستۆ و لەم شێوە ڕێکوپێکەدا چاپیان کرد.

سەرباز هەورامی

# مستەفا بارزانی

## سەرکردە لە ڕێکخستنی پێوەندییەکاندا

## ١

### سەرەتا

کاتێک هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی کە بارزانیی نەمر لە ژیانی پڕ لە کار و تێکۆشانی خۆیدا، توانی زۆر شت بەدی بهێنێ، لە نەبوونەوە «بوون» دروست بکات، جارێکی تر هێزێکی نوێ و گەرم بکاتەوە بەبەر تواناکانی کورددا.. بێ شکم کە باسەکەمان ڕامان دەکێشێتە ناو ڕەهەندێکی تر لە باس و بابەت، لە توێژینەوە و ڕاڤەکردن ئەویش، وروژاندنی پرسیارە، پرسیارێک کە دەبێ وەڵامی بدەینەوە، پرسیاری ئەوەی داخۆ ئەمانە چۆن بەدی هاتن، یان دروست وایە بڵێین بارزانیی نەمر ئەم کاودانانەی چۆن بەدی هێنان.

بەداخەوە، لە خوێندنەوە و بەدواداچووندا، لە توێژینەوەدا، بێ دەنگی هەیە، بێ دەنگییەک کە جگە لەوەی زۆر لاپەڕەی مێژوو بەکاڵی دەهێڵرێتەوە چیتر نییە، دەنا دەبوایە و حەق بوو زۆر زیاتر و فراوانتر و قووڵتر دەربارەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی خەباتی بارزانیی نەمر قسە کرابایە و لەم ڕووەوە ئەنجامگری «استنتاج» گرنگ کرابا.

ناکرێت لایەکی بابەتەکە سەرقاڵمان «مشغولمان» بکات و زاویەکانی ترمان لە یاد نەبێ، دەگوترێت و دەڵێن بارزانیی نەمر بەهێزە، ئازایە، لێهاتوو بوو، هەیبەتی زۆربوو، لێبوردنی زۆر بوو، ئەوانە بە ڕەئی من هەموویان یەک واتا ئەدەنە دەستەوە ئەویش ئەوەیە «بارزانیی بەهێزە» یان بارزانیی نەمر بەهێز بوو..

لێرەدا پێویستە لە دوو شت بکۆڵینەوە:



١- بارزانیی نەمر چۆن هێزی بەرجەستە کرد؟

٢- چۆن کەڵکی لە هێز وەرگرت؟

بەر لەوەی بڕۆمە ناو ناوەڕۆکی ئەسڵی مەتڵەب دەمەوێت ئەوە بەخوێنەر بڵێم:

وەنەبێ بەندەش کە سەرەتا بابەتەکەم بەرەخنەیەکی بچووکەوە دەست پێ کرد، بتوانم دەربارەی هەموو ژیان و لایەنەکانی ژیانی بارزانیی نەمر بنووسم، بەڵام بە پێویستی ئەزانم زیاتر بابەتەکان لە ئێستادا لێیان بتوێژرێتەوە.

بارزانیی نەمر سەرکردایەتی گەلێکی ئامادەی نەدەکرد، سەرکردەی گەلێکی ئامادە نەبوو کە خاوەنی سەرجەم پێویستییەکانی ژیانی سیاسی و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیەتی، بارزانیی نەمرسەرکردەی گەلێک نەبوو کە خاوەنی نیشتمانی ئازاد بێت، خاوەنی مێژوویەکی بێ کەند و کۆسپ بێت، خاوەنی دەستووری ئۆردووی سەربازی بێ، خاوەنی هێزی بەرهەمهێنەری بەرهەم و هێزی کاری فکری بێ، خاوەنی پێوەندی یە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی بێت.

بەڵکو بارزانیی نەمر هاتە سەر خاکێکی داگیرکراو، ناوچەیەکی پشتگوێ خراو، ئابوورییەکی داڕووخاو گەلێکی بێ دەوڵەت، هەر وەک ڕیچاردسیم لە کتێبەکەیدا «کورد لە ڕێ ی دانپیاناندا» دەڵێت: گەلێک کە قوربانی دوای شەڕی یەکەم بوو..

حیکمەتەکە لێرەوە دەست پێ دەکات «سەرکردایەتی بۆ بارزانیی نەمر لێرەوە حەلاڵ دەبێ» کە خۆی زەمینەی ئەوەی خولقاند سەرکردایەتی تیادا بکات، چەندین جار بەرگوێمان دەکەوێ باس لە توانا جۆربەجۆرەکانی سەرکردە بلیمەتەکان دەکرێت جێ پەنجەیان بەسەر ڕێڕەوی پێشکەوتنەکانی خۆیان لە پێناوی گەل و وڵاتەکانیان باس دەکرێت، کەچی من لەو باوەڕەدا نیم لەسەر ئەم زەوییە بەتایبەتی لە بارودۆخەکانی دوای جەنگی یەکەم هیچ

سەرکردەیەک وەک بارزانیی نەمر هاتبێتە سەر وێرانەیەک کە تەنیا خەڵکەکە لە شێوەزاری یەکتر تێ نەدەگەیشتن، تەنیا کەسانێکی ئەوتۆ نەبوون کە سەرنج بدەنە کورد و بیناسن، بەڵکو گرەو لەسەر سەروەت و سامانەکەی لەسەر وڵاتەکەی دەکرا داخۆ کێ زیاتری بەردەکەوێت.

بارزانیی نەمر توانی زاڵ بێت بەسەر هەردوو گرفتەکەدا، لە لایەک گرفتی ناوخۆیی لەلایەک گرفتی دەرەکی و هی هەموو ئەم چەپەر و دیوارانەی کە نەیاندەهێشت دەنگی کورد و ڕەنگی کورد بگاتە دەرەوە.

بۆیە بارزانیی نەمر زیاتر و زیاتر شایانی «ڕێز و ناسینە» شایانی ستایش و ستایشە نەتەنیا لەلایەن ئێمەوە، چونکە ئەو بۆ ناسین و ستایشی نەدەکرد، بەڵکو لەلایەن مرۆڤایەتییەوە، چونکە بۆ مرۆڤایەتیی کرد. «ئەو» تەنیا ناوە سادەکەی خۆی بەس بوو، زیاتر خزمەتی مرۆڤایەتی پێ گرنگ بوو.

## بارزانیی نەمر لە پێوەندیی خۆبەخۆ و دەوروبەر و دەرەوەدا

هەرچەندە زەمینە بۆ کارێک هەبێ پێویستە هێزت هەبێ کاری تێدا ئەنجام بدەیت ئینجا سوودی لێ وەربگریت، خۆ ئەگەر زەمینەش نەبێ دەبێ بەهێز بی تاکو زەمینە بخوڵقێنێ.

هێز چییە؟ «پێم وایە هێز ئەو توانا فکری و جەسەدی و سایکۆلۆژییەیە کە مرۆڤ ئامادە ئەکات بتوانێت کار ئەنجام بدات».

هێز بەدی نایەت ئەگەر مرۆڤ خۆی و کەسایەتی و پێوەندییەکانی هاوئاهەنگ نەکات و ئامرازەکانیش بۆ ئەم هاوئاهەنگییە بەرجەستە نەکات.. هێز بەدی ناهێت ئەگەر مرۆڤ باش دۆست و دوژمنەکانی خۆی دەستنیشان نەکات، لێرەشدا مەبەستم لە پرۆسەی شۆڕش و کاری سەرکردایەتی کردنیەتی کە پارتیمان لەسەر ڕێبازی بارزانی پێی هەڵدەستێ و بابەتەکەشم لەسەر پێوەندی یەکانی بارزانیی نەمر ئەدوێت.



ئەم سەرکردایەتییانەی بڕیار دەدەن و دروشم دەدەن و بێ دیراسەکردن و ناسینی کات و شوێن شەڕکردن ئەنجام دەدەن تەنیا بۆ بڵندکردنی ناوبانگیان ئەمە بەکار دەهێنن و ناتوانن سەرکەوتوو بن و دوارۆژ بۆ خۆیان مسۆگەر ناکەن، لە کێشەدا دەژین، کێشەی نەخوێندنەوەی ئەم شوێنەی بزاڤی تێدا دەکەن، کێشەی ڕەهەندەکانی ڕابردوو و داهاتوو، بۆیە ناتوانن بەرگەی گۆڕانکارییەکان بگرن و ئەوەشمان لە دنیادا لە سەدەکانی ١٨و١٩و٢٠دا، هەروەها لە دەوروبەرمان و لەدوای سەدەی نۆزدەهەمیش لە کوردستاندا بینی، کاتێک ئێمە باس لە حیکمەتی پارتیمان دەکەین، لە هەردووک بواری «مانەوە» و«بەهێز» بوونیدا کە چۆن کاری شەپۆلەکان، شەپۆلە سامناکەکانی گەلەکۆمە دەولی و ناوچەیی و ناوخۆییەکان ببڕێت و بگاتە بەرپاکردنی ڕاپەڕین و هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی (٤) کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ڕاستەوخۆ ئاماژە ئەدەینە توراسی بارزانیی نەمر هی کەلتووری، هی ئایدیایی کە سەرچاوە گەشەکەی ڕێبازی «بارزانی باوکە». دەبێ لێرەدا باسی شێوازێکی تایبەت لە هەڵسوکەوت و پێوەندی بکەین کە ئەزموونی پراکتیکی بارزانیی نەمر مەرجەعیەتیەتی.

ئەوەیە وامان لێ دەکات کەسایەتی بارزانیی نەمر لە ڕووی پێوەندی یەکانیش هەڵسەنگێنین. بێ شک مرۆڤ و پێکهاتە ماددی و مەعنەوییەکانی، ڕووحی و سایکۆلۆژییەکان واتە پێوەندیی نێوان ئەندامەکان، یان ڕێژەکان، یان دۆسیەکان.

## پێوەندییە خۆبەخۆییەکانی بارزانیی نەمر

بارزانیی نەمر کەسایەتییەکی دامەزراو بوو، بەهێز و لە ڕووبەڕووبوونەوەدا میهرەبان و بەهەیبەت بوو، سەروسیمای سەرکردانە و لێوەشاوەبوو ئەم تایبەتمەندییانەی پێ ڕێکخستنی ڕیزەکانی خەڵک بوو ئەوەش جەوهەرەکەی بوو ڕەنگی دابووە سیمای ئەو.

«ئەو» بەتوانا بوو، چونکە پێوەندییە ناوەکییەکانی تواناداربوون. لێرەدا بابەتەکە رامان دەکێشێتە ناو ئەوەی ئاوڕ لە هەندێک شت بدەینەوە، نەترسانی بارزانیی نەمر و جەسارەتەکەی یەک لەو شتانەی ناو شتەکانیەتی کە دەبێ لەم بابەتەدا باس بکرێن.

– پێوەندیی خود لەگەڵ ترسدا چییە؟
– پێوەندیی خود لەگەڵ شادیدا چییە؟
– پێوەندیی خود لەگەڵ جەستەدا چییە؟

مرۆڤێک نەترسێت چۆن ڕەفتار دەکات؟ مرۆڤێک زیاتر لە غەم و دەرد و کەسەر شادی بۆ خۆی و دەوروبەری بەرهەم بهێنێ مرۆڤێکی چۆنە و چۆن کار دەکات؟، مرۆڤێک جەستەی پتەوبێ، داڕێژراوبێ، ماسولکەکانی بەهێزبن و بەزیپک و هەڵسوڕاوبێ، نەک قەڵەو و توانای هەڵسوڕانی نەبێ چۆن ڕەفتار دەکات و ئەم پێکهاتە فرە چەشنانە چ ڕۆڵێک لەسەر سایکۆلۆژیای مرۆڤەکە دادەنێت؟ بێ شک ئەوانە هەموویان لە تەکوینکردنی کەسایەتی مرۆڤدا ڕۆڵیان هەیە و نەخش دەبینێت، بێ گومان هەر کارێک وزەی تایبەتی خۆی دەوێت کە لەو هێزە دێت خودی کەسایەتییەکە پێک ئەهێنێ.

کاتێک بارزانیی نەمر بیەوێت لە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ «پێشمەرگە»کانی و جەماوەری گەلەکەیدا سەربکەوێت دەبێت لەناو کەسایەتی خۆیدا رووحیەتی پێوەندییەکانی بەهێزبن، کە بێ گومانین و کەسیش نییە ئەم ڕاستییە بەڵگە هەڵنەگرە نەسەلمێنێ کە (مستەفا بارزانی) نەمر یەک لە سەرکردە هەرە سەرکەوتوو و سەرسوڕهێنەرەکانی مێژووە کە خۆشەویستی پێشمەرگە و کادر و فەرماندەکان و سەرجەم جەماوەری کوردستانیش بوو، بێ شکم ئەوەش تەنیا کۆک بووی بارزانی نییە لەگەڵ هێڵە سیاسی و پێشمەرگایەتی و جەماوەرییەکەی، بەڵکو سەرچاوەکەی کۆکبوونی بارزانیی نەمرە لە پێوەندییە خودییەکانی خۆیدا



لەگەڵ خۆیدا. لێرەدا پێم وایە (مارتن ڤان براونێسن) لە وتارەکەی ڕۆژی ١٤/ئاداری/١٩٩٩ لە پەرلەمانی بەریتانیا کە بەبۆنەی ساڵوەگەڕی لە دایکبوونی بارزانیی نەمر خوێندییەوە باش لەم هەدەفەی داوە کە دەڵێت «بارزانی ناوبانگێکی بەهێزی هەبووە تەنانەت ناحەزەکانی پێشووی مەلا مستەفاش لە مەزنی کەسایەتی ئەو سەرکردەیە ئاگادارن لە ڕاستیدا مەلا مستەفا ناکۆکی لەگەڵ خۆی و ژیانیدا یەکجار کەم بووە، ئەو سەرکردەیە بەرچاوترین نوێنەری گەلی کورد بووە».

(ئەنتۆنی چیخۆف) دەڵێت(مرۆڤ ئەم شتەیە کە باوەڕی پێیەتی).

هەروەها «تۆماس هنری هاکسلی» دەڵێت «گەورەیی ژیان لە زانستدا نییە لە کردەوەدایە»، «جان مۆڵتۆن» دەڵێت «هۆشی ئێمە جێگایەکە کە لەودا بوونی ئێمە، بەهەشت بە جەهەنەم و جەهەنەم بە بەهەشت دەگۆڕێت».

مەبەستم لە هێنانی ئەم وتانەی سەرەوە ئەوەیە کە بێ دوودڵی خوێنەری بەڕێز بهێنمە سەر ئەو باوەڕەی کە ستوونەکانی باوەڕی بارزانیی نەمر زۆر بەهێز بوون، سایکۆلۆژیای هێز و نەترسانی تێدا پتەوبوون، جگە لەو پێشمەرگە و فەرماندانەی لەگەڵی بوون و جگە لە شایەتی ڕاستەوخۆی مامۆستا هەژاری شاعیر لەسەر جەسارەتی بارزانیی نەمر. پێ دەچێ مامۆستا عەزیز محەمەد باشی پێکاوە و تارادەیەک بنکەی جەسارەتی خۆڕاگری «بارزانیی نەمر»ی چاک دیاری کردووە کە دەڵێت: (بارزانیی لەناو سەختیدا لە دایکبوو، هێشتا منداڵ بوو گوێ بیستی چەوسانەوە و گرتووخانە بوو تیایدا ژیا).

من پێم وایە و بەپێی ئەم ئەنجامگیرییەی لە خوێندنەوەی بابەتە سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژییەکانیش وەرم گرتووە هاتوومەتە ئەم باوەڕەی کەسێک پێوەندییەکانی خۆی بەخۆیەوە بەهێزبن دەتوانێ پێوەندی بەهێز لەگەڵ دەوروبەری ساز بکات و بەپێچەوانەشەوە وایە.

«بارزانیی نەمر» سەرەڕای ئەوەی کەسایەتییەکی بەهێز و زۆر بەهێز بوو، دووربوو لە هەڵسوکەوتی وشک و زمانی باوکسالارانە «ئەو» هەردەم وەک چیایەک بەهێزبوو، وێڕای ئەوەش ئەزموونەکانی خۆی دەدانە دەوروبەری خۆی و فێری تێکۆشانی دەکردن.

یەکێک لە باوەڕە گەورەکانی بارزانیی نەمر ئەوەبوو کە پێی وابوو گەورەیی بۆ میللەتە و دەبێ هەموو خزمەتکاری میللەتی خۆ بن، واتە «ئەو» پێی وایە کاتێک مرۆڤ گەورەیە کە گەلەکەی گەورە بێ، گەلێکی بێ هێز، ئەندامەکانیشی بێ هێزن، بەپێچەوانەشەوە.. بۆیە بارزانیی نەمر ناو و ناوبانگ و شۆڕشی بۆ کورد دەویست نەک بۆ خۆی، حەزی دەکرد هەر بەناوە زۆر سادەکەی بانگ بکرێت.

کەسێک هەمیشە بەشک بێ لە دەوروبەری بێ گومان ئەم شکە پێوەندیی خودی ئەم مرۆڤە بەدەوروبەرەوە لاواز دەکات و تاڕادەیەک تێکی ئەدات. لەم بارەوە بارزانیی نەمر زۆر لێبوردوو سینگ فراوان و باوەڕیشی بە هەڤاڵەکانی هەبوو «ئەو» کە خاوەنی پرنسیپی گەورەو باوەڕی گەورە بوو هیچ کاتێک خۆی خەریکی بابەتی بچووک نەئەکرد، لەم بارەیەوە مامۆستا عەزیز محەمەد دەڵێت «بارزانی دوور لە بازنەی بچووکی ڕاستەوخۆ لە ئالۆزییەکانی کێشەی کورد و پەلوپۆپەکانی ئەو کێشەیەی دەڕوانی».

سەرەتا ئاماژەم بەوە داوە کە پێکهاتەکان = بەپێوەندییەکان و سەرجەم بابەتە بەرجەستە کراوەکان لە پێوەندی نێوان شتەکانی تر پێک دێت، هەروەک مرۆڤ لە پێکهاتەی پێوەندییەکانی چەندین ئەندامی لەش پێک دێت، هەروەک چۆن دینەمۆیەکی ئۆتۆماتیک لە چەندین پێکهاتە پێک دێت و پارت و دەوڵەت و دامودەزگاکانیش بەهەمان شێوەن.

پێکهاتەی هەریەک لەم شتانە چ زیندووەکان «گیانداران» چ کارەبایی یان تەشکیلییە سیاسییەکان لە «گیانداران»دا (مرۆڤەکان) پێی



هەڵدەستن و چەند بابای پێ هەڵسا و یان ئەم سەرکردەیەی بەکارەکە هەڵدەستێ تواناداربێ ئەوەندە زیاتر و پتر دەتوانێ کۆسپەکان بشکێنێ و بەچوست و چالاکی و لێوەشاوەییەوە کاری خۆی ئەنجام بدات.

١

ئەگەر بابەتەکەش لەسەر خودی توانای کەسایەتیی چڕ بکەینەوە، دەتوانین بۆ «بارزانیی نەمر» بڵێین ئەم شتانە یان لایەنانە کاریان لە بەهێزکردنی کەسایەتیی ئەو هەبووە، کاریان کردۆتە سەر دۆخی بەهێزی پێوەندییە خۆبەخۆییەکان:

١- شوێن، دەوروبەر «محیط»: شوێن هەر لە منداڵییەوە هەتا گەورەبوون کار دەکاتە سەر سەرجەم لایەنە سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و هەروەها توانا جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ.

دەوروبەرێکی بەهێز، مرۆڤی بەهێز بەرهەم دێنێ، یان ڕاستتر وایە ئاوا ئاماژە بدەینە بابەتەکە « پێدەچێت دوژمنان فرسەت نەدەن تۆ بەهێزبیت یان دەوروبەرت بەهێزبێ، کەچی دۆخێک بەهۆی ئەم هاوکێشەیە بەدی دێت کە توانای خوڵقاندنی هێزی هەیە. بۆ نموونە پێشهاتەکانی دوای جەنگی یەکەم و بگرە لەم جەنگەش بەنسبەت بارزانییەکان و خودی خانەوادەی «بارزانیی نەمر» بەشێوەیەک بوون کە کادری لێوەشاوە و سەرکردەی گەورەی مێژوویی بخوڵقێنێ سەرەڕای زۆر لایەنی تر، کە لێرەدا فرسەتی ئەوەم نییە ئاماژەی پێ بدەم، ئەوەش لەبەر بڵاونەکردنی ئامانجی بابەتەکەم».

دەوروبەرێک کە «بارزانیی نەمر»ی تێدا لە دایک و گەورەبوو دەوروبەرێکی سیاسی و پڕ لە جموجۆڵ و ئەزموونی گەورە بوو، ماڵبەندی ڕۆشنبیری ئایینی ئەو کاتە و هەروەها کوردایەتی بوو، ماڵبەندی عەدالەتی چڤاکی و لێک تێگەیشتنی خەڵکی بوو..

لە هەمان کاتدا ناوەندی سەرەکیش بوو بۆ شەرێک کە کورد لە پێناوی

مانەوە و بوون و سەرکەوتندا دەیکرد.

٢- خێزان: باسی خاڵی یەکەم هی دووەمیش وەڵام دەداتەوە، بەڵام ناشتوانین لە یەکتریان بدەین، کەچی دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین کە دەوروبەر کار لە خێزان دەکات و خێزان نزیکترین و کاریگەرترین قوتابخانەی پەروەردەی «تاک»ە. باوەڕەکانی ئەم خێزانە، پێوەرەکانی، ئامانجەکانی، پێوەندییەکانی چین و چۆن و بۆچین؟ بەگوێرەی ئەوە ڕۆڵەکانی خۆی بەرهەم دەهێنێ.

٣- باوەڕ: باوەڕ هۆیەکی هەرە بەهێزی سەرکەوتنە؛ پێغەمبەرانیش پشت ئەستوور بەباوەڕی خۆیان سەرکەوتوون، بەتایبەتیش پێغەمبەری موسڵمانان «محمد»، حەزرەتی «مەسیح» و «موسا» درودی خوایان لێ بێت و چەندین نموونەی تر، من لێرەدا مەبەستم لە باوەڕ هەر تەنیا دین نییە وەک ئایین، بەڵکو باوەڕ و قەناعەتی مرۆڤە بەو کارەی ئەنجامی دەدات، بۆ بابەتی «بارزانیی نەمر» و پێوەندییەکان مەبەستمە بڵێم ئینتمای «بارزانیی نەمر» بەدۆزەکەی زۆر بەهێز بوو، هەموو ژیانی خستبووە پێناو کێشەی کورد، مێژوو شاهیدە هیچ وەختێک (ئەو) نەیویستووە خزمەت بەخودی خۆی بکرێت یان لە لایەن دەسەڵاتدارانی عێراق و شوێنی ترەوە ئیمتیازی بدرێتی، ئەوەش بەهۆی گرێدانی(ئەو) بەدۆزێکی گەورەتر و پیرۆزترەوە و باوەڕی بێ سنوور بەم دۆزە بەدی هاتووە.

٤- تێگەیشتن و کردار: بێ گومانین لەوەی هەر مرۆڤێک چەندە توانای تێگەیشتنی هەبێ لە دەوروبەر و خودی پێکهاتە ناوخۆییەکانی، ئەوەندە دەتوانێ عاقڵانە هەنگاوەکانی بۆ پێشەوە بهاوێژێت لەم بارەیەوە «بارزانیی نەمر» زۆر ناسراوە. هیچ بڕیارێکی نەداوە ئەگەر هەڵی نەسەنگاندبێ،(ئەو) کەسایەتێکی بەرزی زانستیخواز بوو، هەر بۆیەش لەسەر دەستی (بارزانیی نەمر) لە مێژوودا بۆ یەکەمین جار



پارتێکی بەهێزی بۆ کورد دروست کرد، بوون بە خاوەنی «پارت» بەتەنها گرنگ نییە، پێشتریش پارت و ڕێکخراو و کۆمەڵە هەبوون، کەچی جیاوازییەکە لێرەدایە ئەوان (واتە پارت و ڕێکخراوەکانی بەر لە پارتیمان) سەرەڕای دڵسۆزی و خەمخۆری و نیشتمانپەروەرییان بۆ دۆزی گەلەکەیان، نەیان دەتوانی وەڵامی پێویستی ئەو کاتەی ژیانی شۆڕشی کورد بدنەوە، کورد پێویستی بەپارتێکی بەهێز بوو، کە لەلایەک سیاست و لەلایەک شەڕ بکات، ئەوەش واقیعی ماڵی سەرجەم سیاسی و چڤاکی و ئابووری ئەو کاتە بوو.

«بارزانیی مستەفای بەتوانا» پارتێکی سیاسی شۆڕشگێڕی دوور لە مۆرکی تیرۆریستی دروست کرد و هیچ کاتێک ئەم توانایە لە کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و سیاسییە سادەکاندا بەرجەستە نابێ.

بارودۆخی ژیانی کوردستان و ئەم بوومەلەرزە سیاسییانەی پیایدا دەرباز دەبوو زۆر دژواربوون، هەر بۆیەش دەرکەوتنی سەرکردە لەناویا هەروا کارێکی ئاسان نەبووە، بەڵکو پێویستی بەوە بووە سەرکردەیەکی تێدا دەربکەوێ کە ئەم سەرکردەیە تەواوکەری بارودۆخ و ڕەخساوە نەتەوەییەکان بێ، توانای سەرکردایەتیکردنی کێشەیەکی ئاوا زەحمەتی هەبێ، لەناو کاروانی مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی وەک مێژووی کوردستاندا لەناو واقیعی مێژووی سیاسی و کولتووری کوردیدا پەیدا بوونی «بارزانیی نەمر» دیاردەیەکی دەگمەنە و، کەچی درەنگ بەدی هات هەرچەندە، درەنگ پەیدابوونیشی پێوەندی بەبارودۆخە دەرەکی و ناوەکییەکانی کوردەوە هەیە..

کە دەڵێم درەنگ بەدی هات مەبەستم بەراوردکردنی لەگەڵ سەدان ساڵ ژیانی ژێردەستیی گەلەکەمانە، کەچی ئەگەر بەتەنها باس لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی و کاروانەکانی دوای ئەم جەنگە بکەین، ئەوە کورد شانسی هەبوو زوو «بارزانیی نەمر»ی لە خەباتدا وەک سەرکردەیەکی هەرە

گەورە بۆ پەیدا بوو.

دەتوانم لە ئەنجامی ئەم بەشەی ئەم باسە کورتەدا، ئەوە بڵێم کە «بارزانیی نەمر» خولقاوی ناو بارودۆخی سەخت بوو، بۆیە سروشتی بارزانیش توانای هەڵگرتنی سەختی هەبوو. ئەو توانی بووی لەگەڵ خودی خۆیدا کەسایەتییەکی بەهێزی هەبێت و ئامادەش بێ بۆ پێوەندی بەهێز.

### بارزانیی نەمر لە پێوەندییە خۆییەکانەوە بۆ دەوروبەر

کاتێک مرۆڤ دەتوانێ سەرکەوتن بەدەست بهێنێ کە توانای سەرکەوتنی هەبێ، توانای سەرکەوتن توانای کردنی کاری سەرکەوتووە، سەرکەوتن لە چیدا؟ ئەگەر لەکاردا نەبێ؟ کاریش پێویستی بەهێز هەیە، کێ کاری سەرکەوتوو ئەنجام دەدات؟ کەسێک کە توانای خۆی بەرجەستە کردبێت و، باوەڕیشم وایە کە ئەو کەسە دەتوانێ لە هێزی خۆی کاری سەرکەوتوو دروست بکات کە توانای کەڵک وەرگرتنی هەبێ لە دەوروبەری خۆی. «بارزانیی نەمر» ئەم کەسایەتییە بوو کە هەمیشە باوەڕی بەتواناکانی «تاک» هەبوو، لە هەمان کاتدا «تاک»ی سەرکەوتووی پێ ئەوە بوو کە دەتوانێ لەگەڵ کەسانی دەوروبەری بەهاوبەش بژییێت و کاری هاوبەشیان لەگەڵ ئەنجام بدات، هەردەم و هەرکات ئەو کەسانەی وریا کردۆتەوە کە بەهۆی مەزاجی شەخسیانەوە هێزەکانی خەڵک و پێشمەرگە خراپ دەکەن.

بێ گومانم کە خوێنەری ئەم بابەتە و خەڵکانی تریش لەسەر ئەم باوەڕەن ژیانی شۆڕشی کوردستان واتا ژیانی کاری هاوبەش، کە ئەم هاوبەشییە و پاراستنی ریزی خەڵک مەرجی بنەڕەتی شۆڕشگێڕبوونی هەر کەسێکە و بەپێچەوانەشەوە هەر کەسێک گەلی پارچە کراوی کورد پارچەتر بکات خیانەتکارە بەرامبەر دۆزی گەلەکەمان.

کاتێک «بارزانیی نەمر» دەستی بەخەبات کرد، بەشێوەیەکی خەست «مُرکّز» کاری بۆ ئەوە کرد ئامرازەکانی شۆڕش پێکردن بەرهەم بهێنێ، کورد لە هەموو لایەنێکەوە کە ئامادەیی ئەم ڕابوونە بێ!! ئامادەیی نەبوو،



لە جێگای ئەوە هی هەرە واقیعی بەنسبەتی ئەوسای کورد و جڤاکەکەی ئەوەبوو کە پێویستە ئامادە بکرێت تاکو تێکۆشانی ئازادی پەرە پێ بدات بەچەشنێک کە تێکۆشانێکی شێلگیرانە و سەرکەتووانەی خاوەن هێز و دەسکەوت بێ، ئەم مەبەستەش سادە و ساکار نەبوو بەنیەتی پاک و بێ گەرد و بڕیاری سیاسی و کاری ڕەمزی بەدی نەدەهات پێویستی بەمێشکێک هەبوو کە ڕێبەرایەتی بۆ بکات، پێویستی بەکردەوەیەک هەبوو کە بتوانێت:

١- گیانی هاوکاری و هەڤاڵەتی لەناو سەرتاسەری کوردەکان و ناوڕیزەکانی شۆڕشدا دروست بکات.

٢- یەکێتی ڕیزەکانی جەماوەر دروست بکرێت و ناکۆکییە لاوەکییەکان کەم بکرێنەوە و نەهێڵرێن.

٣- گیانی لێبوردنی نەتەوەیی و ئایینی لەناو ڕەگەز و ئایینزاکانی کوردستاندا لەسەر هێڵی نیشتمانیی قووڵ بکرێتەوە.

لەم بوارانەدا بەتایبەتی لەسەر گیانی لێبوردن لە کوردستاندا، گەورەیی و دووربینی «بارزانیی نەمر» دەبینین کە لە سایەیدا جێ پەنجەی بەمێژووەوە دیارە کە ژیانێکی هاوبەش و پڕ لە لێبوردنی بۆ هەموو لایەک بەدی هێناوە.. کە لە سایەیدا ئەمڕۆ کوردستان نموونەی وڵاتێکی پڕ لە ئاشتی جەماوەری لێبوردنی دینی و هاوکاری نەتەوەیی کوردستانییە.

«بارزانیی نەمر» کەسایەتییەکی بەهێزبوو، لە هێزی خۆی کەڵکی وەردەگرت و هێزی دەوروبەری پێ بەدی دەهێنا، بەهێزی دەوروبەر «کوردەواری» هێزی پێوەندییە دیبلۆماسییەکانی بەرهەم دەهێنا، بەهەمووشیان کورد دەبووە خاوەنی سەنگ و بڕیاری سیاسی.

**هێزی سەرکردە+ هێزی دەوروبەر+ هێزی پێوەندی دەرەکی= ناوەندی سیاسی.**

بەمانایەکی تر دەتوانم بڵێم، پێوەندییە خۆبەخۆییەکانی «بارزانیی نەمر»

لەگەڵ خۆیدا و، ئەو بیروباوەڕ و مەبدەئەی هەیبوو توانی «ئەو» بەهێز بکات و تاکو بەهێزی خۆی پێوەندی ناو ڕیزەکانی جەماوەر و پێشمەرگەش دروست بکات، لە هەردووکیان هێزێک بەدی بهێنێ کە جێگای باوەڕ و حساباتی جدی دنیای دەوروبەر و دەرەوە بێ، ئەوە لە کاتێکدا کە گوتاری «بارزانیی نەمر» ئەوپەڕی شێوازی دیبلۆماسییەتی سەرکەوتووی پێوە دیاربووە، هیچ جارێک مەغرور نەدەبوو، بەڵکو بەعەقڵ و حیکمەت و هوشیارییەوە کارەکانی ئەنجام دەدا و، ئەوەش سەنگێکی زۆری بۆ «بارزانیی نەمر» لە گەلەکەمان دروست کردوە، کە تاکو مێژوو هەیە بەسەرمایەیەکی ڕەمزی دەمێنێتەوە.

## بارزانیی نەمر وەک نوێنەری پێوەندییە نەتەوەییەکان لەگەڵ هەندەرانیاندا

«بارزانیی نەمر» بارودۆخەکانی باش هەڵسەنگاندبوو، دەیزانی شەڕی سارد جموجۆڵە سیاسییەکانی «سڕ» کردووە، دەوڵەتان لە شوێنی جیاواز جیاوازی خۆیاندا بەپێی بەرژەوەندییەکانیان لە هاوکێشە دەولی و ناوچەییەکاندا شوێنیان گرتووە، بۆیە سیاسەتێکی عاقڵانە و حەکیمانە پێویست بوو تا بتوانن شۆڕشێک بەرپا بکەن کە سەربکەوێت. «بارزانیی نەمر» پارتی دیموکراتی کوردستانی دامەزراند ئەو پارتییەی کە:

١- خەڵکی کوردستانی لە ڕیزی کوردایەتی و خزمەت بەگەل و نیشتمان کۆکردەوە.

٢- توانی ببێتە ناوەندێک بۆ سانترالیزەکردنی بڕیار و گوتاری سیاسی کوردی کە بۆ ئەو کاتە هێجگار پێویست بوو.

٣- توانی ئەو دیوارانە بشکێنێ کە کۆسپن لە ڕێگای گەیشتنی دەنگی کورد بە دەرەوە، توانی کورد بە دنیا بناسێنێ.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە سایەی «ڕێبازی بارزانی»دا هێڵی ڕاستەقینەی خەباتی خۆی پاراست، خۆی بەدەست قەدەری شەپۆلەکانی



سیاسەتە پاوانخوازەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە نەداو خۆشی لە کۆنەپەرستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەخنکاند، بەڵکو هەڵگری پەیامی دیموکراسی بوو، هی ئاشتی و پێکەوە ژیان بوو، بەر لە شەش دەیە پەیامێکی هەبوو، کە ئەمڕۆ هەمان پەیام لە دنیادا بەدیلە بۆ ئیدۆلۆژیایەکان و بۆ ناکۆکییە هزرییەکان لەسەر ڕێبازی جۆراوجۆردا.

ئەو پیاوێکی دیبلۆماسی بوو... سەرکەوتوو بوو، لەم وێستگەیەوە دەتوانم بڵێم دیبلۆماسییەت هاتن و چوونی زۆر نییە بۆ ناوەند و شوێنی جۆراوجۆر، زۆری ژمارەی وتار و قسەی جۆراوجۆریش نییە.

دیبلۆماسییەت متمانەیە، تۆ چەندە قەناعەت بۆ بەرامبەرەکەت دروست دەکەیت کە پارێزەری بەرژەوەندی هاوبەشی یەکترن، تا چەند بەیەکگەیشتن و نزیککردنەوەی ڕا و نیگایەکان خزمەتی هەردووک لا دەکات.

«بارزانیی نەمر» لایەنگری چارەسەری دۆزی ڕەوای کورد بوو، لەم پێناوەش هەرچی لە توانایدا هەبوو کردی، کەچی «ئەو» خۆی لەناو شەپۆلەکانی شەڕی سارددا بزر نەکرد. زۆر کەس پێی وابوو «بارزانیی نەمر» لایەنگری سۆڤیەتی ئەو کاتەیە، هەتا لە کاتێکدا هەردووک لایەنی «ئەمەریکای کاپیتالیست» و «ڕوسیای ئەنجوومەنی» دژ بەیەک بوون، زۆر کەس دەیگوت بارزانی لەژێر کارتێکردنی دروشمگەلێکی سۆڤیەتدایە کە دەگوترا:

- ئیمپریالیزمی ئەمەریکی دژی گەلانە.
- پێویستە مارکسی بی تاکو ڕزگار بی.
- پێویستە خەباتی ئینترناسیونالیستی بکەی... هتد.

بەڵام «بارزانیی نەمر» هەمیشە لە پێوەندییە دیبلۆماسییەکانیدا بەرژەوەندی گەل و وڵاتی خۆی بەرچاو دەگرت، هەر بۆیەش دۆست و دوژمنەکانی خۆی باش دەناسی و بۆ ئامانجەکانیش یاری بە بەها نیشتمانییە نەتەوەییەکان و هەتا بەها حزبییەکانیش نەدەکرد.

بارزانیی نەمر لە هەمان کاتدا دەوری سۆڤیەتی ئەوسای باش هەڵسەنگاندبوو، هەر بۆیە کە لە نامەیەکی «بارزانیی نەمر»دا بۆ ستالین لە بەرواری ١٩٤٥/٨/٢٧ داهاتووە:

(مارشاڵی گەورەم ئاگادارن گەلێک هەیە بەناوی «کورد»، لەسەر خاکێک کە دەکەوێتە نێوان عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا دەژیت، ئەم گەلە هەر لە کۆنەوە خاوەنی زمان و نەتەوایەتی و شێوە سایکۆلۆژیای خۆیەتی). پاشان «بارزانیی نەمر» سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کورد دەهێنێتە باسکردن، بەوپەڕی ڕاشکاوی و بەزمانێکی سەردەمیانەی ئەوسا دوور لە تاکتیکی شەڕ، لە درێژەی نامەکەیدا دەڵێت (لەبەرئەوەی هەموو هەوڵدانی ئاشتیخوازانەمان بۆ گەیشتن بە مافەکانمان بێ سوود بووە، بۆیە دژی دەوڵەتی عێراق هەستاین).

لە کۆتایی ئەم بابەتە هزرییەدا دەتوانم ئاماژەکەم تاڕادەیەک ئاوا چڕ بکەمەوە کە «بارزانیی نەمر» هەڵسەنگاندنێکی زانستی تێری هەبوو بۆ جڤاکی کوردی، بۆیەش دەیزانی چۆن ڕەفتاری لەگەڵ دەکات، باش ئامانجە هەنووکەیی و ئیستراتیجییەکانی دیاری کردبوون، ئەوەی دەکرد پێویستی سەرخستنی خەباتی کورد بوو، هەر لە هەمان چوارچێوەدا پێشمەرگە بوو، سەرکردە بوو، دبلۆماسی و ڕابەر بوو، هەرچییەکی تر بێ لە هەمان چوارچێوەدا کە تیایدا پێویستی سەرخستنی خەباتی کورد بەرهەڤ بێ مستەفا بارزانی سەرکردە بوو.



## بارزانیی نەمر... لە پرۆسەی سیستەمی

### جیاوازیی کۆمەڵایەتی و کولتوور و دادپەروەریدا دەدرەوشێتەوە!!

سەرکردایەتی، ئەم ئەندامە گرنگەی ژیانی «کار» و پرۆسەکانە، کە کرداری بەرەوپێشەوەچوون و بەرهەمهێنان بەدی دەهێنێ.

بۆ گەلی کوردستان بەگشتی و نەتەوەی کوردمان بەتایبەتی بوونی سەرکردایەتییێکی کارای ستراتیجی گرنگ بوو، ساتە وەختەکانی ژیانی ئەوسای کورد بەدژواری دەرباز دەبوون، گۆڕانکارییە دەولیەکان لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی و جەنگی دووەمیش هیچیان بۆ کورد پێوە نەبوو.

لەناو بونیادە ناوخۆیییەکانیشا، پرۆسە جۆراوجۆرەکان، پارێزراو، داڵدەدراو، ڕێنماییکراو نەبوون، چەند دەیەیەک دەبوو کوردستان بۆ دووەمین جار پارچە کرابووەوە و دوژمن کاری لەسەر دەکرد، کە لە ڕەهەندەکانی ڕەسانەیەتی خۆی لایان بدات و یا ئەو دامودەزگایانەی لەسەر حوکم بکات کە ناهێڵن نەک هەر کۆمەڵگایەک پێش بکەوێت، بەڵکو ڕێگا لەوە دەگرن کە کۆمەڵگایەک لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سەرخان و ژێرخانی فکری و سیاسییەوە خۆی تەکوین بکات.

بەپێچەوانەی ئەوەی کە دەخوازرا، لەناو خۆشیا، هزر و بیری خێڵەکی و عەشایری پێش بخەن، ئاستەنگە جوگرافیاییەکان لە ڕووی سروشتی و بارودۆخە سیاسییەکانیش لەگەڵیاندا ڕێک کەوتبوون، میکانیزمی ناو وڵاتی لە ڕووی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئاستی بەرهەمهێنان و مۆڕاڵی خەڵکییەوە سستتر کردبوو.

«بارزانیی نەمر» بیری نەتەوە، سیستەمێکی جیاوازی کۆمەڵایەتی

لەبەرئەوەی کورد و وڵاتەکەی پێویستی بەشۆڕش بوو، شۆڕشیش، پێویستی بەسەرکردایەتی بوو، شۆڕشکردن لەپێناوی گۆڕینی کۆمەڵایەتی، بەسیاسیکردنی کۆمەڵگا بەدەستهێنانی مافەکانی نیشتمان و گەلەکەی،

بەبێ سەرکردایەتییەکی کارا و لێهاتوو، نەخاسمە لەناو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کارێکی ئەستەمە:-

لەم کاتەدا دەرکەوتنی بارزانیی نەمر هەم وەک داهێنەری نظریەی شۆڕشی کوردستان و، هەمیش وەک سەرکردەیەکی عەمەلی بواری شۆڕشەکە، بوو بەسەرچاوەی ژیانێکی تازە بەرێبازێک کە کورد و ڕێبازەکەی لێک جیاواز ناکرێتەوە، بوو بەم مێشکەی «ئایدیا» فکری بەدی هێنا و کوردیش پێویستی بەفکر هەبوو، تاکو بتوانێ بەهۆیەوە ڕێگای ژیانی بناسێ و دۆست و دوژمنەکانی لێک جیاواز بکاتەوە، هەمیش یەکێتی ناوخۆیی پتەوتر بکات، کە ئەم پتەوییە پشت بەم وشیارییە ببەستێ کە هێز لە فکر وەردەگرێت.

میکانیزمی شۆڕشکردن و لەناویدا ژیانی پارتایەتی ئەو سیما گەشەی ئێمەی کوردە کە لە خوار ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا بەسەرکردایەتی «مستەفا بارزانیی نەمر» پەنامان بۆ بردووە. بەردەوامی شۆڕشەکە لەناو بارودۆخە دژوارەکاندا تا ڕادەکی زۆر پێوەندی بەڕووحی گەرمی شۆڕشگێڕانەی بارزانیی نەمرەوە هەبوو دەنا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەناو گەلێکی گەمارۆدرای وەک گەلی کورد لە جوگرافیایەکی ئاوا سەختی سیاسی و سروشتی دابڕاودا دەبێ چ هێزێک وا بکات کەسایەتییەک لە تەمەنی «٦٠» ساڵیەوە بێتە سەرکردەیەکی لێوەشاوەی سەرکەوتووی ژیانی خەباتی سەختی پڕ لە هەوراز و نشێوی پارتیزانی لە شۆڕشێکی سەرتاسەریدا «مەبەست شۆڕشی مەزنی ئەیلوولە».

لێرە قسەکردنمان لەسەر «سەرکردایەتی» یە زیاتر لەوەی قسە لە تایبەتمەندییە سیاسییەکانی ئەوسا. قسەکردنمان لەسەر ئاستی فیکری سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆمانە وەک کورد زیاتر لەوەی قسە لەهەمان ئاستی دەوروبەرمان بکەین «بارزانیی نەمر» و، شۆڕشە مێژووییە چەسپاوەکەی خاوەن هێزێکی کاریگەر بوو کە تاک و کۆمەڵی کوردستانی لەسەر ئاستی



سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزری نیشتمانی و نەتەوەیی گەیاندە ئاستێکی جیاوازی «سیستەمی کۆمەڵایەتی کە لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆک و تایبەتمەندی سەردەمیانە و ورە و مۆڕاڵەوە جیاواز و پێشکەوتوتر بوو لە جاران، کە ئەوەش ڕەنگی دابوە سەر ژیانی ئاسایی و نائاسایی و، بەگوتاری فۆرمی ڕۆژانەی ڕاوێژی خەڵکەوە لەسەر پانتایی پێوەندی ڕۆژانەوە دیار بوو، جگە لەم ئامادەییەی کە بۆ پەیوەستبوون بەشۆڕشەوە بەدی دەهات و ڕاستیی ئەم بابەتە دەسەلمێنێ.

پێم وایە پێویستە ڕۆشنبیری کورد لە ڕووی هەستی بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بەسەروەتە گەورەکانی گەلەکەی دەبێ ئاماژەیە بەخاڵێک بکات و تیایدا ناوەرۆکی کۆمەڵگای خۆی بناسێ و، بەو هۆیەش گەورەیی بارزانیی نەمر نەوە بۆ نەوە دیاری بکرێت، ئەویش بەدەرخستنی جیاوازی وە بارودۆخی کوردستان «٥٥» ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، داخۆ ئاستی سیاسی، ئابوورییەکەی، کۆمەڵایەتییەکەی، بەر لە بارزانیی نەمر چۆن بوو، چونکە ئەو شۆڕشە سنوورە بەرتەنگە جڤاکیەکانی شکاندن و نەتەوەی لە ڕووی هزر و ئینتمای تاکو کۆوە بەهێز کرد. بەتەنها و بەشێوەیەکی سەرەکی و بنچینەی بەرهەمهێنانی چڤاکی و دابەشبوون کاری جۆراوجۆر و شادەماری ئابووری لە کوردستاندا نەبووە بەهۆی پێشکەوتن، بەتایبەتی لە ڕووی سیاسییەوە کە کوردستانی عێراق دەربارەی پرسی ڕزگاری نیشتمانی و ئەزموونی سیاسی و ئامادەیی جەماوەری و پێشکەوتنەکانی بەراورد ناکرێت لەگەڵ شوێنەکانی تری کوردستان و ئەوەش سەروەرییەکەی بۆ کورد و شۆڕشە ڕزگاریخوازەکەی و سەرکردایەتییە نەمرەکەیەتی.

داینەمۆی شۆڕشی کوردستان، هی بیر و هێزی نەتەوەیی لە کوردستاندا ئەم پرۆسە ئابوورییە- کۆمەڵایەتییە ڕەهایە نەبووە کە لە وڵاتان ژیانی سروشتی پێشکەوتنەکان پێک دەهێنێ.

ئابووری وڵاتی ئێمە، ئابوورییەکی سروشتی بێ پشتیوان بووە کە تاکو

بەر لە ٢٠ ساڵیش بەشێوازە کلاسیکەکەی بەڕێوە دەچوو.

ئاستی کۆمەڵایەتیش هەم پاشکۆی هەمان ئابووری بوو کە ئاماژەمان بۆ کرد و، لە سەرەتای تیکەڵبوون و سوود و ڕەونەق وەرگرتنیدابوو لەگەڵ پێشکەوتنەکانی مۆدێرندا کە ماوەیەک بوون لەگەڵ هاتنی ڕەوشی سەرمایەداری خۆی بەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کرد بوو. لەو کات و ساتەدا «مستەفا بارزانیی نەمر» بوو بەپرۆسەیەکی ڕەخنەگرانەی شۆڕشگێڕانەی مەعریفی بۆ ژیانێکی دیاری کراو، هەر خۆی بوو بەداهێنانی ژیانێکی شیاو، بۆیە بەداهێنانی ناومان برد نەمان گوت پێشنیاز لەبەرئەوەی لە ڕێگەی شوڕشێکی دیموکراتیی جەماوەرییەوە بەکردەوە کاری بۆ دەکرد باری «کۆلونیالیستی» لەسەر کورد لابەرێت و وە سیاسەتێکی ڕوون و خاوێن، سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بەرز بەدی بهێنێ...

ئەگەر پێمان وابێ «سەرکردایەتی بارزانی- وەک ڕێباز» لە هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا و تا ئێستاش «پارتی دیموکراتی کوردستان» تەنیا لە بواری سەربازیدا لە قۆناغەکانی شەڕی چەکداریدا، شەڕی دژی کۆیلەیی کردووە لەبواری پرۆسەی شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانیدا بووە، ئەوا خوێندنەوەیەکی بەرتەنگ و کورت بینییەیە...

لەبەرئەوەی لەگەڵ دەرکەوتنی بارزانیی نەمر و پارتیمان تا ئەمڕۆ «بوونە» ئەم بوونە پراکتیکی و مەیدانیە، ئەم شۆڕشە مەزنە پێشکەوتنخوازە لە مانای فراوانی خۆیدا، شەڕێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی گەورە و عاقڵانە و لۆجیکیانەی، دژی باری دواکەوتووی جڤاکی، دژی بێ مافی و دژی پارچەبوونی خێڵەکی، هەر بوونی شۆڕشەکە بریتییە لە داخوازی کورد بۆ ئەم ئاستی بەمرۆڤایەتیبوونەی کە کورد لە ڕێگایەوە دەیەوێت پارچەیەکی دانەبڕاوبن لە کاروانی هەرە پێشکەوتووی ژیانی مرۆڤایەتی.

لێرەدایە، کە ڕێبازی بارزانیی نەمر کە خۆی لە پارتی دیموکراتی



کوردستاندا دیاری دەکات دەبێتە ئەم سەرخانە و ئاستی ئەو پێوەندییانەی کە لە گۆڕ واقعی ناوچەکە و ژیانی کورد واقعبینانە هاتۆتە مەیدانی کار و کردەوە دەربارەی ڕێڕەوی ڕزگاریخوازانەی جوڵانەوەی کوردی لە ناوخۆی پرۆسەکەدا توانی بگاتە ئاستی ئارامییەکی سیاسی «الاستقرار السیاسی» وەک ڕێبازی سیاسەتکردن.

ئەگەرچی لە ڕووی دەرەکی و لە مەیدانی واقعی کاری پراکتیکیدا، لە نائارامی و ناجێگریدابوو، لە ململانێدا بوو لەگەڵ نەیارانی کورد و دۆزەکەی لەم ململانێیەشدا پێشهاتەکان بەپێی توانای کورد و بزاڤەکەی وەڵام دەدرانەوە. کەچی هەر ئەم یەکلاییبوونەوە سیاسی و ئارامییە سیاسییەی کە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لەسەر دەستی بارزانیی نەمر پێی گەیشت وای کرد سیاسەتی کوردی بەرگەی بوومەلەرزە سیاسییەکان بگرێت.

ئاستی ئەم باوەڕە بەهێزی کورد و سەرجەم کوردستانییەکان لەناوخۆدا و لە دەرەوەی کوردیش، لە گەل و دەوڵەتان بەپارتیان و سەرکردایەتییەکەی داویانە بەرئەنجامی تاکتیکی پارتی نییە.!! بەڵکو بەرئەنجامی ئەم سیاسەتە ڕاست و دروست و واقعیانەیە کە سەرچاوەکەی لە سیفات و خەسڵەتەکانی بارزانیی نەمر و لە ئەزموونی قوتابخانەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان دێت.

کاتێک سەرکردایەتییەک دەگاتە ڕێبازێکی ڕاست کە خاوەنی شیکردنەوەی بەهێز بێ، خاوەنی شیکردنەوەی واقعیانە بێ بۆ شوێنی بوونی و دەوروبەری هەر بەپێی ئەم شیکردنەوەیەش دەتوانێ بگاتە ئاستێکی سیاسی دروست و ئارامگرتوو وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێ دا.

ئاشکرایە لە مێژوودا هەر گەل و نەتەوە و چین و توێژێک نەبووبێتە خاوەنی سیاسەتێکی ڕاست و شیاوی خۆی بەر تاڵانی لایەنە بەهێزەکان کەوتووە و نەیانتوانیوە، لە مێژوودا پێگەیەک بۆ خۆیان دابین بکەن. هەر

لایەنێکی سیاسی یان ئابووری یان بوارە جیاوازەکانی ناو ژیانی ئورگانە جیاوازەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هەتا بۆ تاکە کەسێکیش ئەگەر نەگەیشتبێتە هەمان ئاستی سیاسی، نەیتوانیوە ئامانجەکانی خۆی بەپێی خواستی گەل و خودی ئەندامەکانی خۆی دیاری بکات و قۆناغ بۆ قۆناغیش بەدییان بهێنێ. لەسەر ئاستی خودی پێوەندییەکانی ژیانی کورد و گەلانی دراوسێشا بارزانیی نەمر توانی ڕێبازێک بچەسپێنێ کە بریتییە لە پێکەوە ژیانی دیموکراتیانەی ئازاد، سەرەڕای ئەوەی کە نەیارانی ئەم ڕێبازە هەمیشە پەنایان بردۆتە بەر تیرۆر، هیچ جارێک بارزانیی نەمر و شۆڕشی کورد نەک هەر پەنایان بۆ تیرۆر نەبردووە بەڵکو بەکارێکی دزێوی قێزەونیان زانیوە و بەتەواوی دژی وەستاون، ئەوەشە ئەم سیما گەشەی پارتی و سەرکردایەتییەکەیەتی کە ئەمڕۆ لە سەردەمی لێک جیاواز بوونەوەی بەرەی دیموکراسی و بەرەی تیرۆردا بێ هیچ داکۆکیکردنێک. «دنیا» پارتیمان لە سۆنگەی ڕێبازی بارزانیی نەمرەوە و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی بەجووڵانەوەیەکی پاک و بێ گەرد دەناسن.

بێ شک لێرە پێویست دەکات ڕۆشنبیری کوردی و سیاسییەکانی لەسەر ئاستی ستوونی و ئاسۆیی پانتایی جەماوەری ئەم ڕاستیانە باشتر دیاری بکەن کە ئەم ڕێبازە گەلەکەمانی لە زۆر نەهامەتی دوور خستۆتەوە و، لەوەش زیاتر بووە بەهێزێک بۆی تاکو لە هاوکێشە سیاسییە تازەکاندا کورد بەسەرکردایەتی پارتەکەی شوێنی شیاوی خۆی هەبێ، هەموو ئەوانە بەیەکەوە پارتییان کرد بەقەڵایەکی بەهێزی لە شکان نەهاتوو، کە ڕەگەکانی بوون و گەشەکردنی لەناو دڵ و خوێن و کەسوکاری کاروانی شەهیدە سەربەرزەکان و خەونی گەشی لاوانمان و یادەوەرییە هەرگیز نەمرەکانی بەساڵاچواندایە.

هەر ئەوە وای کردوە دوژمن بە دوو شێواز دژایەتی پارتی بکات، شێوازی ڕاستەوخۆ و شێوازی ناڕاستەوخۆی بۆ بگرێتە بەر.



ڕاستەوخۆ هەرچی لە توانایاندا بووبێ بەرامبەریان کردویانە و، ناڕاستەوخۆش دوژمنان درێغیان نەکردووە لە زەقکردنەوەی «ئایدۆلۆژیای» جۆراوجۆری کۆنەپەرستانە و سیاسەتی شوفێنیزمی کۆمەڵایەتی و ئەو شۆفێنیزمە جڤاکییەی دوێنێ لەژێر ناو و لە بەرگێکی جیاواز و، ئەمڕۆش لەژێر ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و لە ڕێگەی بزووتنەوە تیرۆریستەکانیان دەیانەوێت بەشێوازی نوێی لە سەردەمێکی تازەدا پرۆسەی تەعریبکردنی عەقڵی کۆمەڵی کوردی پابەندی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی سەردەست بکەن بۆ ئەمەش ئاستی ڕێکخراوبوونی ئەم مەرەمە ڕەنگاوڕەنگانە گەیشتۆتە ناو کوردستان و تا ڕۆژی ئەمڕۆش درێغی ناکات لە تەشیرکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازیمان و ئەوەش پارتیمانی خستۆتە بەردەم دوو ئەرکی گرنگ:

یەکەم: پاراستنی هەمان شێوازی ڕاست و دروستی مامەڵەکردنی لەگەڵ گەلانی دەوروبەر و بوویەرە سیاسییەکان و پێشهاتەکانیدا تاکو ببێتە پارچەیەکی دانەبڕاو لە هێزێکی گەورەی جیهانی بۆ دژایەتی شۆفێنیزمی کۆمەڵایەتی و هێزە میلیتاریستە دیکتاتۆرەکان...

دووەم: بۆ پاراستنی ئەم برایەتی و تەباییە دینی و نەتەوەییەی لەناو کوردستاندا هەیە کە ئەمڕۆ ناحەزانی کورد و کوردستان، ناحەزانی برایەتی و لێبوردنی دینی، ناحەزانی پێکەوە ژیانی برایانەی کەمایەتییەکانی نەتەوەیی لە کوردستاندا دەیانەوێت لەبەریەکی بترازێنن و ئەم یەکڕێزییە جەماوەریەی لە ناوخۆدا هەمانە شەلەلی بکەن.

هەروەها ئەرکی هەموو لایەکە دینامیکیەتی گەلەریی ناوخۆی کوردستان بپارێزێ و ڕێگا بەم پارچەبوونە نەدات کە ناحەزان دەیانەوێت لەناوماندا بەدی بهێنن.

باشترین وەڵام کە خۆی لە چارەسەرکردنی عەقڵانە و لۆجیکیانە و واقعیانەی ئەم ئاستەنگانەدا دەبینێ پراکتیزەکردنی وەکو خۆی «ڕێبازی

بارزانیی نەمر»ە کە ڕێبازی مرۆڤایەتی پێشکەوتنخوازانەیە و لە چوارچێوەی گشتی خۆی و وردەکارییەکانیدا پشت بەپرنسیپە دیموکراتییەکان دەبەستێ و لەگەڵ سەردەمەکانیشا پێش دەکەوێت.

## دادپەروەریی بارزانیی نەمر

دادپەروەری بریتییە لەم چەمکەی کە نەک هەر کۆمەڵگای پێ بەهێز بکرێت بەڵکو لە ڕووی کۆمەڵایەتی و «مەدەنیەتی دیموکراسی»شەوە دەکرێت پێی ڕێک بخرێت، زۆربەی هەرەزۆری مرۆڤی دنیا خواستی دادپەروەری هەیە و لەسەری هاوبیرن هەر ئەم هاوبیریەشە کردوویەتییە بەهایەکی گەورەی ژیانی مرۆڤایەتی.

گەرچی ئاستەمە بۆ هەموو سەردەمەکان، بۆ جوگرافیایەکان، کۆمەڵگا و کیشوەرەکان مانایەکی تاقانەی موجەرەدی بۆ وێنا بکەین. بێ وەبەر چاوگرتنی پانتاییی ئاماژە بۆ کراوانەی کە دەکرێت بابەتێکی لەسەر شی بکرێتەوە.

ئەگەر قسە لەسەر دادپەروەری بارزانیی نەمر بکەین بابەتەکە لە سەرێکەوە ئاسانە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە لای بارزانیی نەمر دادپەروەری دروشم نەبووە بەتەنها، بەڵکو لە مەیدان بەکردەوەشا دادپەروەرییەکەی سەلمێنراوو بەرچاو بووە.

هەروەکو دادپەروەری لە دروشمە سەرەکییە سیاسییەکانی دەربارەی کێشەی کورد و عەرەب و دادپەروەری لە تێڕوانین و کاری بەعەمەلی دەربارەی ئایین و زاناکان، کەمایەتییە نەتەوەییەکانی کوردستان،

هەروەها دەرحەقی چین و توێژە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵی کوردستان لە ژیانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیشا بارزانیی نەمر خاوەنی عەدالەتێک بووە کە هیچ کەسێک بگرە بەو کەسانەوەش کە بارزانییان ئازارداوە لێی بێ بەهرە نەبوون.



لەناو پێشمەرگەی کوردستانیشا کە بارزانیی نەمر خۆی تیایدا هەم پێشمەرگە و هەم سەرکردە بوو، ئەم بابەتە سەڵمێنراوە لە دابەشکردنی کار و ئەرکەکاندا، لە پێدانی مافی کەسایەتی...

تەنها لەم بارەیەوە کەسایەتی بارزانیی نەمر بەتەواوی ژیانیەوە سەرچاوەی توراس و کەلتوورێکی بەهێزی ژیانێکی هەژی کۆمەڵایەتییە کە بەهای تاک تیایدا بەرچاو و پارێزراو و ڕێزلێگیراوە...

لەلایەکی تر ئەگەر قسە لە سەرکردەیەکی ئاوا بکەین، کە چۆن لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی جڤاکیدا، لە مەیدانێکی ئابووری و سیاسی مەحدووددا دەردەکەوێت و دەبێتە قوتابخانەی فێرکردنی ژیانێکی نوێی، ئەو پرسە کە زەحمەتە و پێویستی بەوە هەیە باس لە هەموو ئەم ڕووداوانەی ژیانی «بارزانی » کە کاریان لە تەکوینی کەسایەتی و ئەزموونەکانیشی کردووە بکەین. ئەوە لە کاتێکدا مرۆڤ و پێوەندییەکان و ڕووداو و ئەزموونەکانی لەگەڵ ئەم عەقڵەی لەناویدا پێش دەکەوێت لێک جیاواز ناکرێتەوە.

بارزانیی نەمر شرۆڤەی بارودۆخەکانی دەوروبەر و ناوخۆی باش کردووە و ویستوشیەتی زەمینەی دەروونی بۆ چارەسەری پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بسازێنێ، هەر بۆیەش هیچ کاتێک غەدری بەغەدر و تیرۆری بەتیرۆر وەڵام نەداوەتەوە، هیچ کاتێک تا ئەوکاتەش کە کوردستان پارچەیەکە لە عێراق «بەنسبەتی کوردستانی عێراق» لە مێژووی ئەم پارتییەدا نابینرێت بێنە کارتی دەستی، هیچ لایەنێک مجازەفەش بەژیانی پارتی و چارەنووسی گەلەکەی ناکات، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە گفتوگۆ لە ژیانی «بارزانیی نەمر»دا وەک لایەنێکی خەباتکاری پێ کراوە و ڕەت نەکراوەتەوە، ئەمەش یەکێک لەم نەریتانەیە کە بارزانی وەک سەروەتێکی گەورەی مەعنەوی بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی جێ هێشتووە.

پرنسیپی پڕ لە دادپەروەری بارزانیی نەمر لێرەدا دیار دەبێ کە هیچ

کاتێک گەلی کوردی بەرامبەر گەلی عەرەب و هیچ گەلێکی تر بەکار نەهێناوە، ویستوشیەتی کورد وا ڕابهێنێ، هەم لە باری جوگرافیاکەی و دەوڵەتانی دەوروبەر و تێڕوانینیان بەرامبەر کورد تێ بگات، بەپێی ئەوە و ئەم بارەی دەتوانێ هەڵی بگرێت وتاڤ بدات و لەوە زیاتر خۆپارێزی بکرێت لە سیاسەتی دیماگۆگیانە و سیاسەتی تاکتیکی ڕۆژانە و دروشمی گەورەی بێ ناوەرۆک.

بارزانیی نەمر بەهەمیشە چ لە وتارەکانی بۆ کادرانی حزب و لەشکری چ لە گفتوگۆییەکانی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە بیانییەکاندا ڕەخنەی لەو ناوەندانە گرتووە کە برایەتی گەلان خراپ دەکەن و ئەم دەسەڵاتانەی بەنارەوا و ناعەدالەت ناوبردووە کە هێزی گەلێک دژی گەلێک بەکاردێنن و بارزانیی نەمریش دژایەتی بێ چەند و چوونی بۆ ئەم ناوەندانە نەشاردۆتەوە.

دەکرێت کەسایەتی بابەتی بارزانیی نەمر کە قاڵبووەوەی ناو کوورەی خەباتی ڕۆژهەڵاتی سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی و پێش و پاش جەنگەکە و ئەزموونەکانی تری بێت وای کردووە دوور لە عاتیفە بەچاوێکی سیاسی گەشبینانە بڕیار لە بابەتەکان بدات و لە هیچ کاتێکدا ڕێگای خۆی شاش نەکات (لە سەرکەوتندا مەغرور مەبن لە شکستدا بێ ئومێد مەبن) ڕستەیەکی پڕ لە واتایە، لەوەش زیاتر ئەزموونی دوور و درێژی کەسایەتییەکی بەهێزی وەرەبەرزی تیادا دەخوێنرێتەوە، کە هەم لە سەرکەوتن و بەپێچەوانەشەوە دەرسی دیوە و ئەوانەشی بەدیالێکتێکی ژیانی ئاسایی شۆڕشگێڕانە زانیوە کە دەبنە ئەزموون. ڕاستی ئەم قسانەمان کاتێک دەسەلمێنرێت کە دەبینن بۆ چەندەمین جار ویستراوە بارزانیی نەمر شەهید بکرێت بۆ ئەوەش پەنا براوەتە بەر چەندین شێوازی تیرۆرکاری دەستدرێژی کراوەتە سەر گیانی، کەچی ئەمە لای نەبووە بەهەڵچوونێکی عاتفی کە تیایدا بڕیارێک بدات لە قۆناغێکی هەڵنەسەنگێنراودا کە لە بەرژەوەندی کورد و دۆزەکەی نەبێ.!



هەر بۆ نموونە:

- لەساڵی ١٩٣٦ ڕووبەڕووی کاری تیرۆریستی کرایەوە لەگەڵ خواردندا ژەهری بۆ کرایە ناوەوە و کە بەهۆیەوە دووچاری نەخۆشی بوو.

- لە ڕێڕەوێکی مێژوویدا کە ئەم ڕێڕەوە لاپەڕەیەکی نەمریی ناو مێژووی کوردە لە سەدەی بیستەمدا لە ١٩٤٧/٦/١٨ لەگەڵ ژمارەیەک لە هەڤاڵەکانی لە ڕووباری «ئاراس» پەڕینەوە بەرەو کۆمارەکانی ئەوسای سۆڤیەت کە ئەوەش شێوەیەکە لە شێوەکانی تیرۆرکردنی ئازادیخوازانی گەلێک بەدوورخرانەوە و ئاوارەکردنیان لە وڵاتی خۆیان.

- لە ١٩٧١/٩/٢٩ لە کارێکی وەحشیانەی تیرۆریستیدا ڕووبەڕووی کردەوەیەکی مەترسیدار کرایەوە کە دەربازبوونی لەم ڕووداوە پلان کراوەدا جێگای سەرسوڕمان بوو.

دەکرێت بۆ ناسینی زیاتری دیدگای بارزانیی نەمر چەند سەرەدێڕێک لەو وتارە بەسەر بکەینەوە کە ١٥/ ٤/ ١٩٦٧ لە گەلالە لەبەردەم کادیرانی پێشمەرگە و فەرماندەکانی لەشکری کوردستاندا پێشکەش کردووە بەگرانایی باسی دادپەروەری، دڵسۆزی و پیاوەتی، خزمەتی میللەت دەکات، هەروەها ئەوە بەیاد دەهێنێتەوە، کە هیچ شۆڕشێک بەبێ ڕێبەریکردنی لەلایەن پارتێکی مونەزەمەوە بەڕێوە ناچێت و سەرکەوتوو نابێت، دەگونجێ لێرەدا یەکێک لە بڕگەکانی ناو وتارەکە وەربگرین کە بارزانیی نەمر پێی وایە خزمەتی میللەت و دڵسوزی لە کار و خەباتدا ناوبانگ بۆ مرۆڤ دروست دەکات، نەک خواردنی خۆش و نوستن لە شوێنی گەرم، ئەگەر ڕۆشنبیری کورد و کادیرەکانی حزب ئەم باوەڕە، ئەم وتەیە باش هەڵسەنگێنن و بیگێڕێتەوە سەردەمی کە لێی وتراوە، کە هێشتا ئاستی بزاڤی ڕزگاریخوازی، ئەزموونەکانی، وشیاری خەڵک، کولتوور و باوی حزبایەتی بەم شێوەیە نەبوو، ئا لەم کاتەدا ئەم وتەیە گرانایییەکی گەورەی نەک هەر سیاسی بەڵکو فەلسەفی گرنگی هەیە.!

هەر ئەوەش بوو ئەم ڕێبازە «ڕێبازی بارزانی» و شێوازەکانی مامەڵە و پێوەندییەکانی بوو بەکولتوور و توراس و نەریتی چەسپاو، کە کەسایەتی پێشمەرگەی بۆ کورد ئامادەکرد و بەو ڕادەیە لەژێر کارتێکردنێکی کەسایەتی بارزانی و دیدوبۆچوونەکانیدابوو کە توانی بەزەبری چەک وا لە دەسەڵاتێکی بەهێز بکات دان بەمافی ڕەوای کورد دابنێ و، لانی کەم ناو و مافی کورد بخاتە ناو دەستووری ناوەندی خۆیەوە.

«بارزانیی نەمر» ئەم سەرکردەیەیە کە سەرکردەی گەل و دۆزێکی ڕەوایە هیچ وەختێک نەیویستوە سەرکەوتنەکان بەتەنها بەناوی خۆی تەواو بێ، هەمیشە پێی وابوە و وتویەتی ئەمە ئازایەتی میللەتی کورد و ڕۆڵەکانیەتی، لە وتارە بەناو بانگەکەشی لەساڵی ١٩٦٧ لە گەڵاڵە ئاماژە بەوە ئەدات (ئەو مێرخاسی و غیرەت و ئازایەتییەی گەلی کورد نواندیان و، ئەو پاڵەوانیەتییە، شەرەفمەندەیەی هەر کوردێکی بەشەرەف لەم شۆڕشەدا نیشانیدا... هتد) یان دەفەرموێت (نەتەوە پەرستی و حزبایەتی و شۆڕشگێریەتی ڕاست ئەوەیە کە هاریکاری یەکتر بکەین و لە پێناوی بەرژەوەندی گەلەکەمان شان بەشانی یەکتری کار بکەین) لە کاتێکدا بارزانیی نەمر سەرجەم ژیانی خۆی بۆ خزمەتی گەلەکەی تەرخان کرد و لە وەختی شۆڕشیشا هەمیشە لەناو پێشمەرگەکانیدا سەرکردەیەکی دادپەروەری بێ فەرق بووە و لەسەر بنەمای «توانای ئەنجامدانی کار» فەرماندەی لێوەشاوەی دیاری کردووە.

لێرەدا لە سەردەمی دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا لە کوردستانی عێراق و لە سەردەمی دەسەڵاتی زێڕینی پارتەکەمان لە بەشێکی کوردستاندا ڕەوایە جارێکی تر کادیری پارتی هەڵسەنگاندنی کەسایەتی و پێوەر و پرنسیپەکانی بکات و لەبەر ڕۆشنایی ڕێبازی بارزانیی نەمر و ڕووحی گەرمی کار و عەدالەتی کۆمەڵایەتیدا بازووی ئاوەدانی و بیناکردنی کیانی سیاسی کوردی هەنگاو بهاوێژێ.



١- لە ڕووی دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا سەرجەم چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان بەئاستی جیاوازی ژیانی ئابووریانەوە لە کوردستاندا لەژێر سایەی دەسەڵاتی سیاسیی کوردیدان و سەربەرزانە بەسەر کۆسپ و تەگەرەکاندا تێ دەپەڕن، ڕووحی دادپەروەری لە بەڕێوەبردنیان ئەو کولتوورەی ڕێبازی بارزانییە کە ئەمڕۆ دەتوانێ ببێتە هەوێنی سازدانی کۆمەڵایەتی وڵاتێکی دادپەروەر و پێویستە کاری پێ بکرێت.

٢- گیانی کارکردنمان شۆڕشگێڕانە بێ دوور لە بەرژەوەندی تەسکی شەخسی، دوور لە شێوازی بیرۆکراتی کە ئەمڕۆ گەلی ئێمە پێویستی بەڕووحی فیداکارانەی پێشمەرگانە هەیە لە سەرجەم بوارەکانی کارکردندا، بەتایبەتی بواری ئاوەدانی و بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی دەسەڵاتی کوردیدا چەسپاندنی یاسا و پاراستنی مافی مرۆڤ و خاوێنی ژینگە و ڕەوشی شارستانییانەی کۆمەڵی کوردی کە ئەو هەم ژیانی خۆمان باش دەکات، هەمیش تێڕوانینی دۆستەکانمان و دنیای دەرەوە لەسەرمان ئیجابی دەکات لە توانای مومارەسەی خۆمان بۆ خۆمان.

٣- ئەرکی هەر ئەندامێکی پارتی و لایەنگرانی و جەماوەری کوردە، کە تێ بکۆشن، پارتە سەربەرزەکەیان، وەک زەمانەتی چارەنووسی سیاسییان شان بەشانی دیاری گەورەی بارزانین بۆ ئەمڕۆ دەبێ بەهێز بکرێن و بپارێزرێن.

٤- لەدیدگای بارزانیی نەمرەوە پێمان وابێ بەهۆی خزمەتکردنمان بەیەکەوە بەبرایەتی و دوور لە گیانی دەستەگەری و بەرژەوەندی خێڵەکی و تایفەی لە پێناوی گەلەکەیاندا دەتوانین سەروەری و ناوبانگمان بۆ پەیدا بکات و سەربەرزمان بکات.

٥- باوەڕبوون بەهێزی لەبن نەهاتووی میللەت وەک سەرچاوەی شۆڕش کە دەبێ پشتی پێ ببەسترێت.

لە کۆتایی ئەم باسەدا ئاماژە بەوە ئەدەم کە ئەمڕۆ کورد و چارەنووسی، کورد و هاوکێشە چاوەڕوانکراوەکان، کورد و سەرجەم مێژووەکەی لە کاتی گۆڕانکارییەکاندا بەرپرسیارن و وەختی وەڵامدانەوەیان هاتووە.

ئەوەش بەبەهێزکردنی پارتیمان و ڕیکخستنی جەماوەرە بەئەزموونەکەمان لەسەر ڕێبازی بارزانیی نەمر دەکرێت...

دەکرێت بەهۆیەوە هێزی شاراوەی ئەم گەلە بەباشترین شێوە ئامادە بکرێت و دەربخرێتە مەیدانی بەکردەوە، بەتایبەتی لەم سەروبەندەی نزیکبوونەوەی ڕەوتی ڕووداو و گۆڕانکارییەکان لە پێناوی پاراستنی کەرامەتی مرۆڤایەتی، ژیانێکی شیاو و مرۆڤانە، دەستەبەرکردنی ئارامی بۆ مرۆڤی غەدر لێکراوی کورد.



# یادی ۱۰۰ ساڵەی بارزانیی نەمر و وانەکانی

## کەسایەتی ستراتیجی نەتەوەیی

### یەکەم

لێرەشدا، قسەکردن لەسەر ژیانی میللەتێکە، چونکە قوتابخانەی فێرکردن و خوڵقاندنی گەورە پیاوان بارودۆخی مرۆڤەکان خۆیەتی، ئێمە کە قسە لە (بارزانیی نەمر) دەکەین، قسە لە ژیانی سیاسی گەلێک پاشان کۆمەڵایەتی و کولتووری، پاشان ئابووری دەکەین... باس لە ڕەوشتێک دەکەین کە ڕەخنەکراوە و ڕەوشتێک کە لە سیستەمێکی جیاوازی کۆمەڵایەتیدا پێشنیاز کراوە و جێبەجێش کراوە.

ئەوەی سەرنجی هەموومان ڕادەکێشێ ئەو حاڵەتەیە من وای نابینم دەگمەن بێ، لێ دەگمەن قسەی لەسەر کراوە... ئەویش (لێکۆڵینەوەکەی و چوون و لەسەر چی) بۆ نموونە یادی (۱۰۰) ساڵە لێکۆڵینەوەیە، بەڵام لێکۆڵینەوە لە چی و لە کێ و بەچ مەرەمێک. لێرەدا و لەم سەرەتایەوە ئاماژە ئەدەمە دوو خاڵ:

یەکەم: لەناو جەرگەی جموجۆڵ و پراکتیکی فرەلایەنی شۆڕشدا، لە سیفاتی کوردستانی و سیما پارتیزانییەکەیدا، یان لەناو دۆخێکی خەباتی جەماوەریدا، لە گەرمەی ڕزگاری نیشتمانیدا یان دوای ڕزگاری و لە مەودای خوڵقاندنی کیانی سیاسیدا، یان پاشان لە سەردەمی سەروبەری بزاوتە ڕۆشنبیری و هونەرییەکاندا، لە هەرکاتێکدا لێکۆڵینەوە لەسەر سەرکردەی نەمر مستەفا بارزانی و شۆڕش بکەین هەر دروستە و ئەوە ئەم بابەتەیە کە وەخت و ناوەختی بۆ نییە!

لێکۆڵینەوە لە سەرکردەکانمان لەوەختی پڕ لە زەحمەت و لە مەرحەلەی (باروت و خوێندا) داکۆکییە لە کولتوورێک کە نەتەوەیی و نیشتمانی و شۆڕشگێڕانەیە، کە دەبێتە حاڵەتی یەکەمی پەروەردەکردنی گیان لەسەر

دەستە شۆڕشگێڕەکان، کە ئەبێتە تیۆر و ئەدەبیات و، هەروەهاش کولتووری میانی شۆڕشکردن، خۆراکێک بۆ ڕووحی پێشمەرگەکان.

خۆ ئەگەر لە مەودای ڕزگاری نیشتمانی و لە کاتێکدا کە دوژمن لەسەر خاکی نەتەوەکەمان نەما (یان لە بەشێکی نەما) قسە لە نەمرەکانمان نەخاسمە گەورە و سەروەرێکی وەک (مستەفا بارزانی) ئەفسانەیی بکەین، ئەوە هەر وەختی خۆیەتی تاکو ڕێبازێک، شێوازێک لە سەرکردایەتیکردن، شێوازێک لە ئامادەکردنی شۆڕشگێڕان، لە کولتووری بەرزی مرۆڤایەتی، کە لە کەسایەتی سەرکردەکانماندا هەیە. ئەمڕۆ تیۆریزەی بکەینە ڕیزەکانی هاوقەتارانی هەمان سەرکردە و بۆ ئەوەی خوانەخواستە دوور بین لە دوورکەوتنەوەمان لەم ڕێبازە... واتە دوور بین لە کەسایەتی و شێوازێکی سەرکردایەتی تاکتیکی و ستراتیجی کە ناکۆکە بەشێوازی سەرکردایەتیکردن لای (ئەو) واتە لای (بارزانیی نەمر).

ئێمە نەهاتووین و کەسیش نەهاتووە لەبەر خاتری پارتی و سەرکردایەتی ئێستای شۆڕش قسە لە بارزانیی نەمر بکەین و بکات... ئەوە مستەفا بارزانیی نەمرە... بەسەرمایەیەکی گەورەی خەباتکردنەوە تا ئێستا ئامادەیە و هەموو لایەکی داناوەتە بەردەم ئەرکێکی مرۆڤایەتی شۆڕشگێڕانەوە، دەشڵێم (ویژدانی گەورە)وە.

دووەم: ئامانجی ئەم یاد و لێکۆڵینەوانە، بەڕەئی من دەبێ شارێگەیەک بێ، پاشان لقوپۆپەکانی، شارێگەی ئامانجەکە یان شێوازی ئامانجەکە پێویستە سازدانەوەی جەماوەری گەل لە پانتایی کوردستانیدا و سازدانەوەی کادرەکانی شۆڕش و میللەت بێ لەسەر پانتایی (پارتی دیموکراتی کوردستان) و لەوەش فراوانتر لەناو سەرجەم لایەنەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازیدا.

بەشێوازێکی خەباتکردن کە لەسەر بنچینەکانی خوارەوە بێت و بارزانیی نەمریش هەر ئەوەمان ڕادەسپێرێت کە:



- بەرژەوەندی مرۆڤایەتی ئامانجمان بێت.
- بەرژەوەندی گەلی و نیشتمانی لە سەرووی بەرژەوەندی کەس و لایەن و خێڵ و عەشیرەتدایە.
- پێویستە ورەمان هەبێ و مرۆڤ بەبێ غیرەت و پیاوەتی ورە دەبێتە مادەیەکی بێ کەڵک.
- پێویستە بوونێکی مادی ژیانمان هەبێ، واتا مەبەست لە بوونی مادی، بوونە لەناو کردەوەی شێرانەدا و بەبێ کردەوە بەبێ ئەنجام وەرگرتن لە کار و تێکۆشان، وە هەروەها شادی و کەیفخۆشی شتی لاوەکی هەتا کاتین.
- پێویستە ڕیزەکانی میللەت بپارێزین و دژی دەستەگەری و پارچەگەری بین، بڕیارەکانی سەرکردایەتی شۆڕش ناوەندی و لێهاتوویانە و هەروەها توندوتۆڵ و لە جێی خۆیدا پێک بێن، مەبەست لە توندوتۆڵ پاکبوونەوەییە لە ڕایی و بێ بەرنامەیی کە ئەبێ هەمیشە کادری پارتی لێی دوور بێت و جیلی تازەی کادرانیش هەر بەم شێوە پەروەردە بکرێن.
- پێویستە سەرکردایەتی و کادر لە هەڵسوکەوتی بچووکی ڕۆژانە و لەسەر ئاستی گەلدا دیموکراسی و مرۆڤانە بن و هەرکەس خاوەنی کەرامەتی خۆیەتی و ئەوە کەسایەتی ئێمەیە وەک کەسایەتییەکی کارتێکراو شایەنی جار نا کێماسییە و کەچی هەر کەس کەرامەتی پارێزراوە دەبێ بشپارێزرێت.
- پێویستە دوور بین لە لاساییکردنەوەی خەڵکانی تر و بەهەمان چەک لێیان نەدەینەوە کە بەو چەکە لە ئێمەیان داوە... ئێمە لە بەرامبەر تیرۆر تیرۆر ناکەین، دژی تیرۆرین و فایلی ژیانی سیاسی و جەماوەریمان هەر بەپاکی بهێڵینەوە.

هەموو ئەم خاڵانە یەک ئامانجیان هەیە ئەویش دروستکردنی کەسایەتییەکی بەهێز کە هەڵگری چەمکی بەرزی مرۆڤایەتی و خزمەت

بەگەل و نیشتمان و دیموکراتپەروەر و هەروەها تێکۆشەر و خۆبەخش بێ، بێ شک لەسەر ئەم بنەمایەش ژیانی گەلان گەورەتر دەبێت و گەشە دەکات و بەسەر کەند و کۆسپەکاندا سەردەکەوێ کە کەسایەتی پێشەنگی هەبن.

## دووەم

هێشتا ئێمە پێویستمانە واقعی حاڵی کوردستان لە ڕابردوو و ئێستادا بناسین چۆن هەنگاوەکانیان هەڵێنان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی تێیدا گەشەی سەند و لقوپۆپەکانی بەناو سەرجەم چین و توێژەکاندا بڵاوبوونەوە... کۆلۆنیالیزمی حاکم بەسەر کوردستانەوە، کۆلۆنیالیزمێکی پشتاوپشت بوو، واتا لە سەردەمەکانی بەربەریەت، دەربەگایەتی دینی و سەرەتای هاتنی ئیگلیز بۆ ناوچەکە و تا ئەمڕۆی سەردەمی گەیاندن قۆناغ بەقۆناغ لە گەڵماندا لەگەڵ چین و توێژەکان، لەگەڵ جیلەکان هەڵکشاوە.

کۆلۆنیالیزم لە چەکی ئابووری، کۆمەڵایەتی و پاشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان، سیاسەت و هاوکێشە و پەیماننامەکان، جوگرافیا و شێوازی پارچەکردن و دابەشکردنەکان کەڵکی وەرگرتووە و هەموویان دژی کەسایەتی پشتاوپشتی کۆلۆنیکراوی کوردی بەکارهێنراون.

ئالێرەدایە لە کۆمەڵگایەکی بەم شێوەیە کە مێژوویەکی دوورودرێژە لە کۆلۆنیالیزم، مێژوویەکی دوورودرێژە لە کۆلۆنیکراو، مێژوویەکە لە ژێر دەستی هزری و سایکولۆژی، لام ئاساییە هێشتا هەبن گەورەیی (مستەفا بارزانی) نەمر تێ نەگەن و نەی خوێننەوە... چونکە ئەوە ڕێبازی هەمان کەسایەتی سەرکردەیە کە کار لەسەر سەرجەم حاڵەتە ئاسایی و نائاساییەکان دەکات و سازیان دەکاتەوە، ئەمڕۆ هێزی پێوەندییە سیاسییەکان بۆ بەرژەوەندی پێوەندییە ناوخۆییەکان بەکار دەهێنێتەوە. لاشم ئاساییە بەگوێرەی کاتە و هەلومەرجەکان ڕەخنەی خۆی بکات وە لەم پێناوەشا کەسایەتی، کەسایەتی بەرپرسیار بەشێوەیەک بێ کە بەرژەوەندی باڵای میللەت پەسەند بکات.



ئەوەش دەرسی هەمان ڕێبازە و بارزانیی نەمر لە ساڵی ١٩٦٧ بەم شێوەیە ئەم چەمکە بەرجەستە دەکات کە دەفەرموویت:

(لازمە ئەو کەسانەی کە اموری ئەو میللەتە لە دەستیاندایە، تەنیا مەصالحی میللەتەکە بدەنە بەر نەزەری خۆ و هەموو ئەنانیەت و مەصالحی شەخصی لە بیری خۆیان بەرنە دەر و هەرچی کارێکی بۆ مەصلحەتی میللەت بێ ئەگەر بۆ نەفسی خۆیان نەرون (١٥/٤./١٩٦٧- گەلالە).

ئامۆژگارییەکانی بارزانیی نەمر زۆر وردبینانە کەسایەتی گەلێکی کۆلۆنێکرا و دەدەنە بەر ڕەخنە و لە سەرجەم ئامۆژگارییەکانیشدا بارزانیی نەمر کەسێک بەکورد و بەخزمەتکاری (سەورە) دائەنێ کە ئامانجەکانی گەل و شۆڕش لەسەرووی ئامانجەکانی خۆی دابنێ و، بێ گومانین هەردەم وڵاتە ژێردەستەکان نەخاسمە وڵاتێکی وەک کوردستان کە دەیان ساڵە ژێردەستە کەسایەتی تێیدا ڕووبەڕووی زۆر شێوازی تێکدەرانە کراوەتەوە کە بێ گومان هەر کوردی شۆڕشگێڕ و کۆڵنەدەر بەرگەی گرتووە ئەگینا سیاسەت و بەرنامەکانی دوژمن تا دوا ڕادە مەترسیداربوون، سەرباری ئەوانەش ئەم سیاسەت و دەرس و شێوازە فرەچەشنانە وایان لە کەسایەتی کورد کردووە کە پێویستی بەبنیادنانەوە و هەروەها پێویستی بەوشیارکردنەوە و بەواتایەکی تەواو پێویستی بەپەروەردەکردن بێ.

هەروەها شۆڕشکردنیش لەناو وڵاتێکی بەم ڕەنگەدا شۆڕشکردنێکی ئاسایی و ڕووبەڕوو نییە لەگەڵ تەنیا دوژمنێک لێ ڕووبەڕوویە لەگەڵ چەندین شێوازی دوژمنایەتی، ڕووبەڕوویە لەگەڵ جۆرەها دوژمن و دوژمنگەلی ڕەنگاوڕەنگ.

خۆڕاگرتن پاشان سەرکەوتن لەم واقیعەدا پێویستی بەسەرکردەی لێهاتوو هەیە لێ لێرەدا پرسێکی گرنگ دێتە پێشەوە و لای من وایە و وای تێ دەگەم، دەبێ کار بۆ سەرخستنی و چەسپاندنی بکەین و کارێکی ڕەواشە لایەنێکی گرنگی کۆنگرەی (١٠٠) ساڵەی بارزانی نەمر بۆ ئەوە بێت

ئەویش باسکردنە لە سەروەرییەکانی بارزانیی لە (کەسایەتی ستراتیجی نەتەوەیی مستەفا بارزانیی نەمر).

ئێستا ئێمە لەبەردەم ئەرکی زۆر گرنگی مێژووییداین بەنسبەتی کورد و کوردستان، لەبەردەم ئەرکی دروستکردنەوەی کەسایەتی ستراتیجی کوردیداین و تەکوینکردنی لە ڕووی مەعنەوی و باوەڕ و پرنسیپەکانی، لە ڕووی ئامادەیی مەیدانی بۆ کار و تێکۆشان.

من لێرەدا داخم بۆ ئەوە هەیە کە وای دەبینم تێگەیشتنی غەڵەت هەیە بۆ ئەم قۆناغە، ئەگەرچی تێگەیشتنەکە لەلایەن هەموو کەسەوە نییە، تێگەیشتنە غەڵەتەکەش ئەوەیە کە گوایە سەردەمی خەبات بەسەرچووە...

نەخێر سەردەمی خەبات ئەمڕۆیە، سەردەمی تێرکردنی و هەروەها زامنکردنی دەسکەوتەکانی خەباتی ڕابردوومانە، دەبێ ئەم هزرە لای جیلی تازە بسڕینەوە، چونکە شێوازی خەبات کورتکراوەتەوە بۆ یەک شێواز کەچی شێوازەکانی خەبات زۆرن و ئەوەش خزمەتە بەدەسکەوتەکان کە بەرهەمی ڕابردووی پڕ لە خەباتمانە.

هەر کەسەو بەشبەحاڵی خۆی بەشێک لە ئازارەکانی دوێنێی بەرکەوتووە...

لە ڕیزی پێشمەرگەیەتیدا، یان وەک هاووڵاتیەکی کورد دووچاری ڕاگواستن و ئەنفال و کیمیاوی، زیندان یان چاو لێ سوورکردنەوە بووە، هەتا هەندێک لەوانەیش کە چەکیان بۆ دوژمن هەڵگرتووە، ئەوانیش لە ئازارێکا ژیاون کە ناوەرۆکەکەی گەمارۆ و زەمینە و دەوروبەر (محیط)ێک بووە کە ئەوانی تیادا ڕووبەڕووی چەندین دیاردە کردوەتەوە، ئەوەش بەسەرەخو ئازارێکە، ئەمڕۆ ڕۆژی تێکۆشانی هەموو لایەکمانە تاکوو بەرهەمی خەباتی دوێنێ بپارێزین و ئەمڕۆش بناغەیەکی بەهێز بۆ داهاتوومان دابنێین.

بێ شک ئەوە بابەتێکە پێوەندی بەپرنسیپەکانی ژیانی خەڵک و



فەرهەنگی ژیانیانەوە هەیە، ئەوە بابەتێکەو ئاستی ژیان و خەڵک دیاری دەکات... کارێک نییە بەتەوجیهات بکرێت کارێک نییە بەوتارێک و دوان بکرێت، ئەوە ڕێبازێکی ژیانە و دەبێ لەناو جیلەکاندا خۆی بەهێز بکات و لە عەقڵی مرۆڤەکاندا بێتە (مەراق) بێتە پرس و کێشە و ئاڵۆزی و خۆی غەمی مانەوەی خۆی بەرچاو بکات...

کەسایەتی ستراتیجی خاوەنی بنەما نەتەوەییەکانە... (ئەمڕۆ ئێمە پێویستمان بەخوێندنەوەی بارزانیی نەمر هەیە کە هێشتا نەمان خوێندوەتەوە، پێویستمان بەتێگەیشتنە لە خەسڵەتەکانی کە هێشتا نەمان ناسیوون، پێویستمان بەخۆ نزیککردنی زیاتر لە بارزانی کە هێشتاش زۆر لایەنی کەسایەتی ئێمە لێی دوورە...

هێشتا پێویستمانە هاوقەتاری ڕێبازی بین کە کەممان لێی بڕیوە.

بارزانی ناوەرۆکی بزاڤێکە کە ناوی ژیان و هێزی ڕێ کردنیشی هەناسەی خەڵکی هەناسەساردی کورد و سەرکردایەتییەکەش ئامانج و ئاواتەکانی گەل و نیشتمانەی کە هەر لەو پێناوەشدا بەوپەڕی ئەمەکداری (بارزانی مستەفا) سەرجەم ژیانی خۆی پێشکەش بەم خسڵەتانەی خوی و ڕێباز و هەناسەی خەڵک و ئامانجەکانی میللەت کرد کە خودی ڕێڕەوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردییە.

ئێمە لە وڵاتێک بووین کە لە ڕۆژهەڵاتدایە واتا لەناو گۆشەگیری ڕۆژهەڵاتدایە، لەناو سایکۆلۆژیای ڕۆژهەڵاتدایە، سەرباری ئەوەش لەناو سیاسەتەکانی بەعسیزمدا بووە کە کورد و مەزهەبەکان و تۆپۆگرافیای میزاج و کولتوور و دابونەریتی کوردی بەکۆسپ زانیوە لەبەردەم گەشەکردنی خۆی لە مەیدانی پان عەرەبیزمدا... لەوپەڕی گۆشەگیری و تاریکستانی ئەنفال و کیمیاوی جینۆسایدگەلێکی نەتەوەیەک بۆ نەتەوەیەکدا بەمرۆڤ و دار و بەرد و خاکەوە سوتاوین ئا لەوێوە لە وێستگەی بەهاری هەزار و نۆسەد نەوەدویەک، بەسەر دنیای (تۆڕەکانی گەیاندندا گەیشتین) ئا لەو

کاتەدا ئێمە بڵاوبووین، توشی بڵاوبوون بووین... هێشتا چ ڕێگامان نەبڕیوە سست بووین، کە دیارە لێرەدا مەبەستم جیلی تازەیە و جیلی کۆنیش کۆیلەی خەیاڵەکانی دوێنێ بوو... (مەبەستم لە جیل تەنیا لە ڕووی تەمەنەوەیە).

ئێمە پێویستمان بەوە هەیە خۆمان کۆبکەینەوە، وەک تاک هەر تاکێک خۆی کۆبکاتەوە هەمووشمان کۆببینەوە دەوری یەکتر... لێرەدا من دژی جیاوازییەکان نیم، لێ پێویستە هەموومان بەسەرجەم جیاوازییەکانمانەوە ماڵێک بپارێزین کە هەموومان تیایدا کۆدەبینەوە و دەحەسێینەوە...

ئاسایشی ئەمڕۆ و سبەینێی بۆ دابین بکەین، لێ نەگەڕێین فراوانی ڕووبەرەکەی بەرتەنگ بکرێتەوە، چونکە ئێمە لە مێژووی ئەم خاک و ڕووبەڕووەدا غەرق بووین...

کۆبوونەوەمان تەکوین بوونی کەسایەتیمانە، ئەوەش نەک خۆپارێزێکی کۆنەپەرستانەی نەتەوەیی کە کۆیلەی کلاسیکیەتی دوێنێیە، بەڵکو خۆ تەکوینکردنی سەرەتا بەوەی کە بتوانین لە ئاستی ئاستە جیاوازەکانی ئەمڕۆدا بین، ئەوەش پێویستی بەزانا بوون هەیە، پێویستی بەیەکتر قەبووڵکردن هەیە، پێویستی بەرێزلێنان هەیە بۆ دەوروبەر و دەرەوەی دوور... بێ شک بەتیۆریزەکردنی (باوەڕ، خەسڵەت، ئامانج، شێوازی پێوەندی و ڕوحیەت)ی (بارزانیی نەمر) کە پڕاوپڕە لە پراکتیک دژی بیرۆکراتیەت و خۆ بەزل زانین و جیاوازی دروستکردن لە ڕووی خێڵەکی و ناوچەگەرییەوە، ئا بەم ڕێبازە و هەزمکردن و کردنی بەکولتووری ژیانمان هی ژیانی کادر و پاشان ئاستە جەماوەرییەکان... دەتوانین لەناو خۆماندا ببینە هێزێکی تێکۆشەری پراکتیکی گەورە و تێکەڵ و خاوەن پاڵپشتی دەرەکی و بەهێز و خاوەن مۆراڵ لە تێکۆشاندا.

بۆیە هەروەک سەرەتا باسم کرد ئێمە هەر کاتێک لێکۆڵینەوە بکەین کاتی خۆیەتی و ئەرکێکی لێوەشاوەی خۆمان ئەنجام داوە.



**سێیەم**

دوێنێی بەر لە چوار پێنج دەیەی ساڵەکان دنیا وەک ئەمڕۆ نەبوو، مەرجەعیەتی پرس و ڕاو قەناعەت هەمووی لە حزبدا کۆبووبوونەوە، کەچی ئەمڕۆ تەکنۆلۆژیا و کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و سەرجەم تۆڕەکانی تر، بۆتە مەرجەعیەتی خەڵکێکی زۆر، ژمارەیەک خەڵکیان بەخۆیانەوە گرێ داوە (ئا لەوکاتەدا) کە شاشەی سەرجەم دیتنەکان (بارزانیی نەمر) بوو، بارزانیی نەمر ڕێبازێکی مرۆڤایەتی ڕاستی نیشانی خەڵکدا کە ئەمڕۆ لە سایەیدا لێبوردنی جۆراوجۆر لە کوردستان هەیە و فایلمان لەسەر ئاستی دنیا پاکە، دانانی ڕێبازی کوردایەتی بەتەنها دەسکەوتێک نییە کە بۆی دانابین، ڕێبازی کۆمەڵایەتی ژیانیشی بۆ دانابین...

ئەوە بارزانیی نەمر بوو لە ڕابردوودا لەو کاتەدا سەرکردایەتی شۆڕشی ١٩٦١ی دەکرد ئا لەو کاتەدا و بەنسبەتی ئەو کاتە و تا ئەمڕۆش (چارەنووسی کۆمەڵایەتی ئێمە) و (پرسی چارەنووسی بەرەو کوێی) بەئازادییەوە و بەرەو ئاسۆیەکی گەش ڕێگای نیشان دا و هەتاکوو فێری ئەوەشی کرد بکەوێتە سەر پێ و بەڕی بکەوێت سەرجەم ژیانی خۆی پێشکەش کرد...

ئەمڕۆ ئێمە پێویستمانە لە سۆنگەی ئەم ڕێبازە جارێکی تر (چارەنووسی) کۆمەڵایەتی خۆمان قسە لێ بکەین هەر چەندە ئێستا بێ ئاگا نیم لە سەردەمی ئێستا و کارتێکردنەکانی جیهانگەرایی، کەچی دیسان ئێمە فرسەتی گفتوگۆیەکی بەم شێوەمان هەیە.

(بارزانیی نەمر) پەرتەوازەیی کۆکردەوە سەر یەکتر، جارناش شێوازی جۆراوجۆری بۆ گرتووەتە بەر، لە ئەنجامدا سەرباری ئەملاو ئەولاکردنی ئیتنکی خێلایەتی ژێرخانی کۆمەڵایەتیان دواجار فێری تێکۆشانی بەهەرەوەز بووین، کەسایەتییەکان هەریەکە و لە گۆشەیەکی بیر و خەیاڵی تایبەتیەوە هێنایە سەر ڕێبازێک کە ئامانجی خزمەت و دروستکردنی

گیانی سیاسی کورد و دەسکەوتە ڕۆشنبیری و کولتووری سەرجەم بەهاییەکانە...

خۆ هزر و خەیاڵی تاکی ئەو کاتە لە مەودای خەیاڵەکانی تاک وەک تاکێکی ئازاد نەبوو، کەچی سەرباری ئەوەش فێرکرا خەیاڵەکانی بۆ ئازادی گەورە بکات.

بارزانیی نەمر ڕاستەوخۆ داوای ئەرکەکانی لە کەس نەدەکرد (ئەویش ناوەرۆکی ڕێبازەکەیەتی) بەڵکو کاری لەسەر کەسایەتی کۆمەڵەکان دەکرد و وە بیروباوەڕ و توانای کاری پێ ئەدان و هەردووک بەرەی حەق و ناحەقیشی نیشان ئەدا و پاشان کاری لێ داوا دەکرد، ئەو جار سەرکەوتن و سەرنەکەوتن دەگەڕێتەوە سەر ئەم کەسایەتییە ئاخۆ چەندە خۆی بەهێز دەکات. دروستکردنی پارتێکی بەهێز دەسکەوتێکی سیاسی گەورەی بارزانییە... کەچی هەر دروستکردن دەسکەوت نییە... چونکە بەیان دەرکردن ئاسانە و ناونانی چەند کەسێکیش بەجۆرەها ڕەنگ هەر ئاسانە، لێ لەوسادا دروستکردنی پارتی سیاسی کۆمەڵایەتی جەماوەری کە بتوانێ شۆڕشی ١٩٦١ بەرپا بکات، بێ شک چرکە بەچرکە خەباتی بۆ کراوە... پارتی دیموکراتی کوردستان وە شۆڕشی ١٩٦١، وە ڕووداوەکانی ژیانی (مستەفا بارزانی) لەو کاتەدا ئەزموونی تاقانەی لەم ڕەنگە بوون، دێمەوە سەر قسەیەک کە پێش ئێستا کردم ئەوکاتە لەم ئەزموونی تاقانەدا بارزانی شاشەی سەرجەم خەڵک بووە... هەرچی کە بارزانیی نەمر بڕیاری دابایە جێبەجێ دەبوو، لێ چ جارێک خەڵکی فێری ئەوە نەکرد بەئاقاری خەباتێکی نادیموکراسیدا بڕوات، ئەم یادەش بەرهەمی کولتوورێکی بارزانییە کە خۆی فێری کردین ئەویش کار و شۆڕش وتێکوشانی بەهەرەوەزە... هەر بۆیە بەڕەوای دەبینم لە شێوازێکی جیاواز لە نووسینی دێرەکانی سەرەوەم ڕوو بکەمە کۆنگرەکە و بڵێم:

بارزانی نەمر، ئەمڕۆ پێکەوەبوونمان دەبینی، هەموومان هی ڕێبازەکەیتین



و فێری خۆشەویستی بەهەرەوەزت کردین، فێرت کردین وڵاتمان خۆش بووێت و خۆمانی بۆ قوربانی بکەین و فێربووین سەرکردە مێژووییەکانمان و لە سەرویان تۆی شۆڕشگێڕ تۆی ڕێباز دانەر، تۆی پراکتیکیمان خۆش بووێت و وەک سەروەتێکی نەتەوەیی گەورە و سەرەتای مێژووییەکی نوێی، مێژووی سەرفرازی لە دایکبوونەوەمان لە دڵماندا تۆماریان بکەین.

لەناو دوێنێی تارمایی ناو قەیرانەکاندا، لەناو دوێنێی دوای جەنگە گەورەکاندا، لەسەر مێزە تاڵەکانی خوێندەوارە بیانییەکان، لەسەر کاغەزی لووس و بەنووکی مەرەکەبی ئەوان خوێنی ئێمە دەڕژێندرایە ناو تۆپۆگرافیای دنیای واقیعی نوسراوەکانیان ئا لەم کاتەدا مستەفا بارزانیی نەمر گەلێک کە قوربانی دوای شەڕەکان بوو... لە ناوچە پشتگوێ خراوەکاندا ئەژیا... پاشماوەی جێنوسایدە کۆنەکانی وڵاتی برینداری نێوان دوو ڕووبار و دەیان دین و سی ئیمپراتۆری ستەم کار بوو.

ئا لەم پەرێزە وێرانەی کە پاشماوەی ئەوپەڕی دڕندەیی و بێ ویژدانی و غەدر و خیانەتی مێژوو بوو... دوای گۆڕانکارییەکانی جەنگی یەکەمیش و لە هاوکێشەکانی جەنگی دووەم نائومێدییەکانی دوای کۆمار ئێمەت ڕێ پێ کرد و گەیاندتینە ئەمڕۆ... ئەمڕۆش هەر بەرهەمی ماندووبوونی ئێوەی نەمرین کە ناتوانین دەست بەرداری ساڵ بەساڵی، ساڵی لە دایکبوونت بین و لەسەر ڕێبازە پیرۆزەکەشت هەر بەردەوام دەبین کە ئەمڕۆ خەسڵەتەکانی سەرکردایەتی کردنتان لە سەردەمێکی جیاوازی سیاسیدا لەلایەن جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانییەوە نوێنەری دەکرێنەوە و هەر لەژێر سەرکردایەتی جەنابی سەرۆکدا پارتەکەمان لەناوەوە و دەرەوە خزمەتی گەورە پێشکەشی کورد و مێژوومان دەکات و... کوردیش وەفاداری ڕێبازەکەی ئێوەی نەمرن و ئەوەش لە ئاوێنەی کۆنگرەکەوە دیارە.

# لە بیرەوەری کاک ئیدریس بارزانیی هەمیشە زیندوودا

## ئەو سەرکردەیەی چۆکی بەمردن دادا و ژیانی خوڵقاند

١

دەمێک بوو، دەمویست دەربارەی کاک ئیدریس بارزانیی هەمیشە زیندوو سەرکردەی گەورەی گەلەکەمان شتێک بنووسم، کەچی هەر کە دەمویست ئەم بیرەم بکەمە پراکتیک و قەڵەم بەسەر کاغەزدا بهێنم دوو ئاستەنگ لەپێشم زەق دەبوونەوە، لە ئەنجامی هەردووکیشیاندا ناچار کارەکەم وەک خۆی دەهێڵا...

ئاستەنگەکانیش ئەمانە بوون...

**یەکەم**: دەمگوت تۆ بڵێیت بۆ من کە ساڵانێک لە خزمەتی جەنابیدا بووم، بتوانم شتێک بنووسم شایەنی گەورەیی و لێهاتوویی شەهید و نەمر و گەورەمان کاک ئیدریس بارزانی بێت. بەتایبەتی کە لەوانەیە کەسانێک پێیان وابێ، یان لەسەری نانووسم یان منیش یەکێکم لەوانەی دەتوانم ڕاستییەکانی ژیانی، وێستگە گرنگەکانی، ژیانی ئەم سەرکردە مەزنە لە قۆناغە گرنگەکانی خەباتی سیاسیی کورد باس بکەم و بە هاووڵاتی و هاو قەتارانی ڕێبازەکەی و نەوەی نوێی ڕابگەیێنم...!!

**دووەم**: دەموت و دەشڵێم ئاخۆ پێوەر و پرنسیپە هەنووکەییەکانی سیاسەت ڕێگام پێ دەدەن هەگبەی زۆرێک لەو شتانە بکەمەوە، کە بەندەش بەش بەحاڵی خۆم دەربارەی کاک ئیدریس بارزانی دەیزانم، ئاخۆ باسکردنی بەبێ هەڵوەستەکردن و لەسەر وەستانی زۆر لە کار و چالاکی و تێڕوانینەکانی، بڕیار و ڕاسپاردەکانی، وێستگە گرنگەکانی ژیانی کارێکی تێر و تەواو دەبێ؟؟

بێ شک هەتاکو ئێستاش کۆسپم لە ڕێگادایە، نەدەتوانم بابەتێ بنووسم کە پڕاوپڕی توانا و خەسڵەتەکانی، هەروەها ڕوونکردنەوەی سەرجەم



لایەنەکانی ژیانی بێت و نەشئەوەی لەناو دڵمدایە هەمووی بڵێم و لە پرۆژەیەکی دیکۆمێنتیدا بیخەمە ناو کتێبخانەی کوردی. بەوحاڵەش لێرەدا وەک ئەرکێکی ویژدانی و خەسڵەتی هاوڕێبازی شۆڕشگێڕانە لە بیرەوەری ئەم سەرکردەیەدا بابەتەکە پێشکەش دەکەم.

### ڕێباز و تیۆری خوێندنەوەی نەمران دەبێ چۆن بێ

توانا و هێزی (سەرکردایەتی) لای کاک (ئیدریسی لە یادنەچوو) ئەو شتە نییە لەناو کۆمەڵێک بابەت بۆی بگەڕێیت و قسەی لەسەر بکەیت! بەڵکو ناوەندی هێز و بڕشت و توانای کارای نەمریان لە بواری سەرکردایەتی و هونەری سەرکردایەتیدا بوو، پاشان لایەنە گرنگەکانی پەیوەست بەکار و چالاکی و وشیاری و لێوەشاوەیی سەرکردایەتی ئەم لقوپۆپ و توانایانە بوون کە لە ژیانیدا دەبینران و ڕەنگیان بەبارودۆخی ئەوسای شۆڕش دەدایەوە.

قسەکردن لە ڕۆڵێکی گرنگ و مێژوویی، یان بوارە تایبەتمەندەکانی شۆڕشگێڕان لە هەر شوێنێ، لە هەر کاتێکا هاوشێوە و یەک نییە!

خوێندنەوە یان قسە لەسەرکردنی بابەتێک کە پێوەندی بەزەمەنێکی دووری ڕابردووەوە هەیە بەبێ لێکدانەوەی ڕەهەندەکانی ئەو زەمان، خوێندنەوەیەکی ڕواڵەتی دەبێ یان لانی کەم نووسینەکە داناکەوێتە ناو بنچینەی ئامانجە مەعریفییەکانی بابەتی مەبەستی سەرەکییەوە. لە مەیدانێکدا کە زمانی دیالۆگ نازانێ، نرخی مرۆڤ و نرخی هیوا و ئومێدی مرۆڤ زۆر سنووردارە، کە هەڵوێستەکان لەناو کۆسپ و ئاستەنگی گەورەی کۆمەڵایەتی –مێژوویی گەورەدا دیاری دەکرێن و پیلان و پلان و (الخطه والمؤامره) هەروەها دژایەتی تا ئەوپەڕی پیشەی هەرە ئاساییە، چۆن سەرکردەیەک دەگاتە ئاستێکی بڵند، کە مێژوو لە بیری نەکات و دوای شەهید بوونیشی هێزی کار و هەوێنی ڕێکخستنی خەبات و ڕووناکی ڕێگای ڕزگاری و سەرفرازی بێ. لە کاتێکدا سەرکردەکە هی

گەلێک بێ کە هێشتا (مەبەستم لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووە) دوورایی ڕووداوەکانی ژیانی زەلال نین و لەناو پرۆسەیەکی نەخشە بۆکێشراوی توانەوەدا ژیان بەسەر دەبات.

لەو کاتانەدا کێن ئەوانەی دەبنە جێگای ئومێدی هاوسەنگەران و جەماوەر، ناحەزانی شۆڕش و گەلیش ڕقیان لێیان دەبێتەوە، لەناو ئەم لێکدانەوانەدا لەنێو هێرشی سەربازیی ناحەزانی کورد و شەڕی هەمەچەشنەی دەوروبەر لە ڕووی نەفسی و ڕاگەیاندن و پڕۆپاگەندەی قێزەوەندا، ئا لەو کاتەدا تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی و هونەری فەرماندەیی شۆڕشگێڕانە و لێوەشاوەییەکەیان بەر ئەنجامی چ زەمینەیەکی ژیان و ئەزموونەکانن؟ ئەمانەو سەدان پرسیاری تر، ئەم پرسیارانەن هێشتا قسەیان لەسەر نەکراوە و پێویستیان بەوە هەیە کاتیان بۆ تەرخان بکرێت و شرۆڤە بکرێن و بەپێی ڕێبازگە و تیۆرێکی زانستی دوور لە سۆز و هەڵپە و هەروەها لایەنگیری ڕواڵەتی لێکۆڵینەوەیان دەربارە بکرێت.

گەرچی کاک (ئیدریس بارزانیی هەمیشە زیندوو) کوڕی یەکێک لە گەورە سەرکردەکانی ناوچەکە (مستەفا بارزانیی) نەمر بوو، بەڵام خۆشی توانایەکی گەورەی شێوازی سەرکردایەتیکردنی لا بەرجەستە بوو بوو کە بەشی بنچینەیی و هەرە گرنگی (بارزانیی نەمر) خۆی بوو، یەکێک لە توانایەکانی کە من شاهێدم، سەرسامبوونی بوو بەکەسایەتی بەرز و توانا و لێوەشاوەیی (بارزانیی نەمر) ئەوەش ڕاست و دروستترین تێڕوانینی (کاک ئیدریس) بوو کە دوور لە ئینتمای باوکایەتی و خێزانی، خاوەنی هەڵسەنگاندن بوو. ئەو پێی وابوو دەبێ (سەرکردەی) میللەتی کورد و شۆڕشەکەی بۆ بەرجەستەکردنی توانای سەرکردایەتی بۆ بەرگەگرتنی زەحمەتییەکان بۆ ئەوەی ببێتە جێگای متمانەی گەلەکەی و هاوبیر و هاوڕێبازانی، دەبێ خەسڵەتەکانی پرەنسیپ و ئاکاری ئەوەندەی بتوانێ نزیکی خەسڵەتەکانی (بارزانیی نەمر) بکات هەر لە ڕاستگۆیی و خزمەتی بێ سنووری بۆ گەلەکەی، تاکو جەسارەت و ئامادەیی مەیدانی



لەناو پرۆسەی شۆڕش و بڕیاری شیاو و خێرا و لە جێگای خۆیدا.

راستە چەند بارودۆخ سەخت و زەحمەت بێ، ئازار و ئەشکەنجە زۆر بێ، هەوراز و نشێوی ژیانی شۆڕش ئاستەنگی سەر ڕێگای خەبات بێ، ئەوەندە سەرکردەی بەتوانا و خاوەن ئیرادەی بەهێز بەپێی هەمان دەورووبەری (محیط) ژیانیان دروست دەبن، ناشبێ حاشایی لەوەش بکەین هەمان بارودۆخ بوونە هۆی ئەوەی زۆر سەرکردە ڕووی خۆیان بەبارێکی تری پێچەوانە بگۆڕن (کاک ئیدریس بارزانیی هەردەم زیندوو) پێ گەیشتووی ناو قوتابخانەی (بارزانیی نەمر) و کوورەی خەباتی (ئەم) قوتابخانەیە بوو، کە سەرەڕای توانا خودییەکانی (بارزانیی نەمر) (کاک ئیدریسی هەرکات لە یاد)ی تیادا خولْقابوو وەک درێژکراوەی، پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕانەی خاوەن بونیادێکی پڕ لە جموجۆڵی سیاسی و چڤاکی و پراکتیکی. ئەوەش سروشتی (کاک ئیدریس بارزانی) وا خولْقاندبوو، پرسیاری زۆر و زەحمەتی نەکات بەڵکو خۆی وا ڕاهێنابوو، بۆ زۆری و زەحمەتی دروست بووە و، **(بێ شک سەرمەشقی خەباتی ئەوساش زۆری و زەحمەتی بوو، سیاسەت، مەعریفە، دیموکراسی، بەڕێوەبەری باش، دیبلۆماسی باش، کارامەیی و دەیان چەمکی تر خۆیان لە پرۆسەی شۆڕشدا دەدۆزیەوە و ئەم بوارانە ئەمڕۆ لەم زەمینە بابەتییەی سەردەمی دەسەڵاتی سیاسیدا هەلیان بۆ ڕەخساوە، کەواتە ڕەوا نییە گەورەی سەرکردە نەمرەکانی کورد بەتەنیا لەناو بواری پرۆسەی سەربازی و پارتیزانیدا گۆشەگیر بکرێن و بخوێندرێنەوە)**.

دروستتر ئەوەیە لە سەردەمی (شاخ)دا شێوازی شۆڕش و شۆڕشکردن و سەرکردایەتیکردن، مەعریفەی شۆڕش، پەروەردە و فێرکردن، ئاوەدانی و، هەروەها دیموکراسی و دەستەبەرکردنی دوارۆژی سەرجەم بوارەکان بەئەدەب و هونەریشەوە تێکڕای ئەم و ئەو بوارانەی کە ژیان بەواتا و مانا دەکەن نەخشەی سیاسی و کەلتووری و سایکۆلۆژییان بۆ دەکێشرێت و بەرهەم دەهێنرێن. من وای دەبینم لەسەر وزەی ڕۆشنبیری کوردی و دامودەزگا و

هەروەها سیستەمە جیاوازەکانیەتی بۆ ئەوەی ناوەرۆکی خۆیان جەوهەریتر، تۆکمەتر دابڕێژن و بەهێز بکەن تێروتەژی بکەن، پێویستە هزر و بیر و مەنهەجی پێ هەڵسەنگاندنیان بەتێڕوانینی زانستیانەی شۆڕش و ئەم سەرکردانەی گیانیان بۆی بەخت کرد لەسەر ئامانجە مەعنەوییەکانی دیاری بکەن... لەبەرچاوی هەموو لایەکمانە کە ئەمڕۆ لە کاتی لێکۆڵینەوەی ژیانی سەرکردەی شۆڕشەکانمان، زانایەکانی بواری جۆراوجۆری کورد، فەیلەسوفانی کورد، شاعیرانی کورد و وێستگەکانیان، خەونەکانیان، ئامانجیان و هەتا شێوازی ژیانیان بەزەحمەتی و گریمانە و ئەگەری زۆرەوە لێیان دەکۆڵێتەوە و، زۆرجار؛ دوورنییە دنیایەکی فەنتازی جیاوازیان کە دوور و نزیک پێناسەی ژیانیان ناکات بۆ دەسازێنن.

لەوانەیە پاساومان ئەوەبێ بەر لە چەند سەد ساڵێک، توانای نووسینی کەم بوو، هەل نەدەڕەخسا، سیاسەت ڕێگەی نەدەدا، ئارامی نەبوو، بۆیە بەپێی پێویست لە کاتی خۆیاندا قسەیان لەسەر نەکراوە، دیکۆمێنت نەکراون، بەڵام خۆ ئەمڕۆ کەم نین ئەوانەی لەگەڵ سەرکردە نەمرەکان، شاعیرە شۆڕشگێڕەکانمان، فەرماندە قارەمانەکانمان، ژیان، نەخاسمە ژیانی سەرکردەیەکی گەورە و کەم وێنەی وەک کاک ئیدریس بارزانیی هەر کات زیندوو کە دەکرێت بەسەدان دەنگ قسە لەسەر ژیانی بکەن و گەورەیی بیروباوەڕ و ئاستی دڵسۆزییەکەی، جەسارەتی بیبێتە هەوێنی پێگەیاندن و تەکوین پێ کردنی کەسایەتی کادری شۆڕش و دەسەڵاتی سیاسی کوردی کە هەمیشە پێویستی بەکادری بەم شێوەیە هەیە کە بەهەمان دڵسۆزی و پراکتیکی سەرکەوتووانە خزمەتی گەلەکەی بکات، چونکە کاک (ئیدریس بارزانی) ئەوەندەی لە نزیکەوە دیتمان شایەدی ویژدانی و بەئەمانەتەوەین کە چیایەک بوو لە بڕیاری نەگۆڕی شۆڕشگێڕانەدا، لە مشوور و کار و هەڵسوڕانی لێوەشاوە، چیایەک بوو لە ئیلتیزام بەسیستەم و ڕێسای پارتایەتی، چیایەک بوو لە ئاشتی و تەبایی، لە باوەڕ بەخۆبوون، لە باوەڕ بەسەرکردایەتی و بەبارزانی بوون، لە باوەڕ بەگەل بوون لە جەسارەت، لە



جەسارەتی شۆڕشگێڕانەی ژیانی شۆڕشی گەلێکی شۆڕشگێڕ، لە هەڵسوکەوتی سەرکەوتوو، لە دیبلۆماسیەتی سەرکەوتوو، لە گیانی گەلیی و جەماوەری، لە ورە و باوەڕی گەورە، باوەڕی بەخۆی بوو کە ئەم جەوهەرە ڕەنگی دابوە سیمایەکەی و شێوەیەکی بۆ خوڵقاندبوو، تەنیا کە تەماشای کاک (ئیدریس بارزانی لە یاد نەچوو)ت دەکرد، سیما سەرکردایەتییەکەی وای لە بەرانبەر بەتایبەتی پێشمەرگە و کادر و ئاوارە خۆڕاگرەکان دەکرد، دنیایەک ورە و هێزی ژیانی لێ وەربگرن و هەست بکەن لەناو بارودۆخە هەرە سەختەکاندا چیایەکی بەهێزیان لەپشتە و بەهیچ شتێک ناشکێن. هەر ئەم هەڵسوڕان و جەوهەر و سیمایەش بوو، بوو بەجێگەی سەرنج و تەوجیهی ناحەزانی و سەرەڕای ڕق لێ بوونەوەی دەویسترا لە بایەخی کەم بکەنەوە. کەچی هەمیشە پارتیمان خاوەنی ئیرادەیەک بوو، کە سەرچاوەکەی ڕێبازی (بارزانیی نەمر) و سەربەرز لە مەیدان کاراتر کاری کردووە.

## ٢

## تایبەتمەندییەکان و هەڵکشان لە ژیانی کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوودا

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ژیانی ئەوە بوو کە باوەڕی تەواوی بەکەسایەتی و ڕۆڵی (کەس) هەبوو، لە ئەنجامدانی کاری سەرکەوتوو، لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵ و بەشەکانی ژیانی سیاسی و ئیداریدا. بۆیەش هەردەم ئامادە بوو خۆی چارەسەری کێشە و گیروگرفتەکانی یەکە یەکەی کادر و فەرماندەکان بکات. لە ژیانی شۆڕشدا یەکەمینایەتی (اولویات)ی کاری سەرکردە شارەزاییەکان دروستکردنی ئەم کادر و پێشمەرگە قارەمان و خۆبەختکەر و دلێرانەیە کە ئاماژەن بەهێز و بیروباوەڕیان زەمینەی ژیان و سەرکەوتن و بەجێهێنانی مەرامە سەرەکییەکانی شۆڕش بەرجەستە بکەن.

لە کاتی شۆڕشکردن و بەڕێوەبردنیدا، سەرمایە و بەهای هەرە گەورەی شۆڕش ئەم ڕێبازە و ئامانجەیە کە شۆڕش لەپێناوی گەل و نەتەوە و

نیشتمان هەیەتی یان ئەو کەسایەتییانە کە ئەندامی کارای شۆڕشن و ئامادەن گیانی خۆیان بدەن.

لە ژیانی کاک (ئیدریس بارزانیی هەمیشە زیندوو)دا هێجگار زۆرن نموونەی زیندووی بەو شێوە؛ کە چۆن شیاوە کادری خاوەن شیان پێ بگەیەنێ، بێ شک لەناو شۆڕشدا کە پڕە لە زۆری و زەحمەتی کار و کاردانەوە، هەمیشە دڵڕەنجان و جار ناجار بێ ورەبوون لە چەندین کەسا دەبینرێت، بەڵام هەرکاتێک لەوپەڕی بێ ورەیی و پەستیدا کادر یان پێشمەرگە تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت کاک (ئیدریس)ی دیتبا و قسەی لەگەڵ کردبا، بێ شک هاوکێشە و ورە و باوەڕی کەسایەتی و حساباتی دەگۆڕا و بەخۆیدا دەچۆوە و پاش ماوەیەک ئەوەندە بەگەرموگوڕی و حەماس لەناو شۆڕشدا دەتبینی هەرگیز پێت وانەبوو ئەم کادرە کادری ڕۆژێک لە ڕۆژانی نائومێد بوونیەتی!!

بێ گومان هەرچەندە شۆڕش لە پێناوی ئازادیدا لەسەر حەق و ڕەوایەتی بێ چەندە ڕێبازەکەی ڕاست و بێ غەش بێ، چەندە زوڵم و زۆرداری لە نەتەوەو نیشتمان بکرێت، ئەوەندە ئەرکی شۆڕش؛ دروستکردنی کادری خاوەن بەبیروباوەڕە... شۆڕش کار دەکات بۆ ئازادکردنی بیروباوەڕی خەڵکی خۆی؛ هێندەش دوژمن کار دەکات بۆ شکاندنی بیروباوەڕی خەڵکی گەلی ژێردەستە، کاک (ئیدریسی هەمیشە زیندوو) هەرکات دەیفەرموو (کەسێک باوەڕی بەدۆزی خۆی هەبێ، بەدڵ و بیروباوەڕێکی بەهێز کار بکات و هەموو توانای خۆی بۆ سەرخستنی ئامانجەکەی تەرخان بکات و پێی وابێ دەبێ هەر سەربکەوێت و سوور بێ لە سەرکەوتن هەر سەردەکەوێت و دەتوانێ کاری زۆر گرنگ ئەنجام بدات). لەبەر ئەوە بوو زۆر جەختی لەوە دەکردەوە کە دەبێ پێشمەرگە و جەماوەر لەوپەڕی ورە بڵندی و ئومێددا بژین و، پێی وابوو مرۆڤ بەبێ ورە و مەعنەویەت بوونێکی بێ چارەیە و ورە و ئومێد و باوەڕی بەرز دەتوانن وا لە مرۆڤ بکەن سەرکەوتنی خۆی بەدەست بێنێ.



هەر لەبەر ئەوەشە کە دیدار و خۆپێوەخەریککردن و ڕێنمایی کاک (ئیدریس بارزانی) بۆ پێشمەرگە و فەرماندەکان و ئاوارە سەربڵندەکان بەشێکی گرنگی گرانایی کار و تێکۆشانی پراکتیکی بوون لە ژیانیدا، یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی تری ژیانی بەرزی هەمیشە زیندووی پێک دەهێنا، جگە لەوەی وەک شەخسی خۆی هێجگار عەمەلی و هەڵسوڕا و بوو، هەمیشە چاودێری کارەکانی خۆی دەکردن و دیفچوونی (متابعە) بەدوادا دەکرد و دەیویست بزانێ چەندە جێبەجێ دەبێ و ئەنجام بەدەستەوە دەدات، یەکێک لەو ڕەوشت و خەسڵەتە گەشانەی ژیانی کاک (ئیدریس بارزانی) چاودێری کاروبار و بڕیارەکانی بوو، لەوانەیە لە ئەمڕۆدا زیاتر لە هەر کاتێ کادری پارتیمان پێویستی بەم تایبەتمەندییە بێ لەخۆیدا بەرجەستەی بکات. بەتایبەتی کە سەردەمی (دەسەڵاتی سیاسی) سەردەمی بەڕێوەبردنی ئیدارەکانی حوکمی و هەروەها پیشەکانیەتی ئەگەر وەک کێشەیەک (بیرۆکراتیەت) تەماشا نەکەین بەتایبەتی کە بیرۆکراتیەت بۆ ئەمڕۆی بارودۆخی کورد نەخۆشییە. ئەوا ئەگەر شەڕ لە دژی بیرۆکراتیەت نەکرێ، دوور نییە زۆربەی بڕیارەکان بەنیوەچڵی بمێنێتەوە هەروەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، بەتایبەتی بۆ کورد کە هێشتا لە سەرەتای پێکهێنانی دەسەڵات و دامودەزگای و ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و شارەزایی هەمەچەشنەی خۆیدایەتی، ئەوە لە کاتێکدا بۆ یەکەمین جار هەلێکی ئاوا گەورە و زێڕینی بۆ ڕەخساوە؛ دەشبێ دان بەوە دابنێین کە ئەمڕۆ بەهۆی ئامادەبوونی تەکنۆلۆژیا و پەیدابوونی (دەسەڵاتی پشت مێز) تاڕادەیەک بڕیار و بەجێ هێشتن و لێگەڕانی بڕیار لە شوێنی خۆی، هەروەکو بڕیار یەکێک لە گرفتەکانمانە، کەچی ژیانی کاک (ئیدریس بارزانی) ژیانێکە پڕاوپڕە لە کردەوە، لە بەدواداچوون، خودی خۆی تا تەواوبوونی کار و بەدەستهێنانی ئامانجی کارەکە بەدوای کارەکەیەوە بوو، من وای هەڵدەسەنگێنم کە سەرەڕای باوەڕ بەخۆبوونی و توانا بونیادییەکانی و ئەم وانە و ئەزموونانەی دوای (١١)

سـاڵ دابڕانی لە بارزانیی نەمـر و پێ شـادبوونەوەی لێی فـێـربوو ئەم مشۆرخۆری و عەمەلی بوونەی ئەنجامی هەندێک شتی تر بوو.

**یەکەم:** (کاک ئیدریس) لەدایک دەبێ و، هێشتا تەمەنی چوار ساڵان دەبێ کە لەگەڵ خێزانە سەربڵندەکەی دوور دەخرێنەوە خوارووی عێراق و هەر لەو دوورییەش دەخرێتە بەر خوێندن و دوور دەبێت لە هاوکاری و کۆمەکی (بارزانیی نەمر) و ناچار دەبێ هەر لە بچووکیەوە خۆی مشوری ژیانی خۆی بێ و هەر خۆی مشوری خۆ پێگەیاندن و تەکوینکردنی تواناکانی خۆی بێ سەرەڕای غەمی چاودێری خێزانەکەی کە هێشتا تەمەنی زۆر بچووکە.

**دووەم:** دوای چەندین ساڵ ئاوارەیی سەربەرزانەی (بارزانیی نەمر) کە دوای گۆڕانکارییەکانی شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨ی عێراق دەگەڕێتەوە نیشتمان و لەو کاتەوە کاک (ئیدریس) لێی نزیک دەبێت و بۆی دەبێتە سەرچاوەیەکی بەهێزی شارەزایی سیاسی و ئەزموونی گەورەی ژیانی ناو کایەی سیاسەت.

هەر بۆیە ساڵی ١٩٦١ کە هێشتا تەمەنی پڕ لە سەروەری ١٧ ساڵە لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی مەزنی ئەیلول وەک کەسایەتییەکی سیاسی دەردەکەوێت و دیقەتی شۆڕش و هەتا دوژمنیش بۆ خۆی ڕادەکێشێ، بۆیە لەهەمان ساڵدا فەرماندەی سەربازی دەوڵەت لە مێرگەسوور داوای دانیشتن و گفتوگۆی لەگەڵ دەکات.

تایبەتمەندییێکی تری ژیانی پڕ لە شانازی و سەروەری ئەم سەرکردە مێژووییەی نەتەوەکەمان و بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەییمان (جەماوەر)ی بوون بوو، بێ شک پرۆسەی شۆڕش چەندە پرۆسەی خەباتی ڕزگاری نیشتمانییە وەک خاک، بەڵام ڕاستی مەسەلەکە لێرەیە کە خاک بەبێ جەماوەر ناپارێزرێت هەر بەرزگاربوونی بیروهزری جەماوەر و ئاراستەکردنیان خاک ئازاد دەبێت، کاک (ئیدریس خەمخۆری گەل و



وڵات) باوەڕی لەبن نەهاتووی بەجەماوەر هەبوو، ڕۆڵی جەماوەری هێجگار بەرز لەپێش سەرجەم بوارەکان دەنرخاند، لە گەڵیانا هاوبەشی خۆشی و ناخۆشی بوو، قسەی بۆ دەکردن و تێکەڵی گیروگرفتەکانیان دەبوو بۆی چارە دەکردن، هەرکاتێک چووبایە هەر ناوچەیەک گیروگرفتی سەرجەم خەڵکی چارەسەردەکردن و داواکارەکانیانی وەردەگرت و وەڵامی پێویستی دەدانەوە، هەر لەبەر توانای پێوەندی جەماوەرییبوونی کاک (ئیدریس) کارەکانی ڕادەپەڕاندن.

ژیانی (هەمیشە زیندوو) لە سەرجەم بوارەکانی سیاسی، حزبی، جەماوەری، سەربازی، پانۆرامای ژیانی یەکێک لە سەرکردە دەگمەنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستانە کە تاکو مێژوو هەیە ناتوانێ لە بیری بکات، بەمەرجێ هاوڕێبازی و خام بەدەستان و شارەزایانی ژیانی ڕۆشنایی بخەنە سەر وێستگە گرنگەکانی ژیانی و بۆ نەوەی داهاتووی تۆمار بکەن.

کاک ئیدریس جگە لەوەی سەرکردەیەکی هەڵکەوتوو بوو فەرماندەیەکی پێشمەرگایەتی ئازا و بەجەرگ و بوێر بوو، بوێری و ئازایەتی دوو سیفەتی ئەوبوون، بوێربوو کە نەدەترسا، ئازا بوو لە هەڵسوڕان و سەرپەرشتیدا، بەداخەوە. تاکو ئێستا ئەم دوو چەمکە تێکەڵ دەکرێن، چونکە دەبێ کەسێک هەبێ خاوەنی بەهرەی نەترسان بێ، بەڵام ئازا و هەڵسوڕێنەر نەبێ کەچی هەردووک خەسڵەت لە کەسایەتی کاک (ئیدریس)دا هەبوون کە هەمیشە بەکار و چالاکی خۆی، خۆی بەهەڤاڵەکانی و هاوسەنگەرەکانی بە قەبوڵکردن دابوو، هەردەمیش هاوسەنگەرانی گوێیانی لێ ڕادەگرت و (باوەڕی سەرکەوتن)یان پێ بوو، هەر ئەو شارەزایی و ئەزموون و بوێری و ئازایەتییە بوو کە توانی لە مانگی ئایاری ١٩٦٦ سەرپەرشتی داستانە بەناوبانگەکەی (چیای سەرکەشی هەندرێن) بکات و داستانێک تۆمار بکات کە تێڕوانینی شۆڕش و جەماوەر و دەوڵەتی بۆ ئاست و توانای هێز و شۆڕش و هێزی بەرامبەر گۆڕی.

کاتێک تواناو دڵسۆزی ئەم مرۆڤە مەزنە لە پێناوی دۆزی ڕەوای گەلەکەی دەبینرێت و هەڵی دەسەنگێنێ ئەوە لای مرۆڤ بەرجەستە دەبێت بڵێن کاک (ئیدریسی هەمیشە زیندوو) سەرکردەی هەڵکەوتووی ئەم گەلە بوو، لەم گەلە بوو، بۆ گەلەکەی بوو، گەلی خۆی خۆش دەویست و بەئامانجەکانییەوە گرێ درابوو، دەیناسی و لێی تێ دەگەیشت، خەسڵەت و بەها و پرەنسیپەکانی (تاک) و (کۆ)ی کوردی دەناسی، باوەڕی بەسەرکەوتنی دۆزی نەتەوەکەی هەبوو، خۆشی تەرخان کردبوو هەموو ژیانی لە پێناویدا بەخت بکات و کردیشی.

هەر ئەوەش وا لە مامۆستا هەژار موکریانی دەکات لە یەکێک لە شعرەکانی خۆیدا کاک (ئیدریس) **بەدڵسۆزی هەژاران، مایەی خۆشی و گەشەی یاران، زراوتۆقێنی کوردکوژان، چقڵی گلێنەی خوێنمژان، گوڵی خانەدانی بارزان، وریا و پاکژ و لە کارزان، ئەستێرەی ڕێنمونی گەل؛ وەسف بکات.**

ئەستێرەی ڕێنموونی گەل لە هەڵبەستی مامۆستا هەژاری ئیدریس ناسدا ئاماژەیە بۆ پێشەنگبوونی بۆ جەماوەر و هەروەها ڕۆڵی سەرکردایەتیکردنی بۆیان.

کە بەزراوتۆقێنی کوردکوژان چقڵی چاوی خوێنمژان ناوی دەبات ئاماژەیە بۆ بلیمەتی (هەردەم زیندوو) لە خەباتی پێشمەرگایەتی و بلیمەتیی لەم بوارەدا.

کاک (ئیدریس بارزانی) شارەزایی تەواوی لەسەر ناوەرۆک و ڕەفتار و سیاسەتەکانی دەوروبەر هەبوو، هەر لە هی دەوڵەتەکان تا پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان پێوەندی پتەوی لەگەڵ پارتە کوردستانی و عێراقییەکاندا هەبوو، دەیتوانی سەرکەوتووانە پێوەندییان پێوە بکات و ئامادەی هەنگاوی گرنگی مەرحەلییان بکات.

هەر ئەم شارەزاییە وای لێ کردبوو بتوانێ لەسەر ئاستی عێراق و



دەوڵەتە عەرەبییەکان و ئێران و تا ئەورووپا لە ڕووی دیبلۆماسی چالاکی بەرچاو بۆ داکۆکی لە مافی کورد لە ڕووی ئاستی ئەو کاتە ئەنجام بدات.

ساڵی ١٩٧٠ ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە دەستەبەربوون و مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، کورد توانی بەهۆی ئەم دەسکەوتە، کە مافێکی دانپیانراوە لە یاسا و دەستووری یەکێک لە دەوڵەتەکانی ناوچەکە بوونی خۆی بسەلمێنێ و دیاری بکات، کە هەر ئەم ئیعترافەی دەوڵەتی ناوەندی بەکیانی کوردی و پاشگەزبوونەوەکەشی، بوو بەهۆی بەرپابوونی ڕقێکی گەورەی ناو ناخی کورد، بوو بەبەڵگەی سەلمێنەری سەرجەم ئەم ناهەقیانەی بەرامبەر کورد کران تاکو دەگات بەکردەوەکانی جینۆساید و کیمیاباران لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کە نزیکەی دوو دەیە بەسەر خودی پەیمانی ١١ ئادار و ئیعترافی دەوڵەتدا دەرباز بووبوو.

توانای کاک (ئیدریس) و جێ پەنجەی بەسەر ڕووداوەکانەوە دیاربوو، هەر بۆیەش سەرجەم ناحەزانی کورد و شۆڕش ڕقیان لێ دەبووەوە و لە ١٩٧٠/٧/١ لەناو شاری بەغدا دەکەوێتە بەر هێرشی گوللە و بەسەلامەتی دەرباز دەبێ.

ئەوەندەی منیش ئاگاداربم زۆرجار کراوەتە ئامانجی هێرشی ناڕەوای جۆراوجۆر و پرۆپاگەندەی نالایەق، کە بێ شک هۆیەکەی تەنیا بۆ (بوونی) بەهێزی خودی کاک(ئیدریس) دەگەڕایەوە، توانای لەبن نەهاتووی پێوەندی بەستنی سەرکەوتووانەی وای کردبوو بتوانێت تەکانێکی گەورە نەک هەر بەهەنگاوەکانی شۆڕشی کوردستان بدات، بەڵکو هێزێکی گەورەی یەکێتی و برایەتی لەنێوان هێزە نیشتمانی و عێراقییەکانیشی خوڵقاندبوو.

دوای پیلانە نێونەتەوەییە شوومەکەی جەزائیر کاک(ئیدریس) ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی پەنابەرەکانی دەکرد، ئەو زۆر خۆی بەقەرزداریان دەزانی و کە سەروماڵیان دابووە شۆڕش و بەدوای پارتی و (بارزانیی نەمر)و ڕێبازەکەی کەوتبوون، هەر لەم پێناوەشا ئاوارەبوون، بوون و بارێکی گرانی

ژیانی ئاوارەیی و زەحمەتیان لەسەر خۆیان قەبوڵ نەدەکرد، هەردەم کاک (ئیدریس) دەیفەرموو (یەک لە ئاواتەکانم ئەوەیە ڕۆژێک لەڕۆژان بتوانین ئەم خوشک و برا ئاوارانە بەسەربەرزی و شکۆمەندییەوە بگەڕێنینەوە کوردستان تا بەزێدی باوک و باپیرانیان شادبینەوە). لەبەر ئەوە هەرکات دەستێکی خەبات و تێکۆشان و، دەستەکەی تری غەم و پەژارەی خوشک و برا ئاوارەکانی هەڵگرتبوو، کە بەغەم و پەژارەی خۆی دەزانی. هەموو خوشک و برا ئاوارەکانیش شاهیدی بەپەرۆشی کاک (ئیدریسی هەمیشە زیندوو)ن کە چۆن سەرپەرشتی دەکردن و دەیویست بەپێی تواناکانی ئەوکات لە کێشە و گرفتەکانیان کەم بکاتەوە.

دەوری سەرەکی کاک ئیدریس بارزانی لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵاندا دەورێکی ستراتیجی گرنگە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە تەحویلکردن، ڕێنمایی، ئیدارەکردنی شۆڕش، ناردنی فەرماندە سەربازییەکان لە برا ئاوارەکان بۆ کوردستان بەمەبەستی بەشداریکردنیان لە شۆڕش، دەورێکی سەرەکی و بەرچاوی هەبوو، دەبێ لێرەش لە باسی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵاندا بەشانازی و فەخرەوە دەوری بەرچاوی پەنابەرەکانمان باس بکەین، کە ئەوکاتە هێزێکی کاریگەری سەربازییان لە بواری پێشمەرگایەتی و فەرماندەییدا لە سەرجەم شوێنەکان پێک دەهێنا.

دەتوانم بڵێم تاکو (بارزانیی نەمر) ماڵئاوایی جەسەدی لێ نەکردبووین کاک (ئیدریس) خاڵی پێوەندی بەئەمان و کارا بوو لە بەینی شۆڕشگێڕانی ناوەوەی کوردستان و (بارزانیی نەمر) لە دەرەوە. لەو کاتەدا، لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی گوڵاندا، لە هەنگاوەکانی سەرەتای شۆڕشدا کانگای ورە و باوەڕێکی بڵندی شۆڕشگێڕانە بوو کە بەڕاستی زەحمەتە و زۆر زەحمەتە و گرانە لێرەدا بتوانین سەرجەم کار و بوارەکانی باس بکەین.

لە ساڵی ١٩٧٦تاکو ساڵی ١٩٧٩ وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی



(سەرکردایەتی کاتی) لەناو هەڤاڵەکانیدا وەک هەوێنی کاروبار و ڕۆژبەڕۆژ پتەوبوونی جێ پێیەکانی شۆڕش بوونێکی بەرچاوی هەبوو.

کاتێکیش شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ دژی بنەماڵەی شای کۆنەپەرست سەرکەوت، کاک (ئیدریس بارزانی) باش لە گرنگی بارودۆخەکە و هەڵڕزانی سیستەمی شای ئێران تێگەیشت و، لە مانگی شوباتی/١٩٧٩ سەردانی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران ئیمام خومەینی کرد و، لەهەمان ساڵدا سەردانێکی دیبلۆماسی چەندین دەوڵەتی عەرەبی و ئەوروپای کرد و وەک دیبلۆماسێکی سەرکەوتوو لە مەیدانی خەباتی سیاسییدا کاری دەکرد، هەر توانای دیبلۆماسی ئەوبوو، بوو بەهۆی زیاتر بەرەوپێشەوەچوونی کارەکانی پێکهێنانی بەرەی جوود، ئەو کە هەمیشە لە هێزە عێراقییەکان و خەباتی دیموکراتی (خاوێنی) سەرتاسەری عێراقی دانەبڕاوە، لە ساڵی ١٩٨٥ بەشداری کۆبوونەوەی سەرکردایەتی نەتەوەیی هێزە شۆڕشگێڕەکانی عەرەب و لە لیبیا و لە ساڵی ١٩٨٦ بەشدار بوو لە کۆنگرەی پشتیوانی لە گەلی عێراق (نصرة الشعب العراقي) کە لە تاران بەسترا و لەم کۆنگرەیەدا دەنگی کورد لە ڕێی کاک(ئیدریس بارزانی) دەنگێکی بەرز و بەجەسارەت و وشیار بوو، بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی، بەڕادەیەک کە ئەم کۆنگرەیەی هەژاند و پایەبەرزانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لەم کۆنگرەیە بەشداربوون.

خۆڕاگری کاک (ئیدریس) لەگەڵ ڕۆژانی تەمەنی دەبووە گەورەبوون و، لەگەڵی گەورە دەبوو ئەو هیچ کاتێک پێی وانەبوو لەبەرئەوەی فڵانە کەسایەتی یان دەوڵەت دڵی دەڕەنجێ دەبێ باسی کورد نەکات، بەپێچەوانەوە هەمیشە لە کات و شوێنی خۆیدا کاک (ئیدریس) دەنگی مافەکانی کورد بوو.

ڕۆژانی سەرەتای دەست پێکردنەوەی شۆڕشی گوڵان و ئەو چاودێرییە توندەی ساواکی ڕژێمی شا خستبوویە سەری کە چەندین جار بانگ دەکرا

و هەڕەشەی لێ دەکرا کەچی ئەو هەر سووربوو لەسەر کارەکانی خۆی، ساواکی ڕژێمی شا باش تێگەیشتبوون کاک (ئیدریس) شۆڕشی گوڵان لەم قۆناغەدا ڕێنمایی و بەڕێوەبردنی هەڤاڵەکانی و پێشمەرگەی لەناو کوردستان دەکرد، هەرچەند جار بانگیان دەکرد و هەڕەشەیان لێ دەکرد دەیفەرموو **(سەرۆک بارزانی و ئیرادەی گەل و پێشمەرگە قارەمانەکان زۆر گەورەترن لە هەڕەشەی ساواک چونکە ئێمە باوەڕمان بەشۆڕشەکەمان هەیە و خەباتی بۆ دەکەین، هەر ئەم باوەڕەش بەپاڵپشتی خۆمان دەزانین و باکمان بەهەڕەشەی کەس نییە).**

لەو بۆشاییەی بەهۆی نسکۆ کاتییە سەربازییەکەی شۆڕشی ئەیلوول پەیدا بووبوو چەندین ڕێکخستن پەیدابوون و پەرەیان دەگرت و گیروگرفت لەنێوان ئەو لایەنانەدا هەبوو کاک (ئیدریس بارزانی) زۆر کاری کرد ئەم ناکۆکیانە نەمێنن و لەنێوان سەرجەم لایەنەکاندا هاوکاری و پێکەوە کارکردن هەبێ. هەر ئەم باوەڕەش بوو کە بووە هۆی لێک نزیکبوونەوەی لایەنەکان و بەرەی کوردستانی ڕاگەێنرا؛ ئەو بەرەیەی لەساڵی ١٩٩١دا دەنگی کوردی پاراست و بوو بەیەکێک لە هۆیە هەرە بنچینەیی و سەرەکییەکانی سەرخستنی ڕاپەڕین و، هەر خۆشی ئەم بەرەیە بوو بەهەنگاوی یەکەم بۆ بڕیاری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان کە حکومەتی هەرێمی لێ بەرهەم هات.

کاک (ئیدریس) لە ١٩٨٦/١١/٧ بەمەرەمی ئاشتی ناوخۆیی و پێکهێنانی ئەم بەرەیە لەگەڵ یەکێتی دانیشتنی کرد و لە هەمان ساڵیشا بەرە ڕاگەێنرا، ڕۆڵی شەهید (ئیدریس بارزانی) لە شۆڕش و ژیانی سیاسی خۆیدا، ڕۆڵێکی کارا و لێوەشاوەیە، ڕۆڵێکی سەرکەوتووانەی بەهێزە کە کارامەیی و جێ پەنجەی بەهەنگاوەکانی شۆڕشی کوردستانەوە دیارە و تا مێژوو هەیە شانازی پێوە دەکات.



٣

## کاک ئیدریس ئەدەبی بەرگری بەتەواوکەری شۆڕش دەزانی

کاک (ئیدریس) هەمیشە هەوڵی دەدا زانیاری زیاتر وەربگرێت و شارەزایی ژیان و بەرهەمی شاعیران و ئەدیبانی کورد و غەیرە کورد بێ، کاتێکی گونجاوی خۆی تەرخان دەکرد بۆ خوێندنەوەی بابەتی سیاسی و فکری و هەروەها (ئەدەب).

زۆر سەرسام (معجب) بوو بەهەڵبەستەکانی ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری و هەژار موکریانی و شەمسی تەبریزی و .. هتد، ژمارەیەکی زۆری شیعرەکانی ئەوانی لەبەر بوو. ئەو پێی وابوو شۆڕشی کوردستان لە ئەیلوول و لە سەدەی حازردا (سەدەی بیستەم) ڕۆڵێکی گرنگیان دیوە لە هاندانی خەڵک بەرەو شۆڕش و بەهێزکردنی ڕووحی بەرخودان لایان، هەر بۆیە ڕێزی لە هەموو ئەم شاعیرانە دەگرت کە لە خزمەتی گەلەکەیدان، نەخاسمە ئەوانەی شاعیری پێشمەرگە و هەروەها هەوێنی شۆڕش بوون. شاعیرانی گەلی کوردیش باش کاک (ئیدریس)یان ناسیووە و ماڵئاوایی بەناوەختی (ئەو)یان بەزیانێکی مەزن داناوە، هەربۆیە مامۆستا هێدی شاعیر کە لە نزیکەوە کاک (ئیدریس)ی دەناسی بەم شێوەیە باسی دەکات، کە ئەم ڕاستییە دەردەخات خاوەن قەڵەمان و نووسەران تا چ ڕادەیەک لە زانست و زانستپەروەری کاک (ئیدریس) تێگەیشتوون و بەدەریای دڵ بە پەرۆش، ڕازهەڵگری خامۆش، گەنجی بەزانست پیر، گەنجینەی پڕ لە هەست و بیر، هیوای لێقەوماوان، نیازی بێ نازان، شاز لەناو هەموو دڵخوازان، پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ و قەدەم ئاسنی قەڵەم زێڕ.. وەسفی دەکات. قەدەم ئاسنی قەڵەم زێڕ دێرە شعری مامۆستا هێدی شاعیرە و لە دوو بڕگە و مەبەست پێک دێن و ویستم بەکورتی ئاماژەیان پێ بدەم بۆ یەکەم؛ مەبەستی لە هەنگاوە سیاسی و عەمەلییەکانی کاک (ئیدریس)ە کە بەهێز و قایم و گران و جێگرتوو لە جێگەی خۆیدان و

ئەوەش لەگەڵ بابەتەکەمان یەک دەگرێتەوە، بۆ بڕگەی دووەم (قەڵەم زێڕ) ئاماژەیە بۆ ئاستی ڕۆشنبیری و خەبات و نووسین و توانای زانستی کە لە ئاستی بەرزدا بووە و جێگای ئاماژەیە واتە ئاسایی نەبووە!!

هەر لەم بوارەدا دەمەوێت بیرەوەرییەکی خۆمتان لەگەڵ کاک (ئیدریس بارزانی) بۆ باس بکەم کە پێوەندی هەیە بەمامۆستا هەژار موکریانی شاعیر و نووسەری گەورەی کورد، کە کاک (ئیدریس) بەهەژاری هەژاران ناوی دەبرد، دەشمەوێت ئەوە بڵێم و بەحەقی خۆشی دەزانم کە لە بەشێکی گرنگی ژیانی کاک (ئیدریسی هەمیشە زیندوو)دا شەرەفی ئاگاداربوون و لە خزمەتیدا شەرەفی هاوبەشیم هەبووە لە نزیکەوە ئاگاداری چەندین لە هەنگاوە سیاسی و دیبلۆماسی و کۆمەڵایەتی و بوارەکانی تری بووم. کەچی نەمویست بەهەمان شێواز بابەتەکە بنووسم، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی باسم کردووە.

**لێرەشدا دێمە سەر ئەو بیرەوەرییەی باسم کرد:**

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٧/١/٣٠ واتە ڕۆژێک بەرلەوەی ماڵئاوایی یەکجاریمان لێ بکات.. بڕیار بوو ڕۆژی پاشتر واتە ١٩٨٧/١/٣١ لە شاری کەرەج سەفەر بکەین بۆ ورمێ و گوندی ڕاژان کە بارەگای مەکتەبی سیاسی لێ بوو، لە خزمەتیدا بووم کە کاک (ئیدریس) وەک تایبەتمەندی و خووە جەماوەرییەکەی کە پڕبوو لە بەخشندەیی و گەورەیی و وەفا سەردانی ماڵە دۆست و هەڤاڵ و هاوسەنگەرانی دەکرد بەمەبەستی خواحافیزی، لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا بووین فەرمووی:

- سەرباز دەڵێن مامۆستا هەژار زۆر نەخۆشە نەکو ئیتر یەکتری نەبینینەوە بابچین سەرێکی لێ بدەین، چونکە مامۆستا هەژار ئامانەتی (بارزانیی نەمر) و شاعیرێکی خۆڕاگری کوردە.

بەیەکەوە چووینە ماڵی مام هەژار بەڕاستی زۆر نەخۆش بوو بەزەحمەت قسەی دەکرد، دوای چەند ساتێک دانیشتن مامۆستا هەژار هەندێک



وەسیەتی خۆی بۆ کاک (ئیدریس) کرد، چونکە پێی وابوو ئیدی چاک نابێتەوە و نامان بینێتەوە. کاک (ئیدریس) زۆر دڵی دایەوە و تەمەننای چاکبوونەوە و شیفای بۆ کرد، پاشان ماڵئاواییمان لێ کرد، بەڵام هیچمان نەمان دەزانی ماڵئاوایی کاک (ئیدریس) لە مامۆستا هەژار ماڵئاوایی دەبێت لە هەموومان. ڕۆژی پاشتر بەڕێ کەوتین بۆ ڕاژان و سلیڤانا ئێوارەی ١٩٨٧/١/٣١ دوای گەیشتنمان بەکەمتر لە سەعاتێک ماڵئاوایی جەستەیی بۆ هەتا هەتایێ لێمان کرد و ڕووحی گەشی هەر بەزیندوویی لامان مایەوە.. کاتێک مامۆستا هەژار ئەم هەواڵە جەرگبڕەی پێ دەگات بەئازارێکی زۆری دەروونییەوە شیوەنی خۆی بۆ کاک (ئیدریسی لەیاد نەچوو) دەکات، کە ئەوکاتە خۆی لە نەخۆشییەکەی چاکبووەتەوە. لە بەشێک لە شیعرەکەی کە لە چلەی کاک (ئیدریس) خوێندیەوە هەست و ئاماژەیە بۆ سەردانەکەی ڕۆژێک پێشتری ماڵئاوایی کاک (ئیدریس) کە لە بەشێک لە هەڵبەستەیدا دەڵێ:

ئیدریس برای لەمێژینم
ڕووناکایی شەوی ژینم
تامی مەرگی خۆت پێ چێشتم
بۆ خەمانت بەجێ هێشتم
قەرار بوو بەر لە تۆ بمرم
جێگە لەلای بابە بگرم
ئێرەبیت هات پێشم کەوتی
پێش من لەلای بابە خەوتی

بەم شێوەیە کاک (ئیدریس) بەجێی هێشتین، بەڵام بناغەی مێژوویەکی نوێی بۆ خۆی و خێزانە سەربەرزەکەی و گەل و نەتەوە و شۆڕش و وڵاتەکەی دانا، لەپاش خۆی گەنجینەیەکی پڕ لە ئەزموون و کەلەپووری شۆڕشگێڕانە و فەرهەنگی بەرخودانی بۆ بەجێ هێڵاین، کە بەرهەمی ڕەنج و خەبات و تەمەنێکی پڕ لە سەروەری خۆی و هاوڕێبازانی بوو.

لێرەدا وەک بەڵێن و وەفا بۆ یادی هەرگیز نەمری، وەک قوتابییانی قوتابخانە خۆڕاگرەکەی دەڵێم: ئەی درێژەپێدەری پەیامی(بارزانیی نەمر)، سامانی لەبن نەهاتووی گەل و وڵات، گەنجینەی پڕ لە هەست و بیروهۆش.

بەدڵنیاییی سەربنێوە، کەوا ڕێبازی (بارزانیی نەمر) و ئێوە، ڕێبازی سەرفرازی گەل و وڵات و مافەکانی هەر بەردەوامە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پتەوتر دەبێت و هەر ئێوە ئەم ڕێبازەتان تێکەڵی خوێن و هەست و مۆراڵی ئەم گەلە کرد، ئەگەر دەتزانی لە ٦ تا ٨/ ١٠/ ١٩٩٣ چۆن سەرجەم گەلەکەت پێشوازی لە تەرمی نەمری بابە بارزانی و تۆ کرد، ئەوکاتە خۆشت کاردانەوەی خەباتی خۆت لەناو گەلەکەت دەدیت، ئەمڕۆش هاوڕێبازانی ڕێبازی (بارزانیی نەمر) درێژەپێدەری پەیامی ئێوەن و تا گەیاندنی ئەم کاروانە بەترۆپکی سەرفرازی کەس وچان نادات و، جەنابی سەرۆک (مسعودبارزانی)یش لەسەر کێشی ئەم کاروانەدا چرای ڕێگای بابە بارزانی و تۆی هەمیشە و هەردەم و هەرکات زیندووی لەپێشمان هەڵکردووە و، هەزاران هەزار سڵاو لەگیانی سەرکێشی ئەم قوتابخانەیە (بارزانی مستەفا) باوکی نەتەوەییمان و تۆی لەیاد نەچوومان و سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان.



# کورد و سەقامگیری سیاسی لە عێراقدا

ئێمە زۆربەی هەرەزۆرمان لەگەل دیموکراسیدایین دەیان ساڵە پارتیمان شان بەشانی مافی نەتەوەیی داوای بەهای دیموکراسی بۆ هەموو عێراق دەکات قوربانی زۆریشی بۆ داوە، پێم وایە دیموکراسی ڕێکخەری سیستەمە جیاوازەکان زۆربەیان لە ڕیتم و هەروەها هەماهەنگییەکدا کۆ دەکاتەوە.

بەڵام من لێرەدا گرفتێک دەبینم کە پێم وایە، کاتێک دەڵێین دیموکراسی هەموو گرفتەکان چارەسەر دەکات، ئەوا جوانێ دیموکراسێ لە دەست ئەدەین و جارێکێ تر دەیکەینەوە سیستەمێکی تاک ڕەهەند کە توانای لە قاڵبدانی هەیە بەرگێکی شمولی ئیدۆلۆژی بەبەردا دەکەینەوە ئا لێرەدا ئێمە پێویستمان بەواقع هەیە.

لە عێراقی دوای پێکهاتنیدا کێشە گەلێکمان هەیە کە کۆسپ لە بەردەم بەرقەراربوون و چەسپانی دیموکراسی دروست دەکەن لەگەڵ ئەوەش کە گەشبینم لە لابردنی ئەم کۆسپانە، کۆسپەکان سادە نین بنەمایەکانی سستەمەکان جا هەر شێوە و ڕەنگێک بن دەهەژێنن، لە واقعدا توانای هەژاندنیان هەیە. گرفتەکە لێرە دروست دەبێت، کە هەموومان کۆک بین لەسەر ئەوەی کە دیموکراسی دڵی زۆرینە ڕازی ئەکات لێ لە هەمان دەمدا دڵی زۆرێک لە خەڵک بڕەنجێت. دیموکراسی دەبێ دەنگی زۆرینە بێ، چونکە نزیکترین ئەڵقەی پێوەندی نێوان خەلک و دەسەڵاتە کەچی ئەگەر ژمارەیەک کۆک بن لەسەر ئەوەی پنتە سیاسییەکان قابیلی گفتوگۆ نین و دیموکراسی هەموو چارەسەرییەکە، ئەوا مێژوویەکی شکست خواردوو لە سەردەمێکی جیاوازدا لە بەرگ و ڕەنگ و بەئاوازێکی تر بەرهەم دەهێننەوە نابێ پێمان وابێ ئەوا بەرقەراربوونی دیموکراسی بەرقەراربوونی مافی نەتەوەیی کوردیشە، کێشەی کورد لەم زەمینە دیموکراسییە کەڵک وەردەگرێت تاکو بەئامانجەکانی بگات و ئیدی وەک کێشەیەک لە عێراق چاوی لێ نەکرێت.

ئەگەر دیموکراسی، یان داڕێژەرانی دیموکراسی، بەناوی دیموکراسی چاوپۆشی لەم بەهایە بکەن کە هێزێکی زۆری جەماوەری لەسەری کۆکە و داکۆکی لێ دەکات، ئەوا گرفتەکە دروست دەبێت، لێ مەرج نییە وەک سەدەی ڕابردوو خۆی نمایش بکاتەوە هەموومان بەئایندەی عێراق گەشبینین کاریشی بۆ دەکەین بەڵام لە یادیشمانە (ئێمە کوردین مێژوویەکی دەوڵەمەندمان هەیە کە پڕە لە کوشتن و بڕین، لە خیانەت لە غەدر، و پڕ لە تێکۆشان، کە سەرکردەیەکی ئەفسانەیی وەک بارزانی مستەفای هەبووە و دەرخستۆتە سەر مەیدانی بەکردەوە). خەڵکی تر دەسەڵاتدارانی توتالیتاری سەرلێشێواو لە بەغدا بەزەبری هێز و تا ڕادەی ژینۆساید وایان کرد هێشتا زیاتر هەست بەجیاوازی ڕەگەزی خۆمان بکەین ئەوەش بوو بەحاڵەتێکی سایکۆجڤاکی کورد و هاتە پاڵ هەستی نەتەوایەتی ڕەسەن و دێرینی کوردیمان کە کۆنترین و ڕەسەنترین نەتەوەی ئەم ناوچەیەن.

لێرەدا قسەیەکی واقعی هەیە، کە باسی بکەین سوودی دەبێت، ڕاستە ئێستا ڕەوشێک هەیە هەموو لایەکمانی سڕ کردووە، لە چاوەڕوانیدا ڕای گرتووین، ڕاستیشە پارتی دیموکراتی کوردستانمان و لایەنی تری ناو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردی و دیموکراسی عێراق تێکۆشانیان کردووە.

بەڵام ئەمڕۆ وا هاتۆتە پێشەوە و دەبێ مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و دان بەگۆڕانەکانی و فاکتەرەکانی ئەم گۆڕانەش دابنێین، کە ئیدی ڕۆژهەڵاتیش لە سەرئێشەی ڕەهاگەرایی دەردەچێت و بونیادەکان دەهەژین، نسیبگەرایی زیاتر دەبێتە خاوەنی بڕوایە سیاسی و جڤاکییەکان، ئەوەش بۆ ئەوەی ناکۆک نەبێ لەگەڵ خودی ئەم بەدی هاتووە جیهانی و ناوچەیەی کە لە عێراقدا هەڵقولا، یان داباری دەکرێت بڵێین هەردووکیشیەتی.

ئا لێرەدا مەرج نییە هەموو کورد ڕازی بێ، یان جیلی داهاتوو ڕازی بێ بەوەی کە بەتەنها ئازادی ڕۆژنامەگەری، و بازاڕی ئازاد و نەمانی هەڕەشەی برسیەتی و نەمانی زاڵگەی پشکنین چارەسەری کێشەی عێراقی



کردووە، لە کێشەی هەرە بنەڕەتی عێراق کێشەی کو..ر..دە.

زۆرن ئەم تێکۆشەرانەی کە نە لەبەر هەڕەشە لەسەر گیانیان و نە لەبەر برسیەتی و نە بۆ بەرژەوەندی کەسایەتی خۆیان، خۆیان کردە قەڵغان و شەهید بوون بەڵکو بۆ ئاڵای کوردستان شەهید بوون.

ئەگەر، سەرجەم بەهایە کوردستانییەکان، کوردستان وەک زێد، وەک جوگرافیا، وەک لانک، تێدا گەورە بوون گرفت نەبێ و گرفت دیموکراسی بێ ئەوا شوێنی پڕ لە دیموکراسی زۆرن مرۆڤ تیایدا بژیت کەچی جێگربوونی ڕاستەقینەی مرۆڤ لە نیشتمانەکەیەتی.

من لێرەدا دەمەوێت بڕوای خۆم دەربارەی عێراق دەرببڕم لە ڕابردوودا و هێشتا زووە، قسەی بڕاوە لەسەر ئایندە بکەین. عێراق (وڵاتی پێکەوە گرێدانی هەڵەیە) (وڵاتی هەڵەی مێژووییە) (وڵاتی پەیماننامە خیانەتکارییەکانە) (وڵاتی پرۆژەی غەڵەتی پان عەرەبیزمی بەعسی و ژینۆسایدی کوردە).

ئێمە لە دوای ئازادی عێراق، باس لە چارەسەرکردنی گرفتەکان دەکەین، باسی حەسانەوە دەکەین، باسی ئازادبوونی تاک و کۆ دەکەین، باسی سیستەمێکی علمانی دیموکراسی دەکەین کە کۆنەبێتەوە خۆراکی تاکێکی سەرشێت، تاکی کۆمەڵی عێراقیش لە شمولیەتی کۆدا قووت نەدرێت، لە دوای پەیماننامەی سیڤەرەوە تاکو ئەمڕۆ کورد بەشێوەیەکی سیستەماتیک ژێردەستە و بەم هۆیەوە عەرەبی عێراقیش ئازاد نەبووە.

پرسیارەکە لێرەدایە، ئامانجی بابەتەکەشم هەر ئەوەیە، ئاخۆ لەم وێستگە گرنگە دڵخۆشکەرەوە، لە ئازادی عێراق و ڕزگاربوونی لە دیکتاتۆریەتەوە لە هاتنی هاوپەیمانەکانەوە، لە کارابوونی ڕۆڵی سەرکردایەتی کوردی لە بەغدای پایتەخت و لە ئاشکرابوونی گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە، ئایە چارەسەرکردنی کێشەی عێراق و دیموکراسی لە عێراق و ئەم ژیانەی کە هاوپەیمانەکان لەسەر زاری (بریمەر) و بوش و هی ترەوە بانگەشەی بۆ

دەکەن لە توانایدا هەیە چارەسەری پرسی عێراق بەکێشەی نەتەوەیی کوردیشەوە بکات، لە تواناییدا هەیە. پێکەوە گرێدانەکان لەم هەڵەیەوە ڕاست بکاتەوە بیخاتەوە سەر شارێگەی حەز و ڤیان بۆ پێکەوە گرێدانێکی ئارەزوومەندانەی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقێکی دەستووری دیموکراتی؟

لە توانایدا هەیە هەڵە مێژووییەکان وەک پشت گوێخستنی کورد لەلایەن ئینگلیز و ئەمەریکاییەکان مەبەست هێزی (زاڵ)ی دەولییە چارە بکا و هاوکێشەکان بەسەقەتی جێ نەهێڵن، و وەک جاران نەیکەنە کارتێک بۆ مل پێ کەچکردنی عەرەب و، هەروەهاش عەرەب نەکەنە کارتێک بۆ مل پێ کەچکردنی کورد.

عێراق بەشێوەیەک دادەڕێژرێتەوە پەیماننامەکان لە خزمەتی هەمووان‌دا و ئیدی عێراق و دراوسێیەکانی بەرەو ئاراستەی شەڕ و نادیموکراسی ڕەو پێ نەکات ئیدی (فێڵ) بەرگی دیموکراسی و مۆدێرنە ناکاتە بەر خۆی و لەگەڵ سەدام حوسێندا ئەم دەردانە هەموویان لەناو دەچن؟ ئومێدمان گەشە بەڵام دەبێ وریابین ئەوانە پرسیاری هەم شاراوە و هەم ئاشکران، ئەگەر ئەمڕۆش بەفەرامۆشیان بسپێرین لە پاشەڕۆژی نزیکا سەر دەردەهێنینەوە، ئەگەر بخوازین دیموکراسی لە عێراق دابچەسپێنین دەبێ کۆمەڵێک شت هەیە بەرچاویان بگرین وکاریان بۆ بکەین ئەمڕۆش گەرماوگەرم و کاتی چەسپاندنی ڕێ و شوێنەکانە و ساناهی تر، لە پاشەڕۆژێک کە زۆر ئاراستەی سیاسی گوماناوی خۆی تیادا ڕێک بخەن:

یەکەم: سەقامگیری سیاسی، کە خۆی لە مافی نەتەوەی سەرەکی و خاوەنی مێژوو خاک و هەروەها جەربەزەی کورددا دەدۆزێتەوە، لەگەڵ مافە دیموکراسییەکانی سەرجەم نەتەوەکانی تر لە چوارچێوەی دەستووری دیموکراسیدا.

بوونی عەرەب و کورد و نەتەوەکانی تر بوونی ئایین و مەزهەبەکان بوونی



ئاشوورو کلدان و تورکمانەکان، موسڵمان و مەسیحی و یەزید و کاکەییەکان سەروەتی گەورەن ئەگەر ڕێوشوێنی سوودوەرگرتن لەم سەروەتە ڕێوشوێنی لۆژیکی و زانستی و واقعی بێ. هێزی هەموویان بۆ سەرخستنی عێراقی دیموکراسی لە ئایندە گرنگە و دەبێ کەڵکی لێ وەربگرین بخرێتە خزمەتی (کات) چونکە عێراق زۆر لە کاروانی مێژوو دابڕاوە و پێویستی بەکاری بەردەوام و چالاکی جۆراوجۆر و هەمەلایەنە هەیە تاکو زوو ڕەوشێک بێتە بەرهەم کە سەرجەم عێراقییەکان لە بەرهەمی هاوکێشەی دوای سەدام حوسێن بخۆن تاکو دڵیان پێیان خۆش بێت و پێوەی گرێدراو بن.

دووەم: سەقامگیری ئابووری، عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە، بەسەرچاوە ئابوورییەکانی سەر زەوی و ژێر زەوی، وڵاتێکی پترۆڵی، کشتوکاڵی ئاووهەوای گونجاو، دەستی کاری شارەزا و ئازای هەیە، کەچی دەبێ ئەم سەروەتە بخرێتە، خزمەتی پێشخستنی عێراق و بەشی هەموو نەتەوەکانی تیادا بێت، هەروەها قسەیەکی نازانستی و عاتفیمان نەکردووە کە بڵێین بەدرێژایی مێژووی عێراق لە دوای شەڕی یەکەمەوە، کورد لە عێراقی نەخواردووە بەنەوتی کەرکووکیشەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە سەروەتی عێراق دژی کورد و بۆ لەناوبردنی کورد خراوەتە گەڕ.

سێیەم: سەقامگیری، سایکۆلۆژی، ئەمەیان بەپلەی یەکەم مامەڵەیەکی دروستە لەگەڵ کوردە تەعریب کراوەکان، پاشماوەکانی ژینۆساید، بەئەنفال، کیمیاباران و سەرجەم قوربانییەکانە.. کورد لە کوردستان و عێراقدا لە قوڕگی ڕژێمی فاشی و تۆتالیتاری سەدام حوسێندا لە لێواری قووتدان و دەرهاویشتنەوەدا یاری پێ دەکرا تاکو چەندین ساڵی تر ڕۆژانە گۆڕە بەکۆمەڵەکان برینی سەرجەم عێراقییەکان بەتایبەتی هی کورد زامدار دەکەنەوە.

ئەمڕۆ سەرەتایەکی ناخۆش بەنسبەت تەعریبکراوەکان دیار دەبێ هێشتا

مافی تەواویان پێ نەدراوەتەوە و دەبێت کورد بگەڕێتەوە سەر شوێنی خۆی ئەوە باشترین فاکتەری سەقامگیری سایکۆلۆژییە.

لە مێژووی ٨٠ ساڵی ڕابردوودا کە ڕەوشی کورد و نەتەوە سەردەستەکان وەرگەڕاوەتە ناو هاوکێشەی تایبەت و دژوارەوە، هەر کاتێک دەوڵەتەکان هێزی کورد و سایکۆلۆژیای برینداری کورد و، مەعاناتی کوردیان پشتگوێ خست بێ کارەساتی گەورە بەدیهاتووە، لە مێژووی ئاماژەپێکراودا دیاریشە، هیچ کامیان نەیتوانیووە بەبێ هێزی کورد سەرکەوتن و ئاسایش بەدەست بهێنن، کورد نەتەوەیەکی سەرەکی و خاوەنی جوگرافیا و مێژوو، ستۆرکتۆری جڤاکی و ڕێوشوێنی کولتوور و فەرهەنگی خۆیەتی هەڵەیە بەتەنها لە دەلاقەی بەرتەنگی سیاسییەوە یان لە ناکۆکی سیاسی ناوخۆوە تەماشای توانا و تەواجودی واقعی کوردی بکەین، کەچی ناکۆکی حزبی دەتوانێ زۆرترین زەرەر بدات بەتایبەتی لە کاتێکی گرنگی وەک ئەمڕۆدا کە بەچاودێری هاوپەیمانەکان هەڵبژاردنی بچووک بەڵام چارەنووساز ئەنجام ئەدرێن.

دەکرێت لێرەدا باسی سەروەتێکی گەورە بکەین، بەئامرازێکی بەهێز کە ئەزموونی دیموکراسی کورد و پەرلەمان و حوکمەتەکەیەتی. لەم کاتەدا کە عێراق پێویستی سەرەتایی و یەکەمینی بەمۆدیلی دیموکراسی هەیە ئەوا کوردستان مۆدیلێکی سەلمێنراو و چەسپاوی دیموکراسی و ئازادی ڕۆژنامە و نەتەوەکانە..

پەلەکردن لە سەقامگیری دیموکراسی بەبەبیرهێنانەوە و هەمیشە چەسپاندنی مافی سیاسی کورد و مافە دیموکراتییەکانی سەرجەم تورکمان و ئاشوور و کلدانەکان دەبێت.



# دیالۆگی کوردی عەرەبیی دوێنێ

## فیدرالیزمی ئەمڕۆ...

ناخوازم بەهیچ پێشەکییەک دەست بەم بابەتە بکەم، خوێنەری ڕۆژگاری ئەمڕۆمان دەیەوێت ڕاستەوخۆ و بەزووترین کات و کەمترین زەحمەتی ناوەرۆکی مەتڵەب و مەبەستی (نووسەری بابەت) تێ بگات.

بەر لە چەند ڕۆژێک ئاماژەم بەگرفتە سیاسییەکاندا، کەچی پێویستە هێشتا قسەی لەسەر بکەین، ئێمە کێشەی (ماف) و (کیان)مان هەیە، (فیدرالیزم)یش بەسەرکەوتووانەترین شێوازی حوکمڕانی پێکەوە ژیان بۆ ئەمڕۆ پەسندکراوە، لێرەدا لەسەر خودی فیدرالیزم و چوارچێوە و ناوەرۆکەکەی قسە ناکەم هەر چەند قسەکردن لەسەر فیدرالیزمی ئەمڕۆ، وەک قسەکردنە لە بابەتێک کە هێشتا شێوازەکەی زۆر ڕوون نییە قابیلی تەفسیر و لێکدانەوەیە، بەحەقیقەت، مانای زۆربەی هەرە زۆری شتەکانی سەدەی ڕابردووش گۆڕاوە، بەڵام تا ئێستا فیدرالیزم لە بەغدا قسەی لێ نەکراوە، چونکە هێشتا کێشەی دەسەڵاتی ناوەندی و دەستووری ناوەندیمان هەیە و زۆر گەشبینین کە لەگەڵ هەنگاوە ئەولەوییەکانی کێشەی دەسەڵات و دەستوور لە بەغدا فیدرالیزمی ئێمە لە دەستووری تازەی عێراق ئیقرار بکرێت.

جا ئەم فیدرالیزمە، هەروەک جەنابی سەرۆک باسی کرد لەسەر بنەمای ڕەگەزی کوردی عەرەبی بێ یان لەسەر بنەمای جوگرافیا، بۆ کورد فیدرالیزم گرنگە دیارە دەمێکە کورد پەنا بۆ دیالۆگ دەبات و ئەوەش یەک لە باوەڕە بنچینەییەکانی بارزانیی نەمر و شۆڕشی ئەیلوولی مەزنە و بووە بەکولتوورێکی شانازی پێکراو لە کوردستاندا دیالۆگی کوردی عەرەبی بەشێوەیەکی فەرمی و بەچەندین شێوە دەمێکە هەیە، قسەیەکە دوێنێ کردمان، تاکو ئەمڕۆی پێ بدوێنین، هێشتا سەدام حوسێن لە دەسەڵات نەکەوتبوو هێشتا ڕژێمەکەی گۆڕ بەگۆڕ نەبوو بوو، زۆر حەز دەکەین جارێ

سەدام گۆڕ بەگۆڕ نەبێ هەندێک زیاتریش ئازار بچێژێ، ئازاری عێراقی ئاینده، ئاوەدان، پڕ لە گفتوگۆ و فیدرالیزم. ئەوجار گۆڕ بەگۆڕ بێ هەر وەک (حزب)ەکەی هەروەک (ڕژێم)ەکەی کەچی ئەگەر دوای سەدام حوسێن عێراق نەبێتە عێراقێکی نوێ هێشتا سەدام لە عێراقدا وەک (ڕووح) وەک کولتوور دەژی، بەڵێ هێشتا سەدام و ڕژێمەکەی مابوون کورد و عەرەب لە (قاهیره)ی پایتەختی میسری دڵی عەرەب باسی ئەمڕۆی بەغدای کێشەی (عەرەب)یان دەکرد و گفتوگۆی ئیستراتیجی دەکران لە نێوان کورد و عەرەب، لە پێناوی دۆزینەوەی ڕێگا چارەی سەردەمیانەی ئاشتییانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراق دا.

دەبێ ئەم دیالۆگەی دوێنێ ئەمڕۆ حزوری هەبێ، دەبێ قسەکردووانی دوێنێی دیالۆگی کورد عەرەب ئەمڕۆ بێنە مەیدان لەگەڵ ئەوەشا کە دوو شت وا دەکەن کورد و عەرەب بەزمانێکی عاقڵانەی مۆدێرن یەکتر بدوێنن، یەکەمیان: ئەزموونی هەر دووک نەتەوەیە، لەلایەک بۆ ڕژێمەکانی عەرەب سەلمێندرا کە کورد نەک بەئەوان بەڵکو بەڕژێمی لە ئەوان شۆڤێنیتر و دڕندەتر و بەئیمکانیەتتر لەناو نەچووە وە ناچێت کەواتا دەبێ هەر ئاشتی بەردی بناغەی پێکەوە ژیان بێ و کوردیش خوازیارە کێشەکەی چارەبێت و سەرقاڵی خۆپێشخستن و دیاردە شارستانییەکان بێ و بگاتەوە کاروانی مێژوو.

دووەمیان: چارەسەری کێشەی کورد لەگەڵ عەرەب ساناهیترە وەک لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەگەڵ دەوڵەتەکانی تر کە کێشەیان لەگەڵ کورد هەیە لە پارچەکانی تری کوردستاندا. لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کە کوردستان پارچە پارچە کرا، ئەو کاتەی بەڵێنی خۆشی ناو پەیمانی سیڤەر بەتایبەتی برگەکانی ژمارە (٦٢،٦٣،٦٤) بێ گەرەنتی و هەروەها درۆ دەرچوون و کرانە قوربانی پرۆژە ناسیۆنالیستی و ئابوورییە نەتەوەییەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە، کوردستان دابەش کرا کرایە پاشکۆی چوار دەوڵەتی خاوەن سێ ڕەگەز، کولتوور، مێژووی جیاوازدا، لەوساوە



خاڵی یەکەمی مێژووی کورد و کۆلۆنیالیزمی سەردەمی هاتنی سەرمایەداری و مۆدێرن بۆ ئەم ناوچەیە دەست پێ دەکات ئا لەو کاتەوە بەهیچ شێوەیەک کورد خەفە نەکراوە، ڕاپەریوە، کە بەهێز بووە ناحەزانی گفتوگۆیان پەسندکردووە، کەچی بارودۆخەکان هەموویان، هەڵسەنگاندنەکان هەموویان ڕەوشی هەرچوار دەوڵەتی دەوروبەرمان، سایکۆلۆژیای نەتەوە سەردەستەکان ئیدۆلۆژیا و پەروەردەی دەیان ساڵەیان، سیاسەتی ناوخۆ و دەرەکیان دەریخستووە، کە سەرباری ژینۆسایدی ژێر سایەی ڕژێمی سەدام حوسێن و بەرچاوگرتنی سەرجەم قوربانییەکانی کورد و «گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئەمڕۆ بەنموونە» ئەوا هەمیشە کێشەی کورد و عەرەب زیاتر و زووتر لە چارەسەرکردن نزیکن ئەوەش بەو واتایە نییە کێشەی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان گەیشتبێتە بنبەست، یاخوو دڕندەیی ڕژێمی (سەدام حوسێن) وەک خۆی و بەقەبارە و ناوەڕۆکی خۆیەوە بەرچاو نەگرین دەشبێت بڵێین پێکهاتە و ناوەڕۆکی حوکمەتی عێراق وابووە کە لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨ ڕژێمێکی بەخۆوە دیوە کە زەرەری لە کورد و عەرەب هەردووکی داوە، بۆیە سەرباری سیاسەتە دزێو و دژە مرۆییەکانی ڕژێم پێوەندی کورد و عەرەب هەر بەهێز ماوە هەر یەک لە دەوڵەتە هەرێمییەکان بەش بەحاڵی خۆیان خاوەنی ڕێوشوێنی ئەمنی جۆراوجۆرن لەسەرروویان ئەمنی نەتەوەیی، زیاتر ئەم ڕێوشوێنە نەتەوەییەیان لە ڕوانگەی سیاسەت و ئیدۆلۆگی شمولییەوە وەک ستونێک بۆ ئاسایشی نەتەوەیی دروست کردووە، کوردیشیان کردۆتە بەشێک لە جوگرافیا و ئاسایشەکەی، ئابووری و ئاسایشەکەی و سیاسەت و ئاسایشەکەی.

لەسەر ئەم بنچینەیە و بەم پێیەی لەسەرەوە ئاماژەم پێدا هەر دەوڵەتە و بەڕێژەی جیاواز کارەکانی بەئەنجام گەیاندووە.

باشە ئەگەر لێرەدا لەسەر عێراق ڕۆڵی دوو کارەکتەر باس بکەین:

یەکەم: - لاوازترین ئەڵقەی دوژمنانی کورد لە عێراق.

دووەم: بەهێزترین و مێژوویترین ئەڵقەی بزاڤی ڕزگاریخوازیمان لە عێراقە و لەم سەد ساڵەی ڕابردوودا سەرکردەی وەک بارزانیی نەمری بەخۆوەبینی ئەوەش هاوتا بوو لەگەڵ ئەوپەڕی گیانی بەرگری و قوربانیدانی خەڵک و خاکی کوردستانی شیرین.

ڕاستیشە ئەگەر بڵێین لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ فاکتەری دەرەکی ڕۆڵی زۆربووە لە ژیانی ئەم ناوچەیە و بەتایبەتی لە ژیانی کورددا لایەنی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، سایکۆلۆژی گۆڕیوە.

ئەم دۆخەش بریتی بووە لە دەرەنجامەکانی شەڕی کەنداو تاکو بەئازادی عێراق دەگات کە تیایدا فاکتەری دەرەکی بەهێزی ئازادی هێنەر بۆ عێراق ناسراوە و واش بووە.

بابەتێک سەرنجم ڕادەکێشێ و مەبەستمە باسی بکەم، سەرباری ئەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازیمان لە بڵندبوون و گەشەکردنێکی بەردەوامدایە، بەرامبەرمان کە وەک دوژمن یان وەک کەسێک کە کێشەمان لەگەڵی هەیە یان وەک هەرچییەک بیخوێنینەوە بەهێز نییە و هێشتا خۆی تەکوین نەکردۆتەوە، لایەنی دەرەکیش خۆی بەهاوپشت و دۆستمان نیشان دەدات، ئەگەر سەرباری ئەوە گفتوگۆی کوردی و عەرەبی ڕۆڵی خۆی بدینێ کارەکان باش دەبێ، ئەگەر ئەمڕۆ گفتوگۆی کوردی عەرەبی ڕۆڵی گرنگی خۆی یاری نەکات، ئەوا تێکۆشانی دوێنێی ئەم گفتوگۆیە دەبنە بابەتی ڕێکلامی و ڕەمزی.

لێرەدا دەبێ ڕۆشنبیران بەرۆڵی مێژوویی خۆیان هەڵسن بەتایبەتی ڕۆشنبیرانی کورد. پێویستە ڕێوشوێنی عەقڵانی سەردەمیانە بوروژێنن و بەشێوەیەک بڕیار لە ئایندەی پێکەوە ژیانی کورد و عەرەب بدەن کە هەڵگری بەهای بەرزی دڵنیایی زۆرینە و دوورمەودا و چەسپاو بێ، ئەمڕۆ هەر کەس سەرگەرمی کاری تایبەتی و گرفتە تایبەتییەکانیەتی، هەر لە کاسبکاران و خوێندەوارەکان و کارمەندەکان بگرە تاکو بەڕۆشنبیرەکانمان



دەگات، گرفتەکانی ئەمڕۆ واقعی بارودۆخێکی تایبەتییە و ئینکار ناکرێن، بەڵام چارەسەری ئەم جارەی گرفتەکان کاتی نابێت و ئەوەش پێویستی بەقسە لەسەرکردن هەیە و پێویستە کاری بۆ بکرێت.

گرفتە دەروونییەکانمان، گرفتی سەرەکین و بناغەیەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی دێرینیان هەیە، گرفتە دەروونییەکانیشمان لەگەڵ چارەسەری گرفتە سیاسییەکان چارەسەر دەبن، کەچی ئێمە هێشتا قسە لە بابەتە سەرەکییەکان ناکەین وەک ئەوەی کە دەخوازرێت لێرەدایە ئەم بابەتە دەڵێم کە جارانی تریش وتوومە، بارودۆخەکان دەگۆڕێن، قۆناغەکان و هاوکێشەکان دەگۆڕێن، بەم پێیە بێ زەمەنیشی لەگەڵ دەگۆڕێت کۆیلەتی و داگیرکاری و شۆڕشگێری و خەبات بۆ ئاژاوەیش دەگۆڕین و دەچنە ناو چەمک و چوارچێوەی تازەوە.

ئەوەی لەسەرمانە ئەم دەرفەتە بگرین و بەکردەنی چارەسەری بنەڕەتی کێشەکەمان لە عێراقێکی فیدرالیزمیدا ببینین.

# بەعس و شەڕی کەسایەتی و کۆنترۆڵی کۆمەڵگە

کـاتێک بـاس لە ڕژێمی بەعس دەکــەین بێ شک، باسی حــزبێک، ڕێڕەوێک یان با بڵێین تێکۆشانێکی بەردەوام لە سێدەیە و نیوودا دەکەین، کە خاوەنی توانای خۆی بووە و بەگوێرەی ئیدۆلۆژیایەک دەیویست لەسەر ئاسـتی عـێـراق بۆ هەنگاوی یەکەم و پاشـان لە هەنگاوی دووەمـیـدا کـە ئامانجەکەشی بوو لە سەر ئاستی وڵاتی عەرەبی لە بنیاتنانی پان عەرەبیزم ڕۆڵی هەبێت و سەرکێشی بکات.

بەعس دەیویست لایەنگر و هەروەها کادری تەرخانکراو و هەڵسووڕاوی هەبێت، بەعس مـەبەسـتی بوو کـادیرەکـانی دەمـیـان، داوێنیـان پیس بێت دەسـتیـان بەخـوێنی خەڵک سوور بێت تاکو نەتوانن لێی جیابـبنەوە، تاکو ئەو هێـزە هەمـیـشـە لەسـەر پێ و ئامـادەبیـە بن کـە سـەدام حـوسـێن و کورسییەکەی بپارێزن.

(سـەدام) وەک سـەرکـردەی تاکـڕەو تاک ڕەهەند و ڕەها و دیکتـاتۆری عێراق توانیبووی بەتەواوی حزب کۆنترۆڵ بکات بەکۆنترۆڵکردنی حزبیش کۆنترۆڵی دەوڵەت و پایەکانی دەوڵەت وەک، یەکە ئیدارییەکان و جەیش و ئابووری بکات.

حزب و حکومەت و یەکـە ئیـدارییـەکـانیـشی هەمـووی بەهاوئاهەنگی بەکـار دەهێنا بۆ کـۆنتـرۆڵکردنی خـەڵکی عـێراق بەکـۆنتـرۆڵکردنی خـەونە ئاسـاییـیـەکـانیـشـیـانەوە، سـەدام حوسێن لە هزری بەرجەسـتـەکـردنی پان عەرەبیزما بوو.

زۆر هەڵەین، ئەگەر سەدام وەک خۆی نەخوێنینەوە، سەدام دیاردەییەکی هزری، سیاسی، جڤاکی، ناو هزری عەرەبە شۆڤینییەکانە، سەدام حوسێن کەسێکی بێ ئامانج نەبوو.. ئەو هەڵقوڵاوی ناو مێژووی شمشێر و خوێن و حکایەتەکـانی بوو ناوی منداڵەکـانی خـۆشی هەر لەناوە مـێـژووییـەکـان



دەگـرت ولە لێـداوانەکـانیـش هەر خـۆی ئەخـزاندەوە نـاو مـێـژووییـەک کـە کارەکتەری ڕاستەقینە تیایدا عەرەب و موسڵمانەکانی ئەوانن.

ئێـمـە سـەدام حوسێن-مان نەخـوێندۆتەوە (هەر واش) عـێراق و جڤاکی عێراقمان نەخوێندۆتەوە بەسەر سنگی گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا، بەسەر ئێسک و پروسکـیـانـدا، بەسـەر شین و گـریـانی دایکان و باوکـان بۆ ئێـسـقـانە ساردەکان، ئەوانە تیرۆر دەکرێن کە ئەم ڕژێمەیان گۆڕی و هەروەهاش بوونە هۆی ئاشکرابوونی گۆڕە بەکۆمەڵەکان.

سـەدام کـەسـێکی کـەللە وشک بوو، نەزان بوو، لە شـەڕەکـانـدا ئەدۆڕا، ئەوانە ڕاستن بەڵام مـادام کەللە وشکن و نەزان بوو چۆن **٣٥** سـاڵ حوکمی کرد، چۆن حوکمی لەسەر خەڵکانێکی بەئەزموون کرد.

چی لەناو جڤاکی عێـراقدا هەیە ئاوا لەگەڵ میزاجی سەدام بوو بەیەک و هێزی **٣٥** ساڵ حوکمکردنی پێدا.

ئەوانە ئەم شـتـانەن کە ئەبێ باسـیـان بکەین، تاکو سەدام حوسێنێکی تر لە بەرگ و مۆرکێکی تردا دووبارە بەرهەم نەهێنینەوە!!

لێرەوەیە سەدام حوسێن دەیویست عێراق بکاتە عێراقێکی بەهێز. کەچی گـرفت و کـارەسـاتەکـان لێـرە بوون، کـە سـەدام حـوسـێن وای تەمـاشـای کۆمەڵگای عێراق دەکرد، کە کۆمەڵگایەکی فرەنەتەوە و فرەمەزهەبە بۆیە بێ هێـزە پێـویسـتـە نەتەوە و مـەزهەبەکـان لەبەین بەرێت تاکو بەهێـز بێت سەدام حوسێن لە (٣٥) ساڵ تەمەنی خۆیدا پرۆسەی یەک ڕەنگکردنی، یەک دەنگکردنی، یەک حـــزبکردنی، یەک ســـەرکـــردەکـــردنی، یەک دروشمکردنی، یەک دین و یەک نەتەوەکردنی پیادە دەکرد.

دەیویست سـەرجەم جیـاوازییـەکـانی تیـادا بکوژێت، دەیویست سـەرجەم بـازووەکــان بکاتـە یەک بـازوو.. کــە ئەوەش ناکــۆک بوو لـەگــەڵ ڕەوتی ئێستای دنیای دوای ساڵی ١٩٩٠ .

ڕژێمی عـێراقی کوردی وەک نەتەوە و شیعەی وەک مەزهەبێک بەکۆسپ

دەزانی لە بەردەم ئەم ئامانجە یەکەمینەیاندا بۆ هەنگاوی دووەمینیان.

دەیانویست لە ڕێگەی زەبروزەنگی بەعسیانەوە، لە ڕێگەی کڕینی خەڵکەوە کردنی عێراق بەوڵاتێکی مووچەخۆر عێراق دەستەمۆ بکات و تا ڕادەیەکیش ئەمەی کرد.

کەچی ئەگەر باسی گەرموگوڕی گۆڕە بەکۆمەڵەکان هاندەر و هەروەها هۆیەک بێت کە زیاتر باسی سیاسەتی دوژمنکاری بکەین، ئەوا دیسان قسەمان لەسەر چارەسەرکردنی جیاوازییەکان لە عێراقدا کە زۆر کۆنەپەرستانە زۆر وەحشیانە پەیڕەو دەکران، بەکلاسیکترین شێوە جێبەجێ ئەکران، کوشتن زیندەبەچاڵکردن، گۆڕە بەکۆمەڵەکان کە ڕاگەیاندنی عەرەبی لە ئاستیدا بێدەنگە لە ئاستیدا شەرمەزارە، لە ئاستیدا بێ مسئولییەتە بەرجەستەترین گەواهیدەری سیاسەتە وەحشیانەکانی بەعسیزمن، لە سی و پێنج ساڵی ڕابردووی تەمەنیاندا ئەم تەمەنە بۆتە تەمەنی کوشتنی عێراق و پاشخستن و دابڕینی لە دنیا و لە گەشەکردن و هەروەها ٣٥ ساڵ و زیاتریش بەکاریگەریەکانییەوە، بەفیرۆدانی ژیانی عێراقییەکانە.

ڕژێم نەئەهات گەلانی عێراق ڕازی بکات، نەهاتووە، ئابوورییەکەی گەشە پێ بدات بەڵکو و لەلایەک کۆمەڵە خەڵکانێکی بەخۆیەوە گرێداوە لە ڕێگەی پێدانی پارە و وابەستەکردنی هەناسە و ژیانیان بەبەعسەوە و لەسەر یەکتریش کردوونیەتە جاسووس وە هاوزەمان دەیان دەزگای بەدناوی دەسەڵاتی لەسەر زەق دەکردنەوە.

خەڵکانێکی زۆریشی لە ڕێگەی کوشتن و بڕین و ترساندنەوە، بێدەنگ کردوون تا ئەمڕۆش عێراق لەژێر ئەم کولتوورە ئەم کۆنترۆڵەدا ماوەتەوە، تا ئێستا عێراق بەنجی سەردەمی سەدام حوسێنە ئەمڕۆ کە زەبروزەنگ نییە و ئەمڕۆ کە مووچەخۆرانی بەعس بێ مووچەن ئەبێ چی ڕووبدات.

کەچی گرفتەکە لەوەیان قوڵتر و هەروەها ئاڵۆزترە، ئێمە گرفتی کۆمەڵگای عێراقمان هەیە کە تیایدا مرۆڤەکان بۆ ٣٥ ساڵ تەنیا لە دنیای



داخراوی بەعس ژیاون گوێیان لە ڕاگەیاندنی ڕژێم گرتووە کە لە سەرەمەرگا (محمد سعید صحاف) بەرپرسی بوو بەشێوەیەکی کۆمیدی ڕاستی جەوهەرەکەی چییە نیشانی هەموو دنیای دا، ئێمە ئەبێ درێغی نەکەین لە خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵگایە تاکو بتوانین دوور لە بەعس و کولتوورە شۆڤینیەکەی، دوور لە بەعس و سیاسەتی سڕینەوەی جیاوازییەکانی دروستی بکەینەوە، پێویستە چوونی سەدام حوسێن لەسەر کورسی دەسەڵات چوونی ئەم پەروەردە نامرۆڤانەیەش بێت کە چەندین ساڵە بەعێراقییەکانی ئەدات ئەوەش ئەرکی سەرجەم ڕۆشنبیرانی عێراق و نەتەوە و نەتەوەکانە، ئەرکی هاوپەیمانەکانیشە تاکو لە ڕاستترین ڕێگاوە بڕۆن و لەگەڵ واقعی ژیانی خەڵکی عێراقدا بن.

واقعی سیاسی سەردەمی سەدام حوسێن، تا ئەم ڕادەیە کاری کردۆتە سەر کۆمەڵگا کە ڕەفتارە سیاسییەکانی کۆمەڵگای عێراق تاکو چەندین ساڵی تریش بەنسبەتی کوردەوە جێگای تێڕامان بن.

تەنها گۆڕینی ڕژێم و هێنانی ڕژێمی تر چارەسەر نییە، ئێمە لە عێراقدا پێویستیمان بەمەنهەجێکە تاکو بتوانین تیایدا ئێستای کۆمەڵگای پێ بخوێنینەوە تاکو لە ڕابردووەکەی ڕزگار بین.. ئەمڕۆکە بەرپرسیاریەتی عێراق لە ئەستۆی هاوپەیمانەکان و بەپلەی یەکەم هی ئەمەریکادایە، پێویستە خەڵکانی پسپۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی وا بەهاوبەندی لەگەڵ عێراقییەکان بێنە مەیدان تاکو سیاسەتی نزیک و دووری دوای سەدام حوسێن کار لە هاووڵاتیان بکات و بەئاقارێکی جیاواز لە هی بەعسیاندا ببات.

پێویستە خەڵکی عێراق زوو بەزوو، لەزەتێک لە ڕووخانی سەدام حوسێن ببینن، پرسیارێکی زۆر سادەیە کەسێک نووسی بووی چییان دەوێت لە ڕووخانی سەدام حوسێن زیاتر من ئەڵێم کەسانێک ٣٥ ساڵ بەدابڕاوی دوور لە سیاسەت، دوور لە ڕاگەیاندن بەسەدام حوسێن پەروەردە

بوون، شتێکی باشتر لە سەدام حوسێن ناناسن، ئەوەش لەلایەک بۆ درندەیی ڕژێم و هەروەها سیاسەتەکانی شەڕی ساردی ڕابردووی دەگەڕێتەوە لەلایەکی تر بۆ کەمتەرخەمی ئۆپۆزسیۆنی دوێنێ، خۆ دەکرێت ئەمڕۆ کەمتەرخەم نەبن هەر کەس سەرگەرمی گرفتی خۆی و کورسی نەبێ و هەموو سەرگەرمی ڕزگارکردنی عێراق بین لە سەدام حوسێن لە تاوان و گۆشەگیری.



# زەمەنی ئێمە و زەمەنی ئەوان

## مانا لە دوو شوێندا

### ١

ئەمە چیرۆک نییە، کەچی مەجبوری کردم وەک چیرۆکنووسەکان، بەڕووکەش ئارام و لە ناوەوەم ئاڵۆز بم.

نووسینێکی وایە، کە پێم وانەبوو، ئەینووسم، ئەم ئێوارەیەش من و هزر پیاسەیەکمان بەناو ڕابردوودا کرد و غەمی ئەمڕۆ و داهاتووشمان ئەچنییەوە، خۆمان لەناو ئازادیدا دۆزیەوە، ئازادییەک کە ژیانمان لە پێناویدا بەڕێ کرد، ئازادییێک کە ئایندەی خۆمانمان تیایدا وێنا کرد، هەر لە وێستگەکەمەوە شۆڕبوومەوە بەناو بیرەوەریمان لەناو قەتارێکدا کە بووە بەدوێنێ و، تا ئێستاش ئەمڕۆمان لەژێر سێبەری هەیمەنە دەروونی و ئاکارە کولتوورییەکانی دایە چ وەک تاک و چ وەکو کۆ.

غەدر لە کاروانی ئازادی دەکەم، کە ئەگەر بەر لە ئازادی باسی نەکەم هەر لێرەشە هاوکێشەکان = دەبن بەفەرامۆشکردنی تێکۆشەران. بۆ ئەوەی ئەم غەدرە و سەرجەم دەرهاوێشتەکانی چەکەرە نەکەن و زاڵ نەبن پێویستە باسی کاروانی خەبات بۆ ئازادی بخەینە بەر لە باسکردنی ئازادی، چوون، وزەیەکی زیاترمان و (ماوە)یێکی زیاترمان لە دوێنێدا بەکارهێناوە.

ئەم ڕۆژانەی (ئازادی)مان بەهیچ کلۆجێ وەک (ماوە) بەراورد ناکرێن لەگەڵ (ماوە)ی بوونمان لە کاروانی ئازادیدا.

لەم ڕۆژانەی چوونە پاڵ دوێنێ هزرم لەسەر ئەم باسە بوو کە لە دێرەکانی سەرەوەدا باسم کرد و هێشتا شتێکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەداوی هێشتا وێستگەی بیرکردنەوەکەم دەهاتە سەرخۆم، کەچی کاروانی ئازادی و شەهیدەکانمان لێک جیاواز نابنەوە، داخی گەورەشم ئەوەبوو کە ئازادیخوازی شەهید ئیدریسی هەمیشە لەیاد و سەرجەم شەهیدەکانمان ئەم

ڕۆژەیان نەدیت، کەچی ئەوە سۆزێکە حەقیقەت بەرهەم ناهێنێ، چونکە ئەگەر ئەوان وەک جەستە لێرە بان ئەمرۆمان بەچاو نەئەدیت..«لێرەدا پێویستە تێڕوانینە غەڵەتەکان ڕاست بکەینەوە کە هەموو ئازادییەکە ئەبەنەوە ژێر سایەی فاکتەری دەرەکی ئەگەر فشاری شۆڕش و کێشە ناوخۆییەکانی عێراق نەبوایە سەدام ئەم هەموو غەڵەتەی نەئەکرد و بەعسیزم ڕیسوا نەئەبوو».

لێرە دەچمەوە ناو چیرۆکەکەی خۆم، خۆزگە شەهیدەکانمان بیان دیتبا چۆن دێوەزمەی دیکتاتۆرییەت، زووحاکی سەردەم، هیتلەری سەردەمی مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم هەڵئەتەکێن و، لە دوای یەکا ئەڕووخێن. بۆیەش باسی کاک ئیدریسم کرد چونکی وا هەموو ئەم پێگانە ئەلەرزن و بۆنی داڕووخانیان لێ دێت کە زۆر ئازاری لە دەستیان چێشت.

هەمیشە وتوومە و لێرەش ئەیڵێم پەناگەیەک نەبوو بۆ ئیدریسی هەمیشە ساغ ئارام بێ جگە لە پەناگەی باب بارزانیی نەمر و ڕێبازەکەی و سەرکردایەتی شۆڕش لەگەڵ جەنابی سەرۆکدا.

## ۲

هەموو سەرەداوەکانی بیرکردنەوەمان، لە دوێنێ و تەماشامان بۆ ئاسۆی ئایندە بەمەحدودیەت و پێچاوپێچا ڕاگوزەر ئەکات کەچی ئەوە قانوونی ژیانەو دەبێ لەگەڵیدا هەڵبکەین

بەخۆم وت

– ئەم هەموو غەمە لەکوێ. هەڵگرین

هەر خۆم بەخۆمم ئەوت

–چۆن غەم هەڵنەگرین، لە کاتێکدا بەئازادی گەیشتین کە خۆشی و شادی ڕۆژانی ئازادی بەسیمای عێراقییە تازە ئازادبووەکانەوە دیار نییە (بۆ وایە)؟ ئاخۆ؟ (۳۵) ساڵ سیاسەتی تۆتالیتاری ڕژێم تا ئەم شوێنە،



سەرجەم هەستەکانی مرۆڤی ئەم وڵاتەی کوشتووە.. مەمیلەی چێژەکانی گۆڕیوە، تا ئەم ڕادەیە مرۆڤی بەتاڵ کردووە لە مانا، لە هەست و نەست.!!؟

تا ئێستا کەسانێک هەن بۆ سیاسەتی گۆڕە بەکۆمەڵەکان ئەجەنگن، ئالێرەدا عێراق = بەمرۆڤێک کە دەبێ موهتەم بێ بەڵایەنی شیکاری دەروونی!! لەگەڵ ڕۆچوونی زیاترم بەناو دەریای ئەم هزرانەدا نەم ئەتوانی دوێنێ و ئەمڕۆ لەژێر کارتێکردنی یەکتری ڕزگار بکەم، حەقیقەتێک خۆی بەسەر بۆچوونی سیاسیمدا ئەسەپاند و، لە شێوەی، دەنگێکی ئارام و هێدی کە لە (خیام) ئەچوو لە سەرەخۆ بەدیقەتەوە پێی ئەگوتم

سەرباز:- ئەم کارە سەبری ئەوێ، بەنسبەت من و ئەو و ئەوان

پێشکەوتنەکان جیاوازن، جا عەقڵەکانیش جیاوازن، ئینجا زەمەنیش جیاوازە.

من لە زەمەنێکام و ئەوان لە زەمەنێکا، کەچی لە یەک وڵاتاین، هێشتا زەمەنەکان جیاوازن بەڵام بیرکردنەوەی زیاتری ئەوێت.!

کەچی فەزایەک هەیە هەموومان ناومان ناوە ئازادی هێشتا دەتوانرێت ئازادی ڕاستەقینە لەم فەزایەدا دروست بکرێت ...ئەمەش ئازادییە، سەدام و ڕژێمەکەی ئەوەندە هەڕەشە بووبێ بۆ دنیا ئاخۆ لێرە چەندە هەڕەشە بوو بۆ کورد جا چی ن..ە..ک..ر..د.

ڕزگاربوون لەم بەڵایە ئازادی و کرانەوەی فەزایە بۆ ئازادی و هەڵهاتنی ڕۆژی ڕووناک و دەمکردنەوەی گوڵەکانە.

– بۆیە وتم فەزایەک بۆ ئازادی، چونکە بەعسیزم هەموو ماناکانی دەستکاری کردووە.. لای زۆرینەی خەڵک حەقیقەتەکانی گۆڕیوە ئاخر کۆمەڵگایەک ۳۵ ساڵ بەڕاگەیاندنی محەمەد سعید سەحاف گۆشکرا بێ ئەبێ چەندە خەباتی بوویێت تاکو دەهێنرێتەوە سەر ڕێگای مەبەستی ئازادی و سەر ڕێگای تێگەیشتنی دروست لە ئازادی.

بەوتن ئاسـانە بلـێین: کـۆمـەڵگایەک ٣٥ سـاڵ بەزمـانی بەعس دواوە بەگوێی بەعس گوێی گرتووە، لە قوتابخانەی بەعس گۆشکراوە، لە زیندانی بەعس ئاخنرێنراوە، بەچەکی بەعس قسەی کردووە، نموونەی باڵای ئاکار و فەلسـەفە و ڕەوشتی سەدام بـووە، بێ ئاگاش بووە لە دنیـای دەرەوە چەندە سامناکە، چ دەریایەکی پڕ لە عاجباتییە کاتێک بەقووڵی کاریگەرییەکانی ئەم (٣٥) سـاڵە لەسـەر کۆمـەڵی عـێـراق و لەسـەر تاکی عـێـراق بەقـووڵی ئەخوێنیتەوە.. کەچی هێشتا کۆمەڵێک بەکرێ گیراو بەقسەی سەدامێکی تر، پیـرتر لەم سەدامـەی ڕووخا، بەقـینـتـر لەم سەدامـەی ڕووخا یۆتۆپیـانە دایک و منداڵ لێک جیـا ئەکـەنەوە کـات زیـاتر لە ئێـوارە درەنگی نزیک ئەبۆوە بۆیە کـات لەگەڵ خۆبیدا بەناچاری منی بردە ژوورەوە لە ژوورەوەش دابەش بوومە سەر تەلەفزیۆن و تەلەفۆن و هتد...



## رۆڵی سەردەمیانەی پارتی سیاسی لە کوردستاندا

**- رابردوو بۆ ئێستا:**

ئەمـــجـــارەیان بەچەشنێکی بنەرەتی، وە ســـەرتاپاگـــیــــر، هەژاین، گۆڕانکارییـەکـان زۆر کاریگەر و گەورە بوون کە پێـویسـتی بەخوێندنەوە و هەڵوەســـتـــەکـــردن هەیە، کـــاری پارتایەتی و ڕۆڵی پارتیـــمـــان و پارتە سیاسییەکان لە ئایندەدا گرنگ و بابەتی ژیانین.

ئێـمـە کـە کـاروانێکی ئازادیخـوازی پڕ لە قـوربانـیـدانمان لە سـەرەتاوە بۆ ئەمـــڕۆ هێناوە، ئامـــانجـــمـــان ئازادی بووە و هەیە ئەمـــڕۆش بەئازادی گەیشتووین، ئەوا ئازادییەک کە فاکتەرە زاتی و بەشێکی فاکتەری بابەتی لەم وڵاتە خۆڵقینراوی دەستی پڕ لە کاری شۆڕشن، پێویستە لەم وێستگە گرنگەوەش شۆڕش خاوەنی ڕێوشوێنی کارا بێ بۆ سازدانەوەی کۆمەڵگا، کۆمەڵگایەک دوای دیکتاتۆریەت. کەچی ئەمجارەشیان ئێمە پێویستیمان بەسـەرکـەوتن هەیە، سـەرکـەوتنیش لە تێگەیشـتنی قـۆناغـدایە، قـۆناغ خـاوەنی تایبـەتمەندی خۆیەتی، بەم پێیـە خـاوەنی چەمک و تێگەیشتن و هەروەها نەوەی تازەی خۆیەتی.

ئەمڕۆ ئێـمـە لە سـەردەمی گەشـەکردنی خێـراماندایین، لە سەردەمێکدا دەژین پێـویسـتی بەکارابوون و زانابوون و تێکۆشەربوون هەیە، پێویسـتی بەبیـرکردنەوە و کرداری ڕاست هەیە، پێویسـتی بەرێوشوێنی هەرە گونجاو هەیە.

لە سەردەمی ئەمڕۆدا، ژمارەی زۆری ڕووبەری جوگرافیای گەورە، بوونی لەشکری قەبە، زۆر ڕۆڵ لە دروستکردنی هێـزدا نابێنێ، کەچی چۆنیـەتی بەکارهێنانی کەرەستە و هەروەهاش ڕێوشوێنەکان گرنگە ئەگەرچی کەم و بچوکیش بن.

ئەگـەر تا بەر لە ئازادی عـێـراقـیش وە ڕزگـاربوونی لە دێوەزمـەی

دیکتاتۆریەت عێراق گۆشەگیر و هەروەها داخراو بوو، دوور بوو لە تەوژمی ڕاگەیاندنی بێ سنوور و ئازادییە گروپی و فەردیەکانی نکۆلی لێ کرابوون، ئەوا بێ ئەملاو ئەولا ئەمڕۆ عێراق سەرباری ئاستەنگە کاتییەکان دەبێتە شوێنێکی دیموکراسی لە ناوچەکە کە مافی سەرجەم نەتەوە و کەمایەتییەکانیش پارێزراو بێ.

لێرەوە هەر خێزانێکی عێراقی بەکوردستانیشەوە خاوەنی ڕەئی خۆی دەبێت ، دەتوانێت هەست بەبوونی خۆی بکات... سەرجەم ناوچەکانی تری عێراق کە تابەر لە ئازادی عێراق لە ژێردەستی ڕژێمدا بوون سەربەستانە لە ڕێگای ئامرازی پێشکەوتوەوە دەتوانن گوێبیستی پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکان بن لەم شوێنەوە بۆ دواڕۆژ سەرکوتکردنی ئازادییە گرووپی و تاکییەکان کارێکی ئاسان نابێت ، لە ئایندەدا دێتە دیتن کە چۆن عێراقییەکان دەبنە پشتیوانی ئازادییەکەیان کە هێشتا پێی نامۆن.

پێویستە لێرەدا بچمە سەر خالێک کە گرنگ و هەروەها ڕاستییەکیشە ئەویش «کارتێکردنی ئەم گۆڕانکاریانەیە لە سەر کۆمەڵگای کورد».

لێرەدایە کە سەرباری چەسپانی ستراتیجیەتی «پارتی و بارزانیی» کە خۆی لە بەرجەستەکردنی مافی نەتەوەکان و ئازادیان و بەبرایانە پێکەوە ژیاندا ئەدۆزیتەوە، ئەوا شێوازی کاری پارتایەتی لە کوردستاندا دەگۆڕدرێت و دەبێ توانادار بن بۆ خوێندنەوەی ئەم گۆڕانە، هەزمکردن و شیکردنەوەی. بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تازە کە ئێمە لەم بارەیەوە زۆر توانادار دەبین.

لێرەدا ئێمە قسە لە «پارتی کوردی» دەکەین کە ئامرازێکی بەهێز و سەرەکی بووە ، کورد بۆ ئورگانیزەکردنی خەبات و تێکۆشانی خۆی کاری پێ کردووە و قوربانی بۆ داوە لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا گەیشتە پێگەیشتنی سازماندراوی وا کە تا ئەو کاتە لە مێژووی میللەتی کورد نموونەی نەبووە کە توانی بۆ یەکەمین جاریش لە مێژوودا جێ پەنجەی خۆی



بەرەوتی سیاسی ناوچەکەوە بنێ بەراگەیاندنی بەیانی ١١ ئازاری ١٩٧٠ ئیدی ئەمڕۆ کورد دەچێتە قۆناغێکی تری گفتوگۆکردنی مافەکانی.

ئەگەر تەنیا قسەش لە پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین ، ئەوا دەتوانم بلێم «پارتی» بەرێبەری بارزانیی نەمر یەکەمین ئەزموونی سەرکەوتووی خەباتی بووە لە کوردستاندا لە کاتێکدا کە کوردستانی عێراق لە نیوەی سەدەی ڕابردوودا لە قوناغێک بۆ قوناغێک گواستەوە، هەر ئەم پارتییەش توانای هەبووە ڕەخنە لە هەنگاوەکانی کۆمەڵگا و لە خۆی بگرێت، بەرپاکردنەوەی شۆڕشی گوڵان و دیراسەتکردنی ژیانی شۆڕش لە ڕابردوودا سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە.

هەربۆیەش باوەڕم وایە بۆ داهاتوو دەتوانێت لە هەمان ڕێڕەوی سەرکەوتنندا هی سەروەری بوون و سەردەمی بووندا ئالای پارتی و بارزانی هەر شەکاوە و سەربەرز دەبێ. پارتی دیموکراتی و کوردستان جەنابی سەرۆک، فاکتەری برایەتی و لێک نزیککردنەوەی نەتەوە جیاوازەکان بووە لە کوردستان و لە عێراقدا، گیانی لێبووردنی قووڵ کردۆتەوە، چ لە سەرەتادا کە ئامادەکاری بۆ شەڕی ئازادی دەکرا و وە دوای نەمانی ڕژێمی دیکتاتۆریش، ! بەهەمان شێوە و بێ شک و بێ دوو دڵی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەندامێکی کارایی ناو سەرجەم جڤات و بڕیارەکان بووە. وە دەبێ ئاماژەش بەوە بدەین کە یەک دەنگی لایەنە کوردییەکان هەموویان بوو بەهۆی ئەوەی خەڵکان بڵێن کورد بەیەک زمان قسە لەگەڵ لایەنی بەرامبەر دەکات ، ئومێدم وایە ئەم هەڵوێستە نەتەوەییە بپارێزرێت چونکە گرنگە و ئەرکێکی سەردەمیانەیە هەرچەندە هەموو سەردەمەکان ئەوە ئەهێنن کورد تیایدا یەک دەنگ بێ.!

**لە ئێستادا:**

لە ئێستادا ئێمە نەک هەر لەبەردەم پێویستی جارێکی تر دارشتنەوەی پرۆگرامە سیاسی و بەتایبەتی کۆمەڵایەتییەکاندایین. بەڵکو پێویستیمان

بەجارێکی تر دارشتنەوەی کەسایەتیمان و بنیادنانی کادیری سەردەمی هەیە، کادیرێک کە بتوانێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بژێت بەعەقڵیەتی تازەی سەردەمیانە ڕوبەڕووی ئەرکەکان ببینەوە، پارتیمانیش ئیمکانیات ئامرازی تازەی بخاتە بەردەست . ئێمە پێویستیمان بەدان پێدانانە بەواقیعێک کە گۆڕانکارییەکان لەگەڵ ئازادیدا هێناویەتی ، واقیعێک کە تازە و هەروەها هەڵگری بەها و پرنسیپێکی سەردەمیانەی خۆیەتی .

پارتی دیموکراتی کوردستان پارتێکی بەئەزموونە لە بوارەکانی کارگێری و بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەدا ، ئەم قۆناغەش پڕاوپڕی پارتیمان و ئەرکەکانی دەبێت ئێمە لە بەردەم کێشەی سەرکردایەتیدا نین، ئێمە لە بەردەم کێشەی ئەوەداین ، چۆن و بەباشترین شێوە لەگەڵ سیاسەتەکانی سەرکردایەتیماندا یەک بگرین و ببینە یەک، بێ شک ، کاتێک دەتوانین ئەوە بکەین ، کە کەسایەتی کادیرانەی سەردەمیانەمان لەخۆماندا چەسپاند بۆ ئەمەش پێویستیمان بەخۆداچوونەوە هەیە، سەرەتاش پێویستە حاڵەتی نەفسی خۆمان ڕێک بخەین لەگەڵ ئەرکە تازەکان.

وتە بەنرخەکەی «جەنابی سەرۆک» لە دەرچوونی دوا دەورەی پەیمانگای کادیران و ئاماژەدانی جەنابیان بۆ کەمتەرخەمی کادیران ، وامان لێ ئەکات بەخۆماندا بچینەوە . هەر ئەم ووتەیەش هاندەری ئەم نوسینەم بوو . کادرانی پارتی لە بەردەم ئەرکی گەیاندنی سەروەریەکانی پارتین بەگەل ، سیاسەت و هەڵوێستەکانی پارتیمان لە ئان و ساتی گرنگ خوێدا بۆ پاراستنی سەروەری پرۆسەی ئازادی عێراق و نەهێلانی دەست تێوەردانی ئەملاو ئەولا سەروەرییەک و هەروەها سەرەتای ڕزگاری ناوچەکە بوو لە هەیمەنەی «پان نەتەوەیی» ناوچەی هەندێک دەوڵەتی ناوچەکە .

کادیری پارتی لە بەردەم ئەرکی گەیاندنی جەوهەری پارتیە بەخەڵکی پاشان قۆناغ لەسەرمان دەسەپێنی کادیرانمان وشیار و فکری سیاسی و زانا بن. پاشان پێویستیمان بەکادیرێکە «بەڕەئی خۆم» بتوانێت دەسەڵاتی



حیزبەکەی بۆ خزمەتی گەل بەکاربهێنێت نەک تەنیا قسە بکات ، پێویستیمان بەکادیرێکە بتوانێت بەباشترین شێوە ڕاگەیاندن بەکار بهێنێ و پێش بخات بۆ ڕێکخستن و بوارە کارگێری و پیشەیی و دیموکراتییەکانیش بەهەمان شێوە.

ئێمە وەکو کورد پێویستیمان بەکارکردنە ، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەوەی دەبوایە بکرابایە بەڵام دۆخە سیاسییەکان بەچەشنێک خراپ بوون کە بواریان نەداوین ئەوا هێشتا ڕێژەکە شایانی بەراورد نییە و پێویستە کار بکەین...

ئێمە گرفتێ لە خوێندنەوەی ئیشکالیاتەکانی خۆمان هەیە ... ستراتیجیەتی خۆمان بەلاوان و چینی تازە نەداوەتە ناسین .

جارێکی تر دەبێ قسە لە ستراتجییەت بکەینەوە دەنا کارکردن لەسەر ئەم ڕێڕەوە، ئەم پرۆژەیە تا قوناغێک دێت و لەم قۆناغەشدا ئیدی فاکتەرێکی دەرەکی تەحەکوم لەسەر سەروبنی سیاسەتەکانی بکات و کار و تێکۆشانی ئێمە بێ ئەنجام بکات ، من ئەمە ناودەنێم کارەساتی ستراتیژی... هەرچەندە لە سەرەتاوەش گەشبینی خۆم باس کرد بەرامبەر بەئازادی عێراق و لایەقبوونی مرۆڤی عێراق بەم ئازادییە... کەچی پرسەکان پێویستیان بەناسینی هەیە تاکو کارەساتەکانمان لێ دور بن.!! لە لایەکی تر بۆ ئەوە و پێویستی خۆمان لەم کارەساتانە بپارێزین، دەبێ ستراتیجیەتی ڕوون و ئاشکرامان کە هەمیشە پارتی بەسیاسەتی حەکیمانە و ستراتیجیەتی زەلال ناسراوەوە بدەینە ناسین.

نابێ تەنها یەک لایەنە مەسەلەکە بناسین، ئەویش بەگرنگ گرتنی ئەوەیە کە ئێمە چۆن عاتفیانە بیر لە خۆمان دەکەینەوە و خۆمان دەناسین. پێم وایە گرنگ بەنسبەتی کورد ئەوەیە چەند خۆت بەناسین ئەدەی ، چەندە پشتیوان پەیا ئەکەیت...

کاروانی بزاڤی ڕزگاریخوازیمان، کاروانی قوربانیدانی ئەم گەل گەیشتە

مەنزڵگایەک لێ وا مەنزڵگا نییە بەڵکو لە نیوەی ڕێگا زیاترە و ڕێگای هات و نەهات و پڕ مەترسیمان بڕی.

پێویستە ئەم خەباتە بچەسپێ، چی بکەین لەم شوێنەوە کە ئێستا لێی وەستاوین ، ئایا دەتوانین کارەکانمان کە «ئامانجی ئازادین» سەرکەوتووانە بەڕێوە ببەین؟ ، چونکە ئێمە بەتەنها ئامانجمان هاتن نەبوو بۆ ئەم قۆناغە، بۆ ئێرە، لە نەهامەتییەکانی و نائومێدییەکانی دوای سیڤەرەوە، بۆ ئازادی عێراق...

لە دەستی مێجەر نۆئێل و ستافە بریتانییەکانەوە بۆ سەرەوەی ڕاوێژی هەمیشەیی لەگەڵ بالێوز بریمەر.

بەسەرپشتی ئەنفال و کیمیاباراندا بۆ ئەمڕۆ.

بەڵکو ئامانجمان بوو بگەینە ئێرە تاکو کارەکانی تر بەئەنجام بگەینین. لێرە لەسەر بنەمای جوگرافیا سیاسەت و ستراتیجیەت و بەها و مۆراڵە نەتەوەییەکانمان و کەسایەتیمان دابڕێژینەوە، کەسایەتی نەتەوەیی و ئینتمایەکەی بوژێنینەوە، لەجیاتی تۆڵەی کلاسکی لە مێژوو لە دوژمنەکانمان، خزمەت بەئاشتی و شێوەیەک دابڕێژین، وە لە دەستوری ئایندە مکوومیان بکەین کە ئیدی فرسەتی ئەم دوژمنایەتی و غەدرانە نەمێنێ.

ئەمانە ئەم بابەتانەن کادری ئێمە دەبێ لە سەریان قووڵ بێتەوە کە پێویستە ئێمە خەباتی بۆ بکەین و بەرچاومان ڕوون بێ.

دەبێ لێرە بۆ هەنگاوەکانی تر، لەم وێستگەیەوە بۆ ویستگەکانی تر کادر باوەڕی بەسەرفرازی و سەرکەوتنی هەبێت باوەڕی بەئامانجە گشتییەکان هەبێ، هێشتا خەبات بۆ دوارۆژی ژیانی منداڵان بکەین و ئاسوودەیی تەواوەیی پاشەڕۆژیان بۆ بچەسپێنین.

پێویستە کادری پارتیمان بەوردی گوێڕادێری ڕەخنەی خەڵکی بێت و بەسینگ فراوانی چارەسەریان بۆ دابنێ، خەڵکی کوردستان هەموو شتێکی



کرد، گیانی شیرینی خۆیان و خۆشەویستەکانیان بەخشی، ئەمڕۆش ئەم خەڵکە بۆ ئێمە گرنگە و هەر ئەم خەڵکەش توانای دیاریکردنی دوارۆژی خۆی هەیە و دەتوانێ بڕیاری لێ بدات...

پشتگوێ خستنی ڕەئی خەڵکی بەنسبەت هەر لایەنێکی سیاسی و کادیرەکانی کارەساتێکی گەورەیە. پارتیمان پارتی خەڵک و هی هەموو چین و توێژەکانە. لە مێژوودا پارتی وەک ماسی وابووە لەناو دەریای جەماوەردا. کادیر و پێشمەرگەکانی لای خەڵکی کوردستان شیرین بوون و ئەزموونەکانی دوای ڕاپەڕینیش سەلماندیان کە خەڵکی کوردستان پشتیوانی پارتیمانن. پارتی خاوەنی جەماوەرێکی زۆر و کادری تیکۆشەری لێبوردووە. ئێمە پێویستمان بەشیوازێکی تازە هەیە بۆ پێک گەیشتنی کادیر و جەماوەر کە لە بنەڕەتدا گەیشتنی حزب و خەڵکیشە.

دەبێ سیاسەت بەم کراوەییەی ئەمڕۆی پەسەند بکەین و کاردانەوەکانیشی لەسەر خۆمان قەبووڵ بکەین.

هەروەها ئەرکی خەڵک و جەماوەریش دەگۆڕدرێت، مەرج نییە ئەمڕۆ خەڵک وەک دوێنی بەهەمان شێواز، کار لەگەڵ حزب و شێوازی پێوەندییەکانی بسازێنێ... هێشتا خەڵک پێویستی بەمیکانیزمی سەردەمیانەی کاری هاوبەشە لەگەڵ حزب، هێشتا خەڵک ئامادەیی زۆری تێدا هەیە، کەچی پێویستە هێزی ئەم ئامادەییە ئاشکرا بکەین، پێویستە هێزی شاراوەی گەل ئاشکرا بکەین و بۆ داهاتوو کەڵکی لێ وەربگرین، ئێمە دەبێ باوەڕمان بەگەلەکەمان هەبێ و پشت ڕاستین لە هێزی گەلەکەمان و بەم شێوەیە کار دەکەین... مەرجیش نییە هەر قسەیەک کە کرا بەڕەئی گەل بخوێنرێتەوە.

لەم ڕۆژانە گوێم لە ڕەئیەک بوو ئەیگوت:

دەبوایە لەجیاتی ئەم سەرکردانەی ئێستای کورد، کە لە ئەنجوومەنی حوکم جێ دەگرن، چەند ئەفسەرێکی خانەنشین لەو شوێنە جێ بگرن،

چونکە مستەوای کوردەکان بەرزترە لە کەسایەتی سیاسی عەرەبەکان، من پێم وایە ئەوە ڕەئی خەڵک نییە. ئەگەر هاتبا و سەرکردایەتی کورد لەم ئاستەدا، لەم سەرکردایەتیەدا کە بەکاتی دروستکراوە و ئەرکی دانانی لیژنەی دەستوریشی لە ئەستۆدایە شوێنیان نەگرتبا، وە کەسی تریان لەم ئەنجوومەنە دانابا، ئەو کاتە گازندە دەکرا کە ئەوانە لە ئەنجوومەنی حوکم سەرباری پێگەی گرنگیان لەناو خەڵکدا، سەرباری ئەزموونی سیاسی دوورودرێژیان پێ بەپێ لەگەڵ زرووفەکانی نەهاتن و لە وێستگەیەکی گرنگ لە ئەنجومەنێکا شوێنیان نەگرت کە ئەرکی دیاریکردنی کارەکانی دەستووریشی هەیە.

بەڵام کاتێک دەبینین لە هەموو کارە هاوبەشەکان لەگەڵ ئۆپوزسیۆنی دوێنێ دەسەڵاتەکانی ئەمڕۆدا قۆناغ بەقۆناغ هێنایان و لەم بارەیەوەش ڕۆڵی سەرکردایەتی کورد لە کەس شاراوە نەبووە و نییە ئەوا سەربەستانە ئەمڕۆ گفتوگۆی هەموو مافەکانی دەکرێت ئامانجی بنەڕەتی سەرکردایەتی کوردیش لە بەشداریکردنیدا لەم پێگەیە دەستەبەرکردنی مافەڕەواکانی کورد و عێراقە.

مەبەستمە بڵێم شەرت نییە ئەوەی بەناوی گەل دەگوترێت ڕەئی گەل بێت ڕەئی گەل ئەوەیە هەموو بەیەکەوە تەبا و گونجاو بین و بەیەکەوە داکۆکی لە مافە سیاسییەکانمان بکەین و گوتاری سیاسیمان یەک بێ.

هەر ئیمتیازێکی داهاتوو بۆ کوردستانیش بێ و قەرەبووی زیانەکانی بکاتەوە، باری پەروەردە و تەندروستی و خۆراک و ئاسایشی بۆ دابین بکرێت، ئەمەش بەمشوری لایەنە سیاسییەکان دەکرێت. لە لایەکی تر ئەرکی لایەنەکان و جەماوەریشە کیانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بپارێزین و پێشی بخەین.

ـــ لە ئیستا بۆ داهاتوو

ئەرکی پارتی سیاسییە بەگوێرەی ئەم قۆناغە سیاسەتی گونجاو پیادە



بکات و مافە سیاسییەکان بەرجەستە بکات و پێشیان بخات.

لەگەڵ ئەوەشدا ئێمەین لە بەردەم ئەرکێکی گرنگی کۆمەڵایەتیداین لە بەردەم کارێکی گرنگی ژیانیداین. پێویستە کەمتەرخەم نەبین ئەویش «گرتنەوەی هزر و بیر و ڕۆشنبیری لاوان و پەروەدەکردنیان و پاراوکردنی ئینتمای نەتەوەبیان بەگوێرەی سەردەم و بەشێوەیەکی گونجاو دوور لە دەمارگیری».

زۆر شت کراوە، کابینەکانمان لە حکومەتی هەرێم ئەرکی گرنگیان ئەنجامدا کوردستان بەبەرچاوی دۆست و دوژمنەوە سەربەرز ڕاوەستاوە، ئەوانەی دێنە ئەم کوردستانە... سەیرە لایان کورد بەو ئیمکانیەتە کەمەی لەبەر دەستییەتی توانیویەتی ئەم کارانە بکات... کەچی بەم حاڵەش زۆر ماوە ئەنجامی بدەین...

زۆریش ئەنجام درا پێویست نەبوو بکرێت، شەڕی ناوخۆیی چەند ساڵێک گیرۆدەی کردین بۆ گەلەکەمان پێویست نەبوو... کەچی ئێمە دەبێ ئایندەخواز بین نەک کۆیلەی ڕابردوو...

پێم وایە هەرچی بکەین یەک شت دەکەین، کەچی ئەگەر لاوان بۆ ئایندە پەروەردەی ڕەسەنی نەتەوەیی وەربگرن هەموو شت دەکەین، چونکە ئەو کاتە لاوان هەموو شت ئەنجام ئەدەن. دەبێ لێرەدا دان بەوە دابنێین کە ئێمە لاوانی دوای ڕاپەڕینمان بەتەواوی پەروەردە نەکرد با جیلی دوای ئازادی عێراقیش لە دەستمان دەرنەچێت و پەروەردەی بکەین بۆ ئەوەش دەکرێت ڕێگای سانا و ئاسایی پێشنیاز بکرێت.

– دەکرێت سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان بەفعلی بەئەرکی ڕۆشنگەری خۆیان هەڵسن و دەیان سەنتەری ڕۆشنبیری و پەروەردەیی بکرێتەوە...

– دەکرێت پرۆگرامی پەروەردە لە کوردستاندا گرانایی زیاتر بداتە بواری پەروەردەیی نەتەوەیی و نیشتمانی دوور لە پەروەردەی بەعس کە سەرتاپای پەرتوکەکانی داگیر کردووە...

– ڕۆڵی ڕاگەیاندن و کەناڵە جۆراوجۆرەکان گرانایی بداتە سەر لاوان و زیاتر گرانایی بدرێتە بواری پەروەردەیی لەجیاتی نەهێشتنی بەرنامەی لاوان بەپێچەوانەوە بەرنامەکانیان پێش بخرێن.

– گرنگ ئەوەیە پرسی پەروەردەی لاوان لە کوردستاندا بەگرنگ وەربگرین و کاری بۆ بکەین لە بەرئەوەی ئەگەر لاوانمان لە دەست بچێت پاشەڕۆژمان لە دەست دەردەچێت بۆ ئەوەش دەکرێت ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتییەکانی لەم مێژوودا خۆیان کاراتر بکەن من دۆخێکی پێچەوانە دەبینم، لام سەیرە وەختێک کە فورسەت هەیە مومارسەی دیموکراسی بکەین و ئەو کاتەی دەرفەتی ڕێکخراوەکان بەفعلی پەیدا دەبێت ئا لەو کاتەدا سست بین، ئەرکی ڕێکخراوەکانە هەموویان یەک دەنگ «دەنگی پیشەیی» خۆیان بلند بکەن و لاوان بەخۆ بگرن و پەروەردە بکەن.

ڕۆڵی پارتی سیاسی لە بزاڤی ڕزگاریخوازیماندا هەمیشە ئەوە بووە کۆسپی لە بەردەم دوژمن دروست کردووە لاوان بەلای دوورخستنەوەیان لە نەتەوەکەیان ببات لێرەشدا...

بەهۆی ئەوەی پارتی سیاسی لە کوردستاندا باش خۆی ئۆرگانیزە کردووە و دەسەڵاتی هەیە ئەوا لە بەردەم ئەم ئەرکە گرنگەدایین.

بۆ ئەوەش پێویستە لاوانی تازەی خوێن گەرم بێنە ناو مەیدانەوە و کار ئاسانیان بۆ بکرێت.

دەبی لێرەدا فرسەتێک بدرێت لاوان تیایدا هەست بەشوناسی لاویەتی خۆیان بکەن...

لێرەدا ئێمە دەتوانین لە چەند کورتە دێڕێکا ئەنجام بەرجەستە بکەین. ڕاستە پارتی سیاسی کاری کرد و نەیهێشت دوژمن بەمەرەمەکانی بگات تا دوێنێ شێوازی کاری پێشمەرگانە و تەبلیغاتی حزبی هەبوو کەچی لێرە بۆ ئایندە کاری پارتی سیاسی لە ناوخۆدا چییە؟ تەنیا بەڕێوەبردنی حکومەت و بوونیەتی لە ناوەند (بەغدا) و داواکردنی داوا سیاسییە



ڕەواکانمانە؟ ئەی دامودەزگا حزبییەکان و بەهەزاران کادیر دەبێ چ ئامانج و چە ڕێڕەوێک بگرنەبەر...؟ ئایا ئەرکی سەرەکی و یەکەمینی پارتیمان و لایەنە سیاسییەکان ئەوە نییە مۆراڵێکی زیاتر بەم ئازادییە بدەین و پرۆژەیەکی وشیاری کۆمەڵایەتیمان هەبێت؟ ئەدی ڕۆڵی زانکۆکان لێرەدا چییە؟

وای دەبینم ئەمڕۆ کە ئێمە لە دەسەڵاتین ئاوری زیاتر لەبەر پێی دەسەڵات بدەینەوە ئەرکە ئەولەوییەکانمان باشتر بناسین و بەجورئەت و دەستوبرد بین لە دەستپێکردنی کاری تازە کە ئەم سەردەمە لێمان دەخوازێت و داوا دەکات. ئایا هەر کەسەمان پرسیاری کردووە ڕۆڵی من لە پرۆسەی ئازادی عێراق چ بووە و چ پێویست بووە ئەنجامی بدەم؟

ئێمە لە بەردەم زۆر ئەرکداین کە جارێ دەکرێت گفتوگۆی لە سەر بکەین مادام ئێمە گەلێکی بەهێزین و سەرکردایەتییەکی بەهێزمان هەیە و لە مێژووشدا بۆ یەکەمین جارە ئەم فرسەتە دێتە پێشەوە... ئەوا پێویستە فۆرمۆڵەی ئەرکە گرنگە سەردەمیانەکانمان بکەین دەستوبرد دەست پێ بکەین ... با لە گفتوگۆی بارودۆخەکانمان دەست پێ بکەین.

با لە ڕۆشنبیری و ڕۆشنگەری و دۆزینەوەی شاڕێگەی ئەرکەکانمان ئەمڕۆوە دەست پێ بکەین.

لایەنی سیاسی کوردی لەم ڕووە دەکرێت لە کارتی گەل و ڕەئی گەل کەڵک وەربگرێت، دەکارێت گەل سەرپشک بکات چۆن بڕیاری ژیانی ئەدات. ئەوەی من هەستی پێ ئەکەم ئێمە بەرێژەیەکی زۆر کەم لە تواناکانمان کەڵکمان وەرگرتووە... با هێشتا بەدوای تازەیدا بگەڕێین زەمینەکە لەبارە و توانامان هەیە و جەماوەرمان لەگەڵدایە و حەقین.

# شکۆدار بوو پارتی و بارزانی

## ١

ئێوارەی ڕۆژی ١٦ تەباخ، لە یاریگای شەهید فەرەنسۆ هەریری یادی (٥٧) ساڵەی پارتیمان بەرز و پیرۆز کرا. ئێوارەیەک بوو، گیانی بارزانی باوک شاد و ئیدریسی هەمیشە زیندوو هاوقەتارە شەهیدەکانی بەسەر سەری پڕ لە ڕێزی ئاپۆرای گەورەی شارەوە لە فڕیندا بوون ئێوارەیەک بوو، هەزاران هەزار خەڵک دەیانگوت، لەگەڵت داین پارتی و بارزانی، وەفادارین بۆ دوێنێ کە ئەمڕۆی بەرهەمهێناوە ئەمڕۆش وسبەینێش لەگەڵتاین و هەر لەگەڵیشتاین.

«ئامادەبوونتان ئەی جەماوەری هەولێر بەئافرەت و پیاو و پیر و گەنج و منداڵەوە وەستانی هەزارانتان لە دەرەوەی یاریگا، پەیامێکە بۆ دۆستەکانی پارتی بۆ پارتی و سەرۆکە نەتەوەییەکەی کە ئەم ڕێبازە لەناو دڵ و هەناسەی خەڵک گەش و گەشترە وگەشتریش دەبێ».

ئێوارە یادێکی پڕ شکۆ بوو، خەڵکانی دوور سەربازانی ئەمەریکا و فەرماندەکانیان دوای بڕینی سەدان ساڵ ڕێگا بۆ ئازادی بەپارتیان ئەوت «پارتی ئێمە و ئێوە بۆ ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی هاوئامانجین، ئێوارەیەک بوو، لە ئێوارەکانی دوای دیکتاتۆریەت سیاسییەکانی دۆستمان ئەیانوت پارتی، پارتی مێژووە و بارزانی ڕەگەی خەبات و تێکۆشانە و زۆر لقوپۆپی لێ بۆتەوە».

ئێوارەیەک بوو خەڵک و خەڵکانی لە دوور هاتوو ستایشی پارتیان کرد، ئێوارەیەک بوو، وەک ئەم ئێوارەیەی جەنابی سەرۆک ئاگری قەڵای بۆ نەورۆزی بەرەبەیانی ئازادی پێ ئەخست.

ئێوارەیەک بوو، تیایدا ژەنەراڵ (دێڤید پێترتویس) خۆی و هەڵۆکانی



ئەیگوت: هەڵۆ هێمایەکی هاوبەشی نێوانمانە شەرەفێکە بۆ ئێمە کە هەڵۆی سەرشانمان یارمەتی هەڵۆی ئێوە بدات.

پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەی پارتی ڕۆژانی نائومێدی کە ئومێدت پێ ئەدایین پارتی بارزانی باوکی ڕووحی نەتەوەییمان ئەو بارزانییەی زیاتر لە ئێمە دنیا تۆی خوێندۆتەوە.

بارزانی ئەی ئەزموونی سەرکەوتوو ئەی تەی کردووی کشوەرەکانی شەڕی سارد و هاوکێشە سەختەکانی بەسەر کۆسپەکانی دوێنێ وە لێرەی لێرەی ئازادی، لێرەی بەیەکگەیشتنی دنیای گەورە و عێراق و کوردستان دوای ٣٥ ساڵ و بگرە زیاتر لێکدابڕان.

پارتی ئەی قەڵای سەختی خەبات و تێکۆشان، ئەی ڕازی سەرکەوتنی مێژووی پڕ لە ستەممان ئەم ئێوارەیە هەموومان پێکەوە بووین دەستمان لەناو دەست بوو.

## ٢

لێرەدا ناچارم هەڵوەستە لەسەر بابەتێک بکەم، ئەویش بەجدی گوتنی زۆر بابەتە لە لایەن پارتیمانەوە، ئامادەبوونی پارتییە بۆ زۆر هاوکێشە، هەروەک جەنابی سەرۆک لە ڕۆژی ٢٠٠٣/٧/٢١ لە ڕێوڕەسمی کۆتایی هاتنی (١٣)هەمین خولی پەیمانگەی کادیران لە سەلاحەدین فەرموویان (ئەم هەڵویستەی وەرگیرا بوو بەسەبەبی سەرەکی کە تەداخولاتی ئیقلیمی نەبێ، من نازانم تا چ ئاستێک خەڵکی خۆمان لە کوردستان لەم مەسەلەیە گەیشتووە کە چەندە مەترسییەکی گەورە بوو، ئەگەر ئەم تەدەخولە کرابا و چ هەڵوێستێکیش وەرگیرا بۆ ئەوەی ئەو تەدەخولاتە نەبێ و چەند بەگرانیش حازربووین لەسەرمان تەواو بێ هەتا بەگیانیش).

با لێرەدا لەم کۆپلە پڕ لە واتا و مەغزایەی جەنابی سەرۆکەوە، لەم پێناسەیە بۆ ساتەوەختێکی گرنگی گۆڕانکاری لە مێژوودا بچینە سەر کۆپلەیەک لە وتەی ڕیچارد ناب: « زۆرجار پرسیارم دەربارەی ئایندە لێ

دەکرێ ئەمشەو بەئێوە و پارتی دیموکراتی کوردستان و میللەتی ڕادەگەیەنم کە دوو بەڵێن:

١- ئاینده ئاسان نابێت.

٢- ئێوە بە تەنیا نابن.

لێرە سەرنجی خوێنەری هێژا بۆ هەردووک پەرەگراف ڕادەکێشم چ قسەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی و چ هی ڕیچارد ناب و منیش قسە لە مەبەستی خۆم دەکەم.

کاتێک ڕژێمی دیکتاتۆری نەماوە، کاتێک هێزە هاوپەیمانەکان بەدروشمی دیموکراتیەوە لێرە ئامادەن، کاتێک لەسەر ئایندەی دیموکراسی عێراق گرەو هەیە و مەرجی دیموکراسی بوونی عێراق و مەرجی سەرکەوتنی ئەمەریکا لێک جیاواز نابنەوە، کاتێک کورد یەک دەیە زیاترە بەشێکی وڵاتی خۆی لەدەستدایە، کاتێک کەس لە نەتەوەکان جەسارەت ناکات شۆڤێنیەتی خۆی بهێنێتە سەر زمان و لێوەکانی، کاتێک کورد سەرکردایەتییەکی یەکگرتووی هەیە، کاتێک بزووتنەوەی ئازادیخوازیمان هەیە و کاتێک لە دنیادا شەڕی سارد بلۆک بەندی و هاوکێشەی چەسپاوی نییە ئەی بۆچی ئاینده ئاسان نابێت؟؟!!

گرفت لێرەدایە و دەمێکە پارتیمان دەرکی پێ کردووە و پێی ئاگادارە و لە ڕووی نەفسی و کردەنییەوە بۆی ئامادەیە، دەمێکە سەرۆکی خۆشەویستمان ڕاستییەکان باس دەکات و نایانشارێتەوە.

من گرفتی ئاسان نەبوونی ئاینده دەگێڕمەوە بۆ کاریگەربوونی سیاسەتی هەندێک دەوڵەتی ناوچەکە بەسەر سیاسەتی هاوپەیمانەکانەوە ئەو دەوڵەتانەی لە هێزی ناتۆ و ئەندامبوونیان لەو یەکێتییەدا کەڵک وەردەگرن.

مادام لە دنیا و لەناو عێراق کەسێک نەبێت جەسارەت بکات بەیەک وشە نکۆڵی لە مافی کورد بکات ئاخۆ چی کارەکەی گران کردووە؟ ئایە



ناتوانین ئاشتی ناوخۆیمان بپارێزین؟ ناتوانین ئیدارەی سەرکەوتوو دروست بکەین؟ دژی پەرلەمانەکەمانین؟ یاخود چی؟.

من داکۆکی دەکەم کە لە ناوخۆماندا کەموکوڕیمان هەیە بەڵام تا ئەم ئاستە نییە ئایندەی بەزەحمەت و پڕ لە ئیشکالیەت کرد بێ، پرسەکە پێویستی بەتەئویلاتی زۆر نییە و یەک تەفسیری هەیە، ئەویش تا ئەم کاتە، تا ئێستاش، سەرباری قاڵبوونەوەی مرۆڤ و خاکمان لە خەبات لە ڕێگای ئازادیدا (زۆر نەتەوە شۆڤێنیەتی نەتەوەیی خۆیان، ڕووحی داگیرکاریان، سیاسەتی دەرەوەیان، بازاڕی کار پێکەوەکردنیان، هێزی بازاڕ و ئابووریان لەسەر حسابی نەتەوەکەمان تەقێن دەکەن گرفتەکە لێرەدایە گرفت گرفتی هەڵکەوتنی جوگرافیامانە لێرە کە قەت دەستی لێ بەر نادەین گرفت گرفتی تۆپۆگرافیای میزاج و عەقڵ حەز و ئارەزووی نەتەوە زاڵەکانە کە ئامادەین لەگەڵیاندا ڕاکە ڕاکەی پیادا بکەین و نابەزین، گرفتی ئێمە لەگەڵ بوونماندا لە دایک بوو، هەر چەندە ئەوانەی ڕەقیبی ئێمەن لە دوای بوونی ئێمە هاتن و هیچی قەدەر نییە، هیچی بەقەدەر وەسف ناکەم هەمووی هاوکێشەکان سستی دوێنێ و کارتێکردنی فاکتەرەکانی دەوروبەرمان ئەمەی خوڵقاند.

من سەرباری ئەم حەقیقەتەی کە مێژوویەکی درێژە حەقیقەتبوونی خۆی ڕاگەیاندووە و سەد ساڵە دەیەوێت سەرمان لە لاشەمان جیا بکاتەوە چارەسەرێک دەبینم ئەویش ئەوەیە «لە بیرمان بێ ئێمە ئازادیخوازین دوژمنمان هەیە» ئێمە پێویستیمان بەیەکگرتن هەیە سادە دەبێ کە پێمان وا بێ بەنزمبوونی یەکێکی تر بلند دەبین چونکە ئەوە دوژمنە بەسەرسەرمانەوە.

سوپاس بۆ ڕاست گوتنت ڕیچارد ناب، سوپاسی بۆ بەرەوش خستنی ئەم ئێوارەیە، تۆ بەم قسەیەت لەناو سەیران و سەفا و بەزم و شادیدا، قسەی پارتیمان و سەرۆکی پارتیت هێندەی تر پشت ڕاست کردەوە کە بەر لە

شەڕی ئازادی عێراق پارتی بۆی ئامادەبوو ئێستاش بۆی ئامادەیە ئەویش هەڕەشە بوو هەڕەشە لەسەر پرۆسەی ئازادی عێراق لە پێناوی یەک شت ئەویش سڕینەوەی نەتەوەی کوردی هەمیشە ئازادیخواز.

لێرەش بەناحەزانی کورد و کوردستان دەڵێم کورد دەیەوێت بەبرایەتی لەگەڵ سەرجەم نەتەوەکان بژێت بەمافی خۆی کە ئەمڕۆ فیدرالیزمی بڕیار داوە شاد بێت، سیاسەتی سەرکوتکردن بەسەرچووە، ڕاستە لەسەری بەردەوام دەبن بەڵام تیایدا سەرناکەون چونکە زەمینەی نەماوە.

ئەوەتا نوێنەری گەورەترین هێز لە دنیادا سەرباری ئامادەیی خۆمان بۆ داکۆکی لە مافەکانمان بەبەرچاوی جەماوەر و پارت و سەرۆکمانەوە پێمان دەڵێت

ئاینده ئاسان نابێت

ئێوەش بەتەنیا نابن

٣

لێرەدا ئەرکی کورد لە ناوخۆی خۆیدا ئەرکی پارتە سیاسییەکان ئاشکراتر دەبێ و پێویستی بەگیانی پێکەوەبوونی زیاتر و تەبایی و یەک دەنگی زیاتر هەیە، دەکرێت پاشەڕۆژ پێمان بڵێن، ئێمە پێتانمان گوت ئاینده ئاسان نییە، ئێوەش کارتان بکردبایە، دوای ئەم هەموو مێژووە لە ئەشکەنجەمان ئیدی وەختی ئەوەیە خۆمان ئامۆژگاری خۆمان بکەین، لەبەرئەوەی لێرەوە، لەم سەردەمەی ئێستاوە ئیدی ناوچەکە و مێژوو دادەڕێژرێتەوە، چەندە مافەکانمان بەرجەستە دەبن، لە شوێنی باشدا جێ دەگرین گەلەکەمان دڵخۆش دەکەین دەکەوێتە سەرخوودی خۆمان، خۆ زەمینە لەوە بەهێزتر، بارودۆخی لەمە لەبارتر بەدی نایەت.

شکۆدار بێ ئێوارەی پارتی و بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیمان و ڕاستگۆیی و بەرزەفڕ بێ هەڵۆی پارتی و بارزانی.



# تیرۆری بێ سنوور لە دەوڵەتەوە بۆ گرووپ

تەقینەوەیەکی گەورە سەماحەتی محەمەد باقر الحکیم و دەیان کەسی تری لەبەین برد!!!

لەم دێرەوە دەتوانین زۆر شت باسوخواس بکەین، لەسەرروویان بابەتی تیرۆر و تیرۆرکردنی نەتەوە یەککگرتووەکان، تیرۆرکردنی سەرکردە سیاسییە ناودارە عێراقییەکان و تیرۆرکردنی ئاو و کارەبا و پرد و ڕێگاوبان و کارگە و دامەزراوەکان، تیرۆرکردنی نوێنەرایەتی دەوڵەتان وەک ئەوەی ئوردن، لێرەدا دەمەوێت بابەتێک باس بکەین و لەم پرسیارەوە دەست پێ بکەین ئاخۆ ئەم تیرۆرە بەم بێ سنووری و بێ ویژدانی و دڵ ڕەشییەوە لەدوای ئازادی عێراق سەری هەڵدا کە لە بنەمادا تیرۆرکردن و تیرۆرە دژی گەلانی عێراق و ئازادییەکەیان لە وەڵامدا ئەڵێم نەخێر!.

٣٥ ساڵە دەسەڵاتی دیکتاتۆری لەناوچوو، بەرهەمهێنانی تیرۆر و بەپیتکردنی ئەم زەمینەیەیە کە تیرۆری تیادا گەشە ئەکات.

ڕژێمی عێراق عێراقێکی گەشە پێدا کە کەس نازانێ شوناسی عێراقی بوون بۆ کورد و عەرەب لەکوێ لەنگەر ئەگرێت، کەسایەتیەکی بەرهەمهێنا کە هەموو خراپییەکی بە (پارە) لەسەر ئەچێندرێت.

گرفتەکە قووڵە قووڵتر لەوەی باسی ئەکەن، ترسناکە ترسناکتر لەلایەنی تەکنیکی بابەتەکە لەبەرئەوەی گرفت ساتەوەختی تەقینەوە نییە گرفت بوونی زەمینەیە بۆ تەقینەوە.

مەخابن دامودەزگا ڕاگەیاندنە عەرەبییەکان و زۆر دەنگ کاتێک ڕەخنەی پرۆسەی ئازادی ئەکەن.

دوارۆژی خەڵکی عێراق و ناوچەکە ئەگۆڕنەوە بەئاسایشێک کە لە عێراقدا لە ئەساسدا تیرۆر و ترساندن و ژینۆساید بەرهەمی هێنا بوو، عێراق کە زۆر جار ئەگوترا کەس تیایدا توانای قسەکردنی نییە و دەوڵەت

دەسەڵاتی ڕەهای هەیە بەرهەمی تیرۆر بوو.

ئەمڕۆ زۆر کەس لە باسی چارەسەردا دەگەڕێنەوە سەر (شێوازە سەدام)یەکە بۆ چارەسەر.

پرۆسەی ئازادی عێراق زۆر ئاستەنگی لەپێشە لەسەرروویان لەناوبردنی ئەم شێوازەی کە لە عێراقدا لە ڕێگای تۆقاندن و گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە ئارامی دروست کرد بوو ئەگەر ماوەیەکیش نائارام بین و قوربانی بۆ بدەین کەچی ئەبێ شێوازێکی تازە بدۆزنەوە بۆ بەرهەمهێنانی ئاسایش لە عێراقدا کە دووره لە شێوازە میلیتاریەکە.

ئەبێ نەفەسمان درێژ بێ بۆ گۆڕینی هزر و فەلسەفەی بەعسیزم کە لەناو ناخی کەسایەتی عێراقدا چەندین جیل ڕەگەکانی داچۆڕاوەتە ناو ناخی پێگەیشتنی نەفسییەوە.

ئەمڕۆ پرۆسەی دیموکراتیزەکردن کاری سەرەکی و دەرگای چارەسەرییە بۆ ئەوەی ئیدی دیموکراسی و ژیانێکی باش و ئارام کەسایەتییەکان بەشێوەیەک دروست بکاتەوە کە ئەم کەسایەتییە مەیدانێک نەبێت بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆرکاری، لەدەستدانی سەماحەتی ئایەتوڵڵا محەمەد  باقر الحکیم خەسارەیەک بوو لەم قۆناغەدا بۆ هەموو گەلانی عێراق ئەو توانای ڕازیکردنی ژمارەیەکی زۆری شیعەکانی هەبوو خۆشی ڕەئی بەرامبەر هاوپەیمانەکان لە عێراق باش بوو لە ژیانی خۆشیا بەرهەڵستکارێکی دیاری دژ بەدیکتاتۆریەتی گۆڕبەگۆڕ بوو.

تیرۆرێک کە حورمەتی شوێنە پیرۆزەکان پێشێل ئەکات، تیرۆرێک، کە ئەیەوێت سەرچاوەی ژیان لە خەڵک بستێنێ، واتا تیرۆرێک کە لە (دین و دنیا) دابڕاوە کار بۆ دنیایەکی بۆگەن ئەکات، کار بۆ دنیایەک دەکات کە لۆجیکی

-بەعسیزم

-توندڕەوی نەتەوەیی گۆشەگیر و دەمارگیر



- توندڕەوی سەلەفی دابڕاو لە حەقیقەتی دین خوازیاریەتی.

کارە تیرۆرستییەکانی بەغدا و نەجەف، لە نەجەفیش مەرقەدی ئیمام علی (د.خ) کار و کردەوە و پرۆسەیەکن کە سەرچاوەکەیان لەو ڕێبازانە ئەگرن کە ئەگەر لەسەر دەسەڵاتیش بن کاری لەمە باشتریان لێ ناوەشێتەوە، ئەمانە کردەوەیەکن لە کۆنەپەرسترین ئیدۆلۆژیاوە جا هەر جۆرێکی بێ سەرچاوە ئەگرن.

ئەمڕۆ هەموو دنیا، دنیایەک کە دوێنێ بەسەر کەشتییە بازرگانیەکانەوە دەستی لەناو دەستی خوێناوی سەدام حوسێن بوو تێ ئەکۆشا چاو لە هەڵەبجە بنوقێنێ، و دنیایەک کە دژی سەدام بوو باشتر تێ ئەگەن عێراق چ قەڵایەکی تیرۆریزم بووە، کەچی دوێنێ کارە تیرۆرییەکە لەسەر کورد و عەرەب و کەمایەتییەکان بەرێوە ئەچوو، لەسەر ئاوەدانی و شار و گوندەکان بەڕێوە ئەچوو، لەسەر پەروەردە و هزر و بیری منداڵان بەڕێوە ئەچوو.

تیرۆرێک بوو زۆر بەفراوانی و دەستکراوەیی خۆی نمایش دەکرد، بەچاوێکی گاڕانی سەیری مرۆڤایەتی ئەکرد.

ئەمڕۆ ئەم تیرۆرە قەڵای دەوڵەت، جەیش، ئابووری، ڕاگەیاندنی لە دەست داوە، تێ ئەکۆشیت ئامانجی گەورە بخاتە بەر ستێرە تاکو ئەم تیرۆرە قەبارە گەورەیەی لە دوێنێدا ئەنجامی ئەدا و ئەمڕۆ فرسەتی نییە کەچی هەر بەگەورەیی ئەنجام بدات.

دەکرێت لەدەستدانی سەماحەتی محەمەد  باقر الحکیم زیاتر گەلانی عێراق هان بدات زیاتر یەکتر بگرن هاوکاری پرۆسەی ئاوەدانی و ئاوەدانکردنەوەی کەسایەتی و بەرقەراربوونی دیموکراسی بکەن.

دەکرێت هەموو لایەنە سیاسییەکان، نەتەوەییەکان، جا هەر نەتەوەیەک بن دینیەکان جا هەر شێوەیەک و لەهەر مەزهەب و دینێ بن، ڕاست و چەپەکان لەسەر دروستکردنەوەی عێراق یەک دەنگ و هاوڕا بن.

لەبەر ئەوەی زەمینەی ژیان و کارکردنمان ئەم زەمینەیەیە کە بەعس بەجێی

هێلاوە. زەمینەیەکە دەسەڵاتەکانی ڕۆژهەڵات ئەتوانن لە ئاسانترین ڕێگاوە سوودی لێ وەربگرن بۆ پەکخستنی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی عێراق لەمڕۆدا کە بۆ سبەینێ دەبێتە پرۆسەی گۆڕین و دیموکراتیزەکردنی ناوچەکی گشتی.

لەلایەکی ترەوە لە جێگای خۆیەتی هاوپەیمانیەتی دەولی لە عێراق و بەسەرکردایەتی ئەمەریکا.

ڕێوشوێنی جدی تر بگرێتە بەر بۆ زیاتر بەهێزکردنی ئامرازەکانی دەست ئەم پرۆسەی ئازادی عێراق کە لە ئەساسدا پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی کەسایەتی و دروستکردنەوەیەتی ئەکرێت هاوپەیمانەکان لە چاوەڕێی دابینبوونی ئاسایش لە هەندێک ناوچەدا یان لەژێر کارتێکردنی تیرۆرکاریدا.

کارە ڕەسمیەکانی لە شێوەی دروستکردنی دەوڵەت، نووسینی دەستوور و زوو بەزوو چەسپاندنی فیدرالیزم سست نەکەن.

من پێم وایە ئەمەریکا دەیتوانی هەرێمی کوردستان وەک سەرکەوتووترین شوێنی دیموکراتی لە ناوچەکەدا تا ئەوپەڕی بەهێز بکات و ئەمڕۆ بۆ دیموکراتیزەکردنی عێراق لە زۆر ڕوو کەڵکی لێ وەرگیرابا.

تا ئێستاش جگە لە ڕاگەیاندن و بابەتە سەرچیخیەکانی هاوپەیمانەکان بەکردەوە ئەنجوومەنی حوکمی لێ دەرچێت دەربارەی فیدرالیزم هەنگاوێکیان نەناوە.

٣٥ ساڵە ئەم ناوچەیەی کە بەسێ گۆشەی سوونی نشینی عەرەبی ناسراوە کار لەسەر تیرۆرکردنی گەلانی عێراق ئەکەن خۆ ئەکرێت ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان و شوێنی تری عێراق بەهێز بکرێت و هەرێمە بەهێزەکان و ئەمەریکا بەیەکەوە کار لەسەر ناوەڕاست بکەن.

تێڕوانینێکی غەڵەت دەبێ خوانەخواستە ئەگەر بەزاریش نەبێ بەڵام وا دیار بێ هەموو عێراق بەیەک چاو لە ڕووی کاری دیموکراسی تەماشا



بکرێت عێراق پێویستی بەدروستکردنی خێرا و دەستبەجێی میکانیزمەکانی دەوڵەت و پرۆسەیەکی هێدی و لەسەرە خۆی پەروەردە هەیە تاکو هەردووک بەیەکەوە ئەم کێڵگەیە بگۆڕن کەوا بەبەهێزی تیرۆر بەرهەم دەهێنێ تاکو لە جێگای ئەم دزێویە دیموکراسی و مرۆڤایەتی بەرهەم بهێنێ و گەشە پێ بدات.

٢٠٠٣/٩/١

# کوردستان وەک کوردستان

دوای پرۆسەی ئازادی عێراق هەموو عێراق بەو هەرێمەی ئێمەشەوە کە ١٢ ساڵ زیاترە بەرەو ئازادی ڕێ دەبڕین وا دەخوێندرایەوە کەوا ئیدی لە نیسانی ٢٠٠٣ لەژێر دەستی دیکتاتۆریەت ڕزگار بووە.

کەمیش نەبوون ئەوانەی نائومێد بووبوون و دەیانگوت وا هاوپەیمانەکان هەموومان بەیەک چاو تەماشا دەکەن.

زۆربوون ئەوانەی دەیانگوت ئیدی بوون و نەبوونی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە بەر ڕەحمەتی لوتفی هاوپەیمانان.

لێرەدا منیش دەڵێم لوتفی سیاسی و ستراتیژی و پرۆگرامکراوی ئەمەریکی گرنگە، بەڵام هەر ئەم قسەیە دووبارە دەکەمەوە کە بەر لە دوو ساڵ وتوومە (دەکرێت کوردستان وا لێ بکەین ئیدی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەتوانی بەئاسانی بیکاتە قوربانی).

ئەمڕۆش وامان کرد کوردستان بوو بەشوێنی:

* دیموکراسی و پێکەوە ژیانی برایانەی نێوان نەتەوە و مەزهەبەکان و لایەنە سیاسییەکان.

* ئاوەدانکردنەوە و ئازادبوونی بازاڕ.

* شوێنی ئازادی نووسین و خوێندنەوە (ڕۆژنامەگەری).

* کەواتە کوردستان خۆی سەلماند و بوو بەسەروەتێکی گەورەی گەنجینەیەکی لەبن نەهاتووی پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردن.

ئەمڕۆ هەموو لایەکمان دەبینین هەر لە کاربەدەستانی ستافی هاوپەیمانەکان لە ئیدارەی کاتی لە بەغداوە بگرە هەتاکو هاتنی سیاسەتکار و نوێنەری دەوڵەتانی دیکە بۆ کوردستان سەڵمێنەری ئەو ڕاستییەن کە لە عێراق کوردستان هەر کوردستانە.

لە ڕۆژی ٢٩ ئاب ٢٠٠٣ وەفدێکی ئیسپانی کە هی وەزارەتی دەرەوە و



نووسینگەی هاوکاری و مرۆڤایەتی لەگەڵ سەفیریان لە بەغدا و چەندین پسپۆڕ هاتنە کوردستان لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی کوردستان دیدار و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر بابەتی گرنگ کرد.

ئەم دامەزراوە کار بۆ پێشخستنی مرۆڤایەتی دەکات و ئامانجی سەرەکیشی زاڵبوونە لەسەر نەداری و خاوەنی سێ پرەنسیپی سەرەکین.

١- دیموکراسی.

٢- دیفاع و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ.

٣- لەو شوێنەی کاری هاوکاری لەگەڵدا دەکەن حکومەتێکی باش بۆ چاککردنەی ژیانی مرۆڤ دروست بێت.

ئەم شاندە هاتنە هەرێمی کوردستان و قسە لەپێشخستن و دیموکراتیزەکردنی زیاتری هەرێمی کوردستان و خۆشگوزەرانی و ئاوەدانکردنەوەی دەکەن.

ئەوان لەلایەن ئەو کەسانەوە کە هاتوونە کوردستان، ئاگاداری ئەم گەشەکردنەن کە لێرە هەیە هەروەکو خۆیان باسیان دەکرد هاتنەکەیان دوای هاتنی وەزیری دەرەوەیان بوو بۆ عێراق.

ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی عێراق دوای دیکتاتۆریەت وەک ناوەندێک تەماشا دەکرێت کە پێویستە بەم شێوەیەش کاری پێ بکرێت.

پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەم ڕاستییە بزانێ کە ئەم تیرۆرەی ئەمڕۆ لە عێراقدا خۆی پراکتیزە دەکات هەمان تیرۆر ڕووبەڕووی کوردستانیش بۆتەوە و دوانزە ساڵە دەیانەوێت کوردستان لە ڕووی ئابووری بخەن.

دوانزە ساڵە شەڕی نەفسی لەگەڵ کوردستان و سەرکردایەتییە نەتەوەییەکەی دەکەن.

دوانزە ساڵە تێدەکۆشن کوردستان یەک دەنگ نەبێ و دارودەستەی

خۆیانی تیادا دروست بکەن.

کەچی ئیرادەی ئازادیخوازانەی کورد و وریایی سەرکردایەتییەکەی وای کرد ئیدی تیرۆر لە کوردستان جێگای نەبێتەوە، بەڵام ئێمەش و کۆمەڵگای دەولی و ئەم شاندەی وەزارەتی دەرەوەی ئیسپانیاش باش دەزانن کە کوردستان هێشتا لە ئاسەوارەکانی دیکتاتۆریەتی عێراق ڕزگاری نەبووە و پێویستی بەهاوکاری و مرۆڤایەتی هەیە.

هەر بۆیە ئامانجەکانی ئەم هاتنەیان لەم سۆنگەی سەرەوە باش فۆرمۆلە کردووە:

١- پەروەردە و ڕۆشنبیری.

٢- پێشخستنی دامەزراوە گشتییەکان.

٣- پێشخستنی گوندەکان و هاوکاریکردنیان.

٤- پێگەیاندنی کادیر لە ڕووی خوێندن (زانکۆ)، تەندروستی (دکتۆر)، ئاوەدانکردنەوە (ئەندازیاری).

ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە شان بەشانی پرۆسەی ئازادی و ئاوەدانکردنەوە و دیموکراتیزەکردنی عێراق و ڕۆڵی ئێمە تیایدا:

١- پێویستە وەک (هەرێمی کوردستان) لە هەموو ڕوویەکەوە کار بکەین وەک چۆن کردوومانە، لەگەڵ فەرامۆش نەکردنی پێگەمان لە دەسەڵاتی ناوەندی ئەوا هێزی خۆمان و گرانایی تواناکانمان بخەینە سەر هەرێمی خۆمان.

٢- بتوانین لەم سۆز و بایەخانەی کۆمەڵگای دەولی کەڵک وەربگرین بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان و بیناکردنی لە ڕووی قانونی و بەدەستوورکردنی ئازادی و بەڕێوەبردنەکەی وەک حکومەتێکی فیدراڵی.

٣- لەم قۆناغە هەستیارەدا حکومەتی کوردستان تەرکیز بکاتە سەر داڕشتنەوەی جارێکی تری پلانەکانی خۆی بۆ پاراستن و پێشخستنی



ئاسایش لە هەرێمی کوردستاندا.

٤- بەگرنگ گرتنی هەڕەشەکانی ئەم قۆناغەی تیرۆریزمی پاشەکشە پێ کراو لە دەوڵەتەوە بۆ گروپ کە چاویان نەک هەر بەم ئازادی و ئاسایشەی هەرێم هەڵنایەت، بەڵکو ئامانجیان دیارە، ئەویش مومارەسەکردنی وەحشیانەترین شێوەی تیرۆرکارییە تەنیا لە پێناوی یەک ئامانجدا؛ ئەویش مایە پووچکردنی ئازادی عێراقە.

دەکرێت ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا لە کرانەوەی کوردستان بەڕووی هەر کەسدا بچینەوە تاکو کوردستان بەدەستی ڕەشی تیرۆریزمی بێ سنووریش نەبێت.

ئێمە لە کوردستاندا ئازادییەکەمان بەخوێنی شەهیدەکانمان و بەخەبات و تێکۆشانی پڕ لە قوربانی بزاڤی ڕزگاریخوازیمان بەدەستهێناوە و، سوودمان لە فاکتەری دەرەکی و بارودۆخە پێگەیشتووە بابەتییەکان وەرگرتووە، بەپرۆسەی ئازادی عێراق زەمانەتی زیاتری چەسپاندنی ئەم ئازادییەمان بەدەستهێناوە.

کەچی هێشتا لە مەجالی ئەمڕۆی سیاسەتدا کە دنیایەکی کراوەیە و ئێمە هێشتا زۆرمان سوود لێ وەرنەگرتووە، دەتوانین زۆر زۆرتر لە ئێستا وەک هەرێمی کوردستان سوودی لێ وەربگرین.

ئێمە لە هەرێمی کوردستان دەتوانین سەرباری چاوی پڕ لە ئومێدمان بۆ ئایندەی عێراق کەچی کار بۆ سیادەی کوردستان بکەین. کاروبارە سیاسی و دیبلۆماتییەکانمان لە جاران زیاتر گەشە پێ بدەین لە هێزی زۆری دەوڵەتانی دنیا کەڵک وەربگرین.

هاتنی ئەم شاندەش سەرباری دەسکەوتەکانی کە لە خودی هاتنەکە بۆ هەرێمی کوردستان بەدی دێت، ئەوا ئەم واتایەی هەیە کە ئێمە لێرە ناوەندێکی هەرێمین بۆ کارکردنمان لە ناوەوەی هەرێم و هەرێم لەگەڵ هەموو دنیای پێشکەوتنخوازدا.

# ناوەرۆک


*لە جیاتی پێشەکی **5**

*بارزانیی نەمر... لە پرۆسەی سیستەمی
جیاوازیی کۆمەڵایەتی و کولتوور و دادپەروەریدا دەدرەوشێتەوە **22**

*یادی ١٠٠ ساڵەی بارزانیی نەمر و وانەکانی **36**

*لە بیرەوەریی کاک ئیدریس بارزانیی هەمیشە زیندوودا
ئەو سەرکردەیەی چۆکی بەمردن دادا و ژیانی خولقاند **47**

*کورد و سەقامگیریی سیاسی لە عێراقدا **66**

*دیالۆگی کوردی عەرەبیی دوێنێ
فیدرالیزمی ئەمڕۆ... **72**

*بەعس و شەڕی کەسایەتی و کۆنترۆڵی کۆمەڵگە **77**

*زەمەنی ئێمە و زەمەنی ئەوان
مانا لە دوو شوێندا **82**

*ڕۆلی سەردەمیانەی پارتی سیاسی لە کوردستاندا **86**

*سوپاس بۆ ڕاست گوتن
شکۆدار بوو پارتی و بارزانی **97**

*تیرۆری بێ سنوور لە دەوڵەتەوە بۆ گروپ **102**

*کوردستان وەک کوردستان **107**